گۆڤارێکی بواری پەروەردەو گەشەپێدانی مرۆیی گشتییە



3
10
13
15
19
23
35
46

17

ئازاری ٢٠١٤

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر
یاسین ئەحمەد زەنگەنە
٠٧٥٠٤٣٣٨٥٨٧ - ٠٧٧٠١٤٨٨٩٦٢
yaseenzangana@yahoo.com

ڕاوێژکاران
شەماڵ موفتی
د.کەریم ئەحمەد    د. ئەحمەد وەرتی

دەستەی نوسەران
نەوزاد سەلام خۆشناو
عەلی ئیبراهیم حەسەن
ئەمیر ئەحمەد کۆیی
ڕابەر ئەحمەد وەرتی
ابراهیم برهان
ئیمان ناصح

تایپ
هاوڕێ یاسین

دیزاین گۆڤاری بڕیار

ناردنی ڕیکلامو بابەت و پەیوەندییەکان لەرێگای سەرنووسەرەوە دەبێت.
نرخی 2500 دینارە

# بەڕێوەبردنی ژیانی خێزانی

سەرنووسەر

ژیانی خێزانی وەك هەر بوارێكی تری ژیان پێویستی بە بەڕێوەبردنێكی كارامەو ژیرانە هەیە لە سەر بنەمای پلان و ڕێكخستن و چاودێری و ئاراستەكردن و جێبەجێكردنی ئەم بنەمایانە بە شێوازێكی دروست و بابەتیانە، بەمەبەستی خۆپاراستن و دووركەوتنەوە لەهەر كێشەو جیاوازی و ململانێیەك كە دەبێتە مایەی روخانی قەوارەی خێزان.

پێویستە ژیانی خێزانی ڕێكخراو بێت، وەك هەر ڕێكخراوێكی تری سەركەوتوو تا كەشتی ژیان بگاتە كەناری ئارامی و سەركەوتن لە ژیانی دونیاو دوارۆژدا.

ڕێكخستنی ژیانی خێزانی تەنها بە نوسین و قەڵەم و كاغەز نایەتەدی، چونكە ژیانی خێزانی بیرۆكراسیەتی ئاڵۆز و رۆتینی پرۆكێنەری تێدا نیە، بەڵكو ژیانێكی سادەو سروشتی و نەرمەو لە میانەیەوە ئامانجەكان دیاری دەكرێت، رۆڵ و ئەركی هەر تاكێكی خێزان دەستنیشان دەكرێت تا رەوڕەوەی ژیان بە شێوەیەكی ئاسایی و سروشتی و گونجاو بڕوات بەڕێوە.

بۆ ئەوەی پەیوەندی خێزانی سەركەوتوو بێت پێویستە لەسەر هاوسەران ئامانجەكانیان بە وردی بەیەك ئاراستەدا دیاری بكەن تا دژیەكی لە ئامانج و جیاوازی لەراوبۆچون و رۆشتن بە دوو رەوتی پێچەوانەدا روو نەدات.

بەڕێوەبردن لە ژیانی خێزانیدا وا دەخوازێت دووربێت لە ئاڵۆزی و تەمومژ بەڵكو وێنەیەكی رون و ئاشكرابێت و هەریەكەیان كتێبێكی كراوە بێت بۆ ئەوەی تر .

هەر لەم روانگەوە پێویستە هاوسەران بە گیانێكی وەرزشیەوە مامەڵە لەگەڵ كێشەكاندا بكەن و لەگرفت و قەیرانەكان هەڵنەیەن و خۆیان نەدزنەوە چونكە دەبێتە مایەی ئاڵۆزبوون و قوڵبونەوەی كێشەكان و دەرەنجام توشی شكستیان دەكات.

بەڵام گەر هاوسەران تەندروستانە مامەڵەیان كرد ئەوا دەتوانن كێشەكان دیاری بكەن و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزنەوەو روبەڕوی هەر كێشەیەكی تر ببنەوە، بێ ئەوەی هیچ كەلێنێك لە پەیوەندی نێوانیاندا روبدات بە ئەندازەیەك رادێن لەسەر روبەڕوبونەوەی قەیران و كێشەی خێزانی.

هەروەها دەكرێت هەر لەسەرتاوە بە گفتوگۆ چارەسەری كێشەكان بكرێت بەڵام فەرامۆشكردنیان وادەكات چارەسەر كارێكی گران و ئەستەم بێت.

پێویستە گفتوگۆی خێزانی بەهێمنی و لەسەرخۆیی بەڕێوەبچێت و خاڵی بن لەوشەی زبرو بریندارکەرو روشانی كەسایەتی بەرامبەر چونكە بریندارکردن بەرامبەر ئاسانە بەڵام چارەسەرەكەی ئاڵۆز و گرانە.

جیاوازی و كێشەكان پێویستیان بە بەڕێوەبردنێكی چاك و هوشیارانە هەیە تا بە باشی چارەسەر بكرێن، گرنگە بە وردی كێشەكان و جیاوازیەكان دیاری بكرێن هۆكارو پاڵنەری راستەقینەیان بزانرێت تا كێشەكان لە ئایندەدا دوبارە نەبنەوە .

لە كۆتادا دەڵێین: پێویستە ژن و مێرد هەر لەسەرتاوە لەو راستیە بگەن كە ژیانی خێزانی بریتیە لە دەزگایەك پێویستە هەردوو لایان رۆڵ و ئەركی خۆیان ببینن لەدەزگاكەدا و نەرمكێشی بكەن بۆ یەكدی و ئامادە بن پێكەوە بگونجێن، ئەو هەنگاوو كارانە ئەنجام بدەن كە ژیانی هاوبەشیان خۆش و ئاسان دەكات.

ئەمەو ژیانی خێزانی وەك هەر پرۆژەیەك پێویستی بە هاوكاری و هەماهەنگی و كاری هاوبەشە، لێبڕان و قوربانیدانی دەوێت تا بەختەوەری و سەركەوتن تۆمار بكات.



نوسینی: شەماڵ موفتی

# گرنگی کواڵیتی ژیان

کواڵیتی ژیان پێوەرێکە بۆ خۆشگوزەرانی وەك پێوەری (جی دی پی ) بەکاردێت بۆ پێواندنی بەردەوامبونی وڵات و کۆمەڵ.

خۆشگوزەرانی : وەسفێکە بۆ دۆخی تەندروستی و کامەرانی و رەفاهییەت ، چەمکێکی نادیارە و چەند رەهەندێکی مرۆیی گرتۆتە خۆ و ئەو فاکتەرە «زاتی و مەوزوعی» یەکانی تەندروستی و کواڵیتی ژیان یەك ئەخا

واتە پێوەری خۆشگوزەرانی دو جۆرن : مەوزوعی و زاتی ن

مەوزوعی وەك : هەڵسەنگاندنی کۆمەڵایەتی « ماف و پێداویستییە سەرەکییەکان»

## زاتی وەك: رازیبوون.

رۆبرت کیومنز پرۆفیسۆرێکی کارامەیە لە بوارەکانی کواڵیتی ژیان و نزیکەی ٢٠٠ کتێبی نوسیوە و ئەژمار دەکرێت بە پسپۆرێکی جیهانی لەو بوارەدا.

رێکخراوی تەندروستی جیهانی لە ١٩٩٧ەوە چەمکی تەندروستی خستە ناو کواڵیتی ژیانەوە لەبەر ئەوەی کواڵیتی ژیان لە ژێر کاریگەری:

«تەندروستی» و «دۆخی دەرونی» و «ئاستی پشتبەستن» و «متمانەیی» و «پەیوەندی کۆمەڵایەتی» و «بروا شەخسییەکان»

## بنەماکانی کواڵیتی ژیان

(مۆدێلی هەشت چەمکەکە)

تێکدەرانی کواڵیتی ژیان

(پێنج درندەکە)

* هەژاری
* نەخۆشی
* نەفامی
* بێکاری
* نەهامەتی ( بێ جێگا ، بێ لانە، بێ کەس، ژینگە و شوێنگەی گەندەڵ و پیس)

تایبەتمەندییەکانی کواڵیتی ژیان

* بوونی دادپەروەری و یەکسانی
* بوونی متمانە بەیەکتر و بەرجەستەکردنی بەها جوانەکان
* بوونی هەمو مەرجەکانی بەهاوڵاتیبوون
* پارێزگاری تایبەتمەندی تاك
* دوربوون لە زیان
* دوربون لە ئازار
* بوونی پێداویستییە سەرەکییەکان
* بڕیاردان بە ئازادی «خودبڕیاردان»
* ژیانبردنەسەر لە نێو کیانێکی سیاسی و کۆمەڵگایەکی چالاك

(من لم يهزّه الربيع و أزهاره , و العود و أوتاره , فاسد المزاج ليس له علاج ) الامام الغزالي.

کەسێك بۆن نەکا ، چۆن وەسفی بۆنی بۆ ئەکەیت؟

کەسێك نابینا بێت چۆن وەسفی دیمەنەکانی بۆ ئەکەیت؟

کەسێك غوددەکانی زمانی پەککەوتبن هەست بە تام و چێژی خواردن ناکات

کۆمەڵگاش وەك تاك زۆر جار ئامێری هەستکردنی بە جوانییەکانی دەوروبەر لەدەست ئەدا و بێزەوق دەبێ، بایەخ نادات بە هێمنی دەنگ ، ژاوەژاو نارەحەتی ناکات و رەنگاورەنگی روناکی و خاپوربونی ژینگە و دەوروبەر و دوکەڵ هەڵمژین ئاساییە لای..!!

جۆر یاخود کواڵیتی ژیان پەیوەستە بە خودی تاك و چونییەتی بیرکردنەوە و هەستکردنیەتی

چۆن ئامێری ( بیستن، بینین، بۆنکردن، تامکردن، هەستکردن..) جۆر و دیققەتی پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەردا دیاری ئەکا، ئاوهاش دید و بیر و وێنای کەسەکە پەیوەندی ئەکا لەگەڵ جیهانەکانی دەوروبەریدا ( جیهانی مرۆڤەکان، جیهانی بیر و فیکر، جیهانی مادده ، جیهانی سروشت ) ، چێژ و خۆشی ئەوە پەیوەندییانە ئاستی ناخی کەسەکە دیاری ئەکا.

واتە کولتور دەورێکی باڵای هەیە لەسەر کواڵیتی ژیانی تاك و کۆمەڵ.



**بەشی سێیەم**

# چۆن خێزانەكەت بە سەركەوتوویی بەڕێوە دەبەیت؟

نووسینی: موحەممەد نەبیل كازم
وەرگێڕانی: د. ئەحمەد وەرتی

٣- بیرو بۆچوونەكان و عەقڵییەت:
ناسینی عەقڵیەتی مێردو بیروبۆچوونەكانی دەربارەی ژیان، بەردی بناغەی سەركەوتنی پەیوەندی هاوسەرێتی یان شكستهێنانی پێك دێنێت؛ هەر بۆیە هەندێ لە زانا فەقیهەكانمان شایستەیی و لێهاتوویی كۆمەڵایەتی یان بەمەرج داناوە لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا، چونكە ژینگەیەكی فەرهەنگی و فیكری وا لەخۆ دەگرێت كە یارمەتیدەر دەبێت لەسەر جوان لەیەكتر گەیشتن، ئەمەش بەكورتی دین و رەوشتی مرۆڤەكە دەردەخات، كە ئەم دوانەش خودانی چەندین بەهای دیاری كراوی گشتگیرن كە دەبنە سەرچاوەی چارەسەركردنی هەموو گرفت و كێشەكان، پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: «إ□ژا جاوكم من ترجون دینه وخلقه فانكحوه». واتە: هەركات كەسێك هاتە لاتان بۆ داخوازی و لەدین و رەوشتی رازی بوون، ئەوا لێی مارە ببڕن.

بەهۆی جیاوازی ئەم سەردەمەی ئێمە لەوانەی پێش خۆی، ئاشنابوون بەم لایەنە بۆتە یەك لە پێویستییەكان لەمیانی ئاشنابوون و ناسینی ژینگەی خێزان و بنەماڵەكە و، رەفتارو هەڵسوكەوتی تاكەكانی و رۆشنبیری و تێگەیشتنیان، لە رێگەی پرسیارو سەردانیكردن و یەكتربینینی شەرعی یەوە، گفتوگۆو قسەكردنیش دەربارەی هەندێ بابەتی دیاریكراوی سەرەكی زۆر پەیوەندیدار بەبابەتی هاوبەشی و شەراكەتی هاوسەرێتی، كلیلی زۆرێك لە بەهاو ئاكارو ئاراستەی گشتی دەبێت بۆ تێگەیشتن لە دیدو ئاراستەی لایەنی ترو بۆچوون و پرسەكانی تری پەیوەندیدار پێیەوە.

بەڵام سەبارەت بە دوای هاوسەرگیریی، ئەوا پێویستە ئەو لەیەكتێگەیشتنە بەردەوامی هەبێت و، كلیلە داخراوەكان بكرێنەوە بە گوێرەی رادەی تێگەیشتن و رۆشنبیری هەردوو هاوسەرەكە (ژن و مێرد) و، خۆڕاهێنانیان لەسەری لە میانەی رۆشنبیری خێزانی و هاوسەرێتی و سێكسی، هی پێشوو و دواتری لە ژیانیاندا؛ چونكە بێئاگابوون و خۆبێئاگاكردن لەم تێگەیشتنە هەردوو ژن و مێرەدەكە دەخاتە نێو چەندین كێشەو گیروگرفتی بێ شومار كە لەسەر كەمترین شت سەرهەڵدەدەن، ئەمەش وا دەكات هەرزوو هێڵەكانی لەیەك رەنجان لە نێوانیان بجووڵێن

و، هەر لەسەرەتاوە سۆزو هەست و خۆشەویستی نێوانیان بە تاڵ ببێتەوە، بەهۆی ئەوەی کە هەرلایەی ئاگاداری بیروبۆچون و عەقڵیەت و شێوازی بیرکردنەوەی ئەوی تر نەبووەو نەزان بووە پێی.

غیرەت و ئازایەتی وادەزانرێت کە بریتییە لە زاڵ بوون و خۆهەڵقورتاندن لەکاری ئەوی تر، لە سووربوون و پرسیارکردنیش وادەفامرێتەوە کە ئەمە سیخوڕی و بەدواداچوونە، بێدەنگیش بەنهێنی و، زۆر پەیوەست بوون بەدایك و باوك و خزم و كەس و كار بە هەڵاتن و دڵەڕاوکێ و، هاوڕێی زۆر و دەرچوون بەکەمی ئارەزوو و خۆشەویستی، لێکدەدرێتەوە، هەروەها وێنەی ئەمانەش لەو هەڵسوکەوتانەی پێویستیان بە لێکدانەوەیەکی دروست هەیە پەیوەست بە تێگەیشتنی عەقڵیەتی مێردو شێوازە تایبەتییەکەی کە مۆرکێکی قبوڵکراوی پاساو دار بەم جۆرە کارانە دەبەخشێت، ئەوانەی کە ڕەنگە لە نێوان ژینگەی هەریەکێك لە ژن و مێرددا جیاوازیان هەبێت.

ئەم ناسین و ئاشنابوونە یارمەتی یەکێك لە دوولایەنەکە دەدات بۆ هەڵسان بەدەستپێشخەری بەشداری هاو وێنە، بۆ دەستخستنی ڕەزامەندی و خۆشەویستی لایەنەکەی تر، وێڕای تێگەیشتن لە پاساوەکان و دیدو بۆچوونی لایەنی یەکەم، بۆ بەرێ کردن و ئاراستەکردنی کەشتی بەختەوەری و ژیانی خێزانی بەرەو کەناری ئەمان و ئاسوودەیی.

نەخشەو پلانی خێزانیش وەك هۆکارێکی یارمەتیدەر دەبێت بۆ سەرکەوتنی خێزان، هەر بۆیە وەڵاممان بۆ پرسیاری: بۆچی پلان دادەنێین؟ بەم شێوەیە دەبێت:

١- بۆ بەدیهێنانی ڕەزامەندی دەروونی و سەقامگیری خێزانی.

٢- بۆ هەڵسان بە جێبەجێکردنی بەڵێنەکان و بەدیهێنانی سەرکەوتنەکان.

٣- بۆ دەستەبەرکردنی ئایندەمان و ئایندەی ڕۆڵەکانمان.

٤- هەرەمەکی: پێشبینیمان بۆ گرفت و کێشەکان.

ئەقڵییەتی پلان دانان یارمەتیمان ئەدات لەسەر بەدیهێنانی ئەوەی باسمان کرد، وەك نموونەیەك لەسەر ئەقڵییەت: «یەکێك لەگەڵ خۆی دەدوێت و دەڵێت: خێزانەکەم خۆشترین و گرنگترین شتە لە ژیانمدا، پاشان دەچێتەوە ماڵەوەو بەدەنگێکی بەرز هاوار دەکات: ئەوا گەیشتم، ئەنجا ئەوەی ماچی دەکات ماچی دەکات و ئەوەی لە باوەشی دەگرێت لەباوەشی دەگرێت و، لەسەر زەوییدا پاڵدەکەوێت و یاری لەگەڵ منداڵە بچووکەکانی دەکات، یان یارمەتی ئەندامانی خێزانەکەی دەدات یەك بەدوای یەکدا لەحاڵێکدا بەنێو ژوورەکانی ماڵدا دێت و دەچێت».

٤- لایەنگیریی کۆمەڵایەتییەکان:

چونکە مرۆڤ بە سروشت بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بۆیە کە لەدایك دەبێت هەستی ئینتیمای بۆ دایك و دەوروبەرەکانی لەگەڵ لە دایك دەبێت، وە ئەوەی خۆی دەبینێتەوە لە پەیوەندییە خێزانی و هۆزییەکان و، ئەوەی بەدوایا دێت لە ئینتیمای پیشەیی یان پەیوەست بوون و ئارەزووی دیاریکراو، کە خۆی دەبینێتەوە لە یانە وەرزشی و هونەری و پیشەییەکان و دیوانەکانی عەشایەرو ئینتیما حیزبی و فیکرییەکان.

سەبارەت بە ژنیش لەم ڕۆژگارەدا، ئەوا زۆر لە ژنان و ئافرەتان لە ماڵەوە دانانیشن، بەڵکو تێکەڵ بوونە لەگەڵ بوارەکانی زانست و فێرکردن و کارکردن، ئەمەش وای کردووە کە ژنان و ئافرەتانی بەرەو جۆرەها ئینتیمای کۆمەڵایەتی گونجاو لەگەڵ جیهانی ژن پەلکێش کردووە، بۆ نموونە ڕۆیشتنی ژنان بۆ چالاکی ڕێکخراو و کۆمەڵەکانی مەدەنی ژنان و ئافرەتان و، کۆمەڵەکانی خێرخوازی و خۆبەخش، بۆ فێرکردنی کچانی ڕەگەزی خۆی بۆ قورئان و لەبەرکردنی و، نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ دایکان و بەساڵاچوان، ئەمە وێڕای چەند کارێکی تر وەك بەشداری کۆڕو کۆبوونەوەی دایکان لە قوتابخانەکان و، غەیری ئەمانە لەوانەی بەشداری لە بنیاتنانی نیشتمان و کۆمەڵگا دەیخوازێت.

ئەم خواست و ئارەزووانە ڕەنگبێ گرفتگەلێ دروست بکەن بۆ ئەوانەی ئاسۆی بیرکردنەوەیان بەرتەسکە، لەو کەسانەی هیچ کارێك بۆ ئافرەتان بەرەوا نابینن جگە لە منداڵ بوون و وەچە خستنەوە، بۆیە دوای هاوسەرگیری ژنەکە قەدەغە دەکات لە ئەنجامدانی کاری تر، ئەمەش هەستکردن بە بێکاری و بەتاڵی لای هەندێ ئافرەت دروست دەکات، لەگەڵ نەبوونی پەروەردەو پێگەیاندنێکی چاك و دروست و، کارو بارە کۆمەڵایەتییە سوود بەخشەکان، کە پاڵیان پێوە دەنێت بۆ هۆنینەوەی جۆرەها فرت و فێڵ و پلانی درێژمەودا، بۆ دەرهێنانی بەرەی دەستپێشخەری لە دانانی پلانی خێزانی و کۆمەڵایەتی دا لە ژێر پێی مێردو کوڕەکانی، بۆ ئەوەی تووشی جۆرەها کێشەی کۆمەڵایەتی و داراییان بکات، لەمیانەی گواستنەوەی ئەو کارانە بە ئاراستەی بەرژەوەندی خۆی و ئەوانەی پەیڕەوی دەکەن لە خزم و كەس و کار، بەم شێوەیە کەشتی خێزان لە دوا مەنزڵی دەگاتە کەناری لێکجیابوونەوەو هەڵوەشانەوەو تەڵاق.

لەبەر ئەمەو هی تریش، پێویستە بەچاوێکی دووربینانە سەیری خواست و ئارەزوی هەریەکە لە ژن و مێرد بکەین لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ڕێگە پێدراوەکاندا، ئەوانەی سوودیان لێ وەردەگیرێت بۆ خزمەتی تاك و خێزان و کۆمەڵگا، جا ئەوانیش کار لەسەر قبوڵکردنیان بکەن و لەسەریان ڕێکبکەون، لەو شتانەی کە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی خێزان و منداڵەکان و بەهاو ڕەوشت و ئایین نین.



نووسینی : ئاسۆس انور سلێمان

# مەرج نییە وێڵی دوای هەموو خواستێك بین

زۆرن ئەو هیواو ئاواتانەی کە مرۆڤ خواستی بەدیهێنانیان دەکات، بەڵام کەمن ئەوانەی کە بەدەستیان دەهێنن، ئەویش هۆکارەکەی جۆری خواستەکان و خودی کەسەکان خۆیانن، چونکە تۆ دەبێ بزانی تواناکانی خۆت لەچیدا خەرج دەکەیت و چەندت لەبارداىە بۆ بەدیهێنانیان، وە ئایا ئەو شتەی کە هەوڵی بۆ دەدەیت، شایەنی ئەو هەموو هەوڵەی تۆی هەیە یان نا.

کەواتە خاڵی دەستپێکردن بۆ هەنگاو و گەشتەکانی ژیان لەخودی خۆتەوە دەستپێدەکات، یان بە مانایەکی دیکە ناتوانی لە جیهانی دەرەوەتدا شتێك بەدەست بهێنیت و دەستکەوتت هەبێت، ئەگەر سەرەتا لە ناخی خۆتدا پلانت بۆی دانەڕشتبێت و پرست بە دڵ و عەقڵت نەکردبێت، لەکاتێکدا ڕاگرتنی هاوسەنگی ئەم دووانە بەیەکەوە، سەرەتایەکی دروستە بۆ بڕیاردانت، کە دواتر ئەو بڕیارەش کە سەرچاوەکەی لەم هاوسەنگییەوە هاتبێت زیاتر بابەتییە، چونکە ئەگەر لە ئەنجامدانی کارەکانمان یان بەدیهێنانی بیرکردنەوەکانمان تەنها پشتمان بە عەقڵ بەست و بەتەواوەتی دڵمان فەرامۆش کرد، ئەوکاتە ڕەفتارەکانمان وەك ڕۆبۆتی لێدێت و ڕەچاوی سۆز و ویژدان ناکرێت، بەپێچەوانەوەش ئەگەر تەنها پشت بە دڵت بەست بۆ ئەنجامدانی کارەکانت و هەڵوێست وەرگرتنەکانت، ئەوکاتە ئەگەری ئەوەی هەیە کە بکەوییە هەڵەوە، چونکە ڕەنگە پشتت بە هیچ زانیارییەك نەبەستبێت، بۆیە ئەگەر تۆ هەوڵتدا هاوسەنگی بەدەست بهێنیت ئاکامەکەشی خواستێکی جوانی لەگەڵ دەبێت و تۆش هیوات بۆ بەدیهێنان گەشتر دەبێت.

لەڕوانگەیەکی دیکەوە، ڕۆڵی هەریەك لە (بۆماوەیی) و (دەورووبەر) و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی) لەسەر ڕەفتارەکانمان، بوارێکی دیکەی کاریگەرن بەسەر هەڵسوکەوتمان، وەك چۆن مرۆڤ بە غەریزە لە چرکە ساتی یەکەمدا ئارەزووی ئەوە دەکات کە خۆشترین شت بەئاسانترین شێوە بەدەستبهێنێت، بەڵام لەپڕ هۆشیاردەبێتە و بیردەکاتەوە، کە ئایا ئەو شتە دژ نییە لەگەڵ بەهاکان، هەروەها ئەوە ڕێگەیەی کە لێیەوە بەدەستی دەهێنێت دروستە، ئەوکاتە بڕیارەکەی خۆی دەگۆڕێت.

بۆ نموونە: وای دابنێ تۆ جانتایەك پارە دەدۆزیتەوە، لە چرکە ساتی یەکەمدا سەرسام دەبیت و ڕەنگە دڵخۆشیش بیت و لە نەستت دا هەندێك خەیاڵاتی سەیرو خۆشیشت بۆ دروست بێت، بەوەی کە ئیتر تۆ دەوڵەمەند بووی، وە ژیانت گۆڕا...بەڵام ئەوانە هەموو چەند چرکەیەکی کەم تێپەڕناکات و دواتر هۆشیار دەبیتەوە کە ئەمە پارەی تۆ نییە، وە بەپێی هیچ پێوەرێکی ئیمانی و کەلتووری هیچ بەهایەکی مرڤانە مافی تۆی تێدا نییە، ئەوکاتە نەك هەر دڵخۆشت ناکات، بەڵکو خەمی دۆزینەوەی خاوەنەکەت بۆ دروست دەبێت.

کەوایە پێویستە بەر لەوەی بڕیار لەسەر ئەنجامدانی کارێك یان قبوڵکردن و ڕەتکردنەوەی شتێك بدەین، پێویستە بیری لێبکەینەوە و تاوتوێی بکەین، تاوەکو بڕیاردانمان لەسەر هەرشتێك و هەڵوێست وەرگرتنمان بەرامبەر دەورووبەر و ژیان و ئەو کارانەی کە تێیدا ئەنجامیان دەدەین، بنەمایەکی بابەتی هەبێت و نەکەوینە هەڵەوە و ببین بە کەسێکی بەرهەمدار و بەسوود بۆ کۆمەڵگە.

نووسینی: تۆفیق کەریم



# زوننارى زوڵفى یار

لـە دوێنـى شـەووە پەتایـەك سـەراپامی داتەنیـوە، لـەش بەبـارو داهێزراوی کردوم ،بۆیە ئەمشـەو دور لە منداڵـەکان جێگام داخسـت لێ ى ڕاکشام، نەبادا وەك خۆم خەو لەچاوی وانیش بتارێنم .

گومانەکەشـم ڕاسـت دەرچـوو هەر کە شـەوگارم شـەق کرد پەتاکەم تەشەنەی سەندوو ئازار نەیهێشت خەو لەچاوم بکەوێت.

ناچـار چومـە دەرمانخانەکـەی حەزرەتـی مەحـوی تـا دەرمانێکی ئازار شکێن بنۆشم، ئیدی هەر لە ژێر جێگاکەمـەوە کەوتمە شـەن و کەوی ئەم غەزەلە :

بەنـوری بادە کەشـفی زوڵمەتی
تەقوا نەکەم چیبکەم
بەشـەمعێکی وەها چاری شەوێکی
وا نەکەم چیکەم
لە خەزنـەی دڵمدا هەرچی هەیە،
هەر داغی سەودایە
دەسا ئەم نەقدە دەردی عیشقی پێ
سەودا نەکەم چیبکەم
لەگـەڵ دەسـتی مەلا ڕێنـا کەوێ
زوننارى زوڵفى یار
وەکو (شـێخ) ئیختیاری مەزهەبی
تەرسا نەکەم چی بکەم

لەسـەر ئەم بەیتەی دواییان ڕامام و کەوتمـە وردو کردی مانای وشـەو بڕگەکانی، لەو تەفرنج دانەمدا هەندێك لێکدانەوەم لا گەڵاڵە بوون،هەرچۆنێك بێـت چنگـە ماشـەمکرد و قەڵەمـە شـکاوەیەکم دۆزیـەوە و یاداشـتی بەشێکی ئەو لێکدانەوانەمکرد:

لەگـەڵ دەسـتی مەلا ڕێنـا کەوێ زوننارى زوڵفى یار

دەسـپانکردنەوە بۆ دنیا پیشـەی زۆرێکـی خەڵکـە، لەناویشـیاندا ئەو بەنـاو مەلایانەی کە دەخوازن بەناوی دیندار یەوە دەسـت لەدنیا گیربکەن، ئـەم نەریتەش لەگـەڵ ( زوننار) کە ئـەو کەمەر بەندەیە کچانی شـەیدای مەسیح لە پشتیان دەبەستن و هێمایە بۆ دەست هەڵگرتن لە دونیاویستی،ئەم دوانەش یەك ناگرنەوە.

مانای دووەم « لەگەڵ دەستی مەلا ڕێنا کەوێ زوننارى زوڵفى یار

چونکـە چـۆن ئـەو کچانـەی کـە ( زوننار)ەکەیـان بەسـت ئیـدی ئـەوە هێمایـە بـۆ یەکلابونـەوە بۆ خۆشەویسـتی مەسیح ، زوڵفی یاریش کە هێمای داوو ڕەشی و تاریکین ئەوی دەسـتی بۆ بـردوو چـووە پەنایەوە دەبێـت بـە تـەواوی تەسـلیمی داوو تاریکیە دواناودونەکـەی بێت ، ئیدی لەو جیهانـە تەنهاییەدا یەکلا بێتەوە بۆ عیشقی ڕاستەقینەو لە دنیا گەرایی ون بێت .

مانای سـێ هەم» دەڵێت ئەگەر بە ( مەلا) یەتی واتە لەڕێگەی زانسـتەوە مـن نەمتوانی دەسـتم بـەو جیهانە تەنیاییە بگات ئەو کات :

وەکو (شـێخ) ئیختیاری مەزهەبی
تەرسا نەکەم چی بکەم

وەکو شـێخی سـەنعان کـە چۆن ماوەیەکـی زۆر لـە ڕووی زانسـتی روکەشـەوە ئیرشـادی دەکـرد بـۆ خۆشەویستی ڕاسـتەقینە بەڵام خۆی پێی نەدەگەشت کەچی دوای توشبونی بە عیشـقی مەجازی کچە مەسیحیەك ئەوجا گەشتە عەشقی ڕاستەقینە و بوو

بەسەر مەزهەبێك لە خۆشەویستیدا.
مەحـوی دەڵێت : مادام بەزانسـت کە مەلایەتی رەمزەکەیەتی نەگەیشتمە ئەو پلەیــە تا بتوانــم ئیجتیهاد بکەم ناچارم بە تەقلید کردنی شێخێکی ئەوە رێچکەیــە چونکە مــەرج نیە تەنها بە زانست مرۆڤ بگاتە ئەو پلەو پایە.
کەواتە گەر مرۆڤ نەیتوانی بگاتە پلــەی موجتەهیــد دەبێــت ببێت بە (مقلد).
مەحـوی زۆر زیرەکانــە مــەلای کردوە بە رەمزی زانسـت کەبە تونای خۆی پێدەگات بەڵام دەگونجێت شـێخ بەنەخوێندەواریش ببێتە شێخ ، کەچی ئـەو پلە رۆحیە کە بەزانسـت پێ ی نەگەیت رەنگە بە محبەت پێی بگەیت.
چونکە لــە بۆچونــی ئەواندا گەر خۆت نەگەشـتیتە پلەی شـێخی هەر دەبێت شێخێك پەیدا بکەیت ئەگەر نا شەیتان دەبێتە شێخت.
مانایەکـی دیکەشـی ئەوەیە» ئەم دەسـتەواژەی ( مەزهەبە)کەدەڵێـت» وەك شـێخ ئیختیاری مەزهەبی تەرسا نەکەم چی بکەم.
دەکرێت بــە واتای جێگە زێڕ یان کانــی ئاڵتونیــش لێکبدرێتــەوە ، ئەو کات مەحـوی شـوێنکەوتنی عیشـقی راستەقینەیە بە (مزهب ) کانی ئاڵتون دادەنێت .
خــۆ ئەگــەر بــە ( مزهــب ) واتە پیتــی میمەکە بۆری بەسـەرەوە بێت، بیش بیخوێنرێتەوە بە واتای زەرکەف یــان ئاڵتون پۆش دێت، ماناکە جوان و جوانتر دەکات .
واتــە عیـش وەك کانــی ئاڵتون یا کالایەکی ئاڵتون پۆش بەنرخە.
دەسـتە واژەی (تەرسا) واتە رەبەن بەو کچە شونەکەرانە دەڵێن کە خۆیان بۆ حەزرەتی مەسیح هەڵگرتوە لەگەڵ دەسـتەواژەی(زوننار) و (شـێخ)ی بەیتەکەدا تەواو هاو ئاهەنگە .

بەڵام ئەگەر بۆ مانایەکی دووریشی بگەڕێین دەزانین تەرسـا بە رێنوسـی کۆنی کوردی بە ( ترســا ) دەنوسرێت ماناکەشـی هــەر بە ترسـای کرداری رابــردوو لێکبدەینــەوە ، ئــەو کات وایلێدێــت : زوڵفــی یــار رەشــایی و تاریکیەکــەی نەنگوســتە چاوەو کەس بــێ تــرس و بێباکانــە ناتوانێــت لە پەنایدا بێت ، کەواتە وەك ئەو پیرەی کە ترسـی لە ئومێـدی زیاترە منیش ئەگەر ئەو رێچکەی ترسە نەگرم ، هەر چەندە عەیبەش بێت ئەدی چیبکەم؟
خۆ ئەوی مەزهەبی ترسی هەڵبژارد هەمیشـە ئەمیــن و ســەلامەتە ، هەر ئەمەش مەزهەبی شـێخانی تەریقەتە کــە نێــوان تــرس و ئومێــد دا ژیاون لەفەرموودەشدا هاتووە(من خاف ئدلج ومن ئدلج بلغ ألمنزل).
بــەم کەیــن و بەینــەم لەگــەڵ دەســتەواژەو برگــەی ئــەم بەیتــەی مەحویدا هەســت بە دڵئارامی دەکەم و وا دەزانم ئازاری پەتاکە لەســەر لەشم سوك دەبێت .
کــە بەداخــەوە هێنــدە بەناخیدا رۆچــووم کــە ســەر بــەرز دەکەمەوە دەبینم پلێتەی زۆپاکەمان دەسـوتێ و نەوتی تێدا نەماوە .
بۆیە بە ناچاری لەسەری دەوەستم و ئــەوی دی هەڵدەگرین بــۆ جارێکی تری گونجاوتر .
لەگــەڵ رێــز و پێزانینــم بــۆ حەزرەتی مەحوی کە بوە هۆی شـفای نەخۆشـیەکەم و خێــر و بەرەکەتــی شەوەکەم .
هەڵەبجە کاتژمێر چوار و ســی و چوار خولەك.



# ئاریشەکانی خێزان و چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنیان

عەبدولحەکیم ئەحمەد

هیچ هاوسەرگیرییەك نییە لەم چەرخەی ئێستادا بە قەیران و کێشە و گرفتە تایبەتییەکان تێنەپەڕێت، کە زۆرێك لە زانایان و شارەزایانی بواری ئایین وپەروەردە و کۆمەڵایەتی، باوەڕیان وایە پەیوەندیەکانی خێزان لەبەریەك هەڵوەشاوەتەوە،و دەسەڵاتی دایك و باوك تووشی دارمان و لە ناوچوون بووەتەوە. بە جۆرێك ئەوەی دوێنێ حەرام و قەدەغەکراوبوو ئەوا سبەینێ و لە سەردەمی ئێستاماندا بەشێوەیەکی ڕێژەیی ڕێپێدراو دەبێت.

ڕووداوەکانی ئەم قەیرانانە هەروەك چۆن بەشداری کردووە لە هەڵوەشانەوەی رایەڵەکانی خێزان و پەیوەندیەکانیان، بە هەمان شێوە کاریگەری هەیە لەسەر پەیوەندی نێوان تاکەکان لەسەر یەکتری.

ئەمەو کاردانەوەی خێزان لە بەرامبەر ئەم قەیرانانە بە پێی ئاستە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و مۆرالییەکانیان جیاوازی هەیە، جا هەندێکیان بەسەریاندا زاڵ دەبێ و خێرا خێزانەکە دەگەڕێتەوە بۆ باری هاوسەنگی خۆی، و هەندێکی تریان بە شێوەیەکی ڕێژەیی تیایدا سەرکەوتوو دەبێ، بەڵام ئەوانی تر شکست دەخۆن و بەسەریدا سەرکەوتوو نابن، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی قەیرانەکەو گەورەبوونی.

جا ئەگەر هەریەك لەم سێ ئەگەرەی ئاماژەمان پێدا رووویدا، ئەوا قەیرانەکان شوێنپەنجەی خۆیان لەسەر ژیانی خێزان بەجێدەهێڵن و کاری تێدەکەن، لەبەر ئەوەی ئەم قەیرانانە شوێنێکی گرنگیان لە ژیانی خێزاندا گرتووە.

کێشەو گرفتەکان جا کێشەی کۆمەڵایەتی یان کێشەی ئابووری یان کێشەی رەوشتی بێت یاخود هەرکێشەیەك کە پەیوەندی بە باری دەروونی یان سێکسەوە هەبێت، هەرهەمووی دەبنەهۆی سەرئێشە بۆ پەیوەندییەکانی خێزانی، جا لێرەدا ئەم پرسیارە سەرهەڵدەدات: چۆن خێزان دەتوانێت رووبەڕووی ئەم ئاریشەو قەیرانانە ببێتەوە و چۆن وەڵامیان دەداتەوە؟

بێگومان چارەسەری خێزان و وەڵامدانەوەی بۆ ئەم کێشانە لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی تر جیاوازە، هەروەها لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر،و لە کلتوورێکەوە بۆ کلتوورێکی تر سەرەڕای ئەوە

بارودۆخەی دەوریداوە.

جـا هەندێك لــە خێزانــەكان بۆ نموونە پەنا دەبەنە بەر كۆنترۆڵكردنی بەشێكی كێشــەكە یان هەمووی بەپێی توانـا و بارودۆخ و رۆشــنبیریان. ئەم كۆنترۆڵكردنــە لــە رووی ناوخۆییەوە دەبێــت، بەمانـای ئــەوەی لــە خودی خێزانەكــەوە هەڵدەقووڵێت، هەروەكو بەشــداری كردنی باوك یــان دایك یان هەردووكیان بەیەكەوە لە كۆنترۆڵكردنی كێشەكەو چارەسەركردنی بە خۆڕاگری و پشــوودرێژی و ســینگفراوانی. وەڵامدانەوەی خێزان بۆ كۆنترۆڵكردنی كێشــەكە بەڵگەیەكــی روونە لەســەر پێگەیشــتنی رۆشــنبیرییان و پێدانی ئاماژەیەكی باشــە لە هەبوونی توانای رووبەرووبوونــەوەی قەیرانەكــەو، دوا بــەدوای ئەمــەش هەڵگرتنــی بەرپرسیارییەتی بەشێوەیەكی هێمن و لەسەرخۆ.

خێزانــی تــر هەیــە پەنـا دەباتە بــەر دۆزینــەوەی یارمەتیدەرێــك یــان پاڵپشــتێك بــە شــێوەی فەردی یــان كۆمەڵ بــۆ هــاوكاری كردنی لە رووبەرووبوونــەوەی كێشــەكە. ئــەم جۆرە لە وەڵامدانەوەیە بەشــێوەیەكی تــەواوكاری ئەنجامدەدرێت بە جۆرێك كردوكۆششــەكانی خێزانەكــە لەگــەڵ كەســانی تری دەرەوەی خێزان دەبێتە تەواوكاری یەكتری بۆ چارەسەركردنی قەیران و ئاریشــەكان. ئەوەی شــایانی باسكردنە چارەسەری دەرەكی بریتییە لــە دامــەزراوە كۆمەڵایەتییــەكان كە خــۆی دەبینێتەوە لە خانەی چاودێری یــان خەســتەخانە، یــان نۆرینگــەی راوێــژكاری، یان تاكێكــی دیاریكراو لە كایەیەكی پسپۆری دیاریكراودا. هەموو ئەمانــە مەبەســتیان یارمەتیدانــی خێزانەكانە لە چارەســەركردنی كێشە جۆراوجۆرەكان

بــەڵام جــۆری ســێیەم لــە وەڵامدانەوەكــە كــە هەندێــك لــە خێزانــەكان پەنای بۆ دەبــەن برتییە لەخــۆ گونجانــدن لەگــەڵ كێشــەكە بەشــێوەی رێككەوتن. بە واتایەكی تر گــوزەران كردنێكــی دیاریكراوە لەگەڵ قەیرانەكە- كێشەكە-، پاشان هەوڵدانە بــۆ كەمكردنــەوەی پلــە پلەیــی تــا بەشــێكی یان هەمووی لــە رێی رێگەو شــێوازی جیــاواز چارەســەر دەكرێت. ئەوەی شــایانی وەبیر هێنانەوەیە ئەم جــۆرە گونجاندنە نابێ تەنها لەســەر خێزاندا كورتهەڵبێت بەڵكو پێویســتە پەڵبهاوێژێــت بــۆ ئــەو كۆمەڵگــەو ژینگەیــەی كــە ئــەم خێزانــە تیایدا دەژییــت. جـا ئەگــەر ئەم جــۆرە لە دووانەییە لە گونجاندندا بەدەســتهات ئەوا چارەســەرەكە زۆر ئاســانتر دەبێ و دەبێتە هۆی سەقامگیری دەروونی و دامركاندنەوەی هەڵچوونەكان.

تاكو ئێســتا خوێنــەر وا تێدەگات كەوا ئەو قەیران و كێشــەو گرفتانەی كە رووبەرووی ئەو خێزانانە دەبێتەوە كە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا بریتییە لــە رووە خراپەكــەی و هیچ شــتێكی باشــی بەخــۆوە هەڵنەگرتــووە. جــا ســەرەڕای ئەوەی كەوا رووە خراپەكە بووەتە بارێك بەسەر شانی خێزانەكەو شوێنەوارێكی نێگەتیفی بەجێهێشتووە، كەچی رووی باش و پۆزەتیڤیشی هەیە. ئەم رووە پۆزەتیڤەش خۆی دەنوێنێت لە رێی دۆزینەوەو پشكنینی خێزانەكە لە كاتی هەوڵدانی بۆ رووبەرووبوونەوەی كێشــەكە- لــە رێگــەی تێبینــی و ئەزموون- بۆ چارەسەرێكی داهێنەرانە كــە تەنهـا لــە چارەســەركردنەكە بەشداری ناكات بەڵكو بەشداری دەكات لە دووبارەكردنەوەی رێكخســتنی رێگا جیاوازەكانــی چارەســەری كە ئێســتا پەیــڕەوی لــێ دەكرێــت، هەروەهــا رەگەزێكــی نــوێ و داهێنــراوە بــۆ خێزانەكانــی تریــش كــە رووبەرووی هەمان ئەم بارودۆخە دەبنەوە. ئەمەش بە رۆڵی خۆیەوە بەشــداری دەكات لە رادەدەی كاریگەربوونی چارەسەرییەكەو پلەی تواناو لێهاتووەكەی.

ئامادەکردنی: ابراهیم برهان



# ڕۆزا پاڕکس

## ئەو ئافرەتەی ئۆبامای گەیاندە کۆشکی سپی

ڕۆزا لۆیس پارکس لەدایك بوی ساڵی (١٩١٣) بەرەگەز ئەفریقی ، خوێندنی لەکەنیسەکانی ئەفریقیا تەواو کرد، کاری بەرگدرووی دەکرد.

ڕۆزا لەتەمەنی (٤٢) ساڵیداله ١یدیسێمبەری ساڵی (١٩٥٥) دوای ئەوەی لەکارەکەی دەگەڕایەوەماڵەوە لە ولایەتی مۆنتگمێری ، چاوەڕێی پاسی دەکرد بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە ماڵەوە،دوای ئەوەی کەپاسەکە گەیشت لە ناوەڕاستی پاسەکەش شوێنێك چۆڵ بوو لەوێ دانیشت،بەپێی یاسای ئەو سەردەمەی ئەمریکا هەر ڕەشپێستێککەسواری پاس دەبوو دەبووایەلە ریزی دواوەی پاس دابنیش□ێ، لەحاڵەتێکیش دەیتوانی لەناوەڕاستی پاس دابنیشێ ئەگەر چۆڵ بووایە و کەسی لێ دانەنیشتبووایە بەڵام هەرکاتێك سپی پێستێك سواری پاس بووایەدەبوو دەرحاڵ شوێنەکەی بۆ چۆڵ بکات ، تەنانەت ئەگەر ڕەش پێستەکەش کەسێکی بەتەمەن و بەساڵا چووش بوایە ، لەو کاتەدا وابەناوبانگ بوو تابلۆیەك لە شوێنە بازرگانی و چێشتخانەکان هەڵ دەواسرا لەسەری دەنوسرا»قەدەغەیە چونە ژوورەوەی پشیلەو سەگ و ڕەش پێست»!!!

ڕۆزا پارکس دوای ئەم هیلاکی و ماندوێتیە هێشتا شوێنی خۆی گەرم نەکردووە سپی پێستێك هاتە بەرامبەری بەو مانایەی «ڕۆزا لەشوێنی خۆت هەڵسە!»بەڵام، ڕۆزاپارکس ڕەتی کردەوە شوێنەکەی بۆچۆڵ بکات،و ووتی: «نەخێر» بڕیاریدا دژی ئەم یاسایە بوەستێتەوە، سپی پێستەکان ئەبڵەق مان کەوتنە تیرو توانج تێگرتنی و هەڕەشەلێکردنی ڕۆزا پارکس، بەوەی کەتێی بگەیەنن کە پێشێلی چ یاسایەکی گەورەی ئەمریکای کردووە، پاشان شوفێرەکە پاسەکەی وەستاند، هاتە بەرامبەری پێی ووتکەئەو دژی یاسایەکی گەورەی ئەمریکی وەستاوەتەوە ، ئەویش لەوەڵامدا ووتی: «زۆر ماندووبووم لەوەیهەستم بۆ کەسێك کەشیاوی ئەم جێ چۆڵکردنە نیە، لەمەو دوا بۆ هیچ کەس سەردانانوێنم، هەرچی دەکەن بیکەن ، ئەوەی کەبۆی هەڵدەستم چی لەمن زیاترە، هەمان پارەمان داوە، لەپای چی لەبەری هەڵبستم و شوێنەکەمی بۆ چۆڵبکەم؟!» کاتێڕۆزاپارکس سوربوو لەسەر هەڵوێستەکەی،شوفێرەکە بانگی پۆلیسی کرد، وکێشەکە بەدەستگیرکردنی ڕۆزاپارکس وسزادان وپێبژاردنی ١٥ دۆلار کۆتایی هات.ئەم هەواڵە بە زوویی بڵاو بوویەوە، بوو بە جێی بایەخی میدیاکان، چونکە یەکەم کەسە ڕوبەڕووی یاسای جیاوازی چینایەتی ئەمریکی ببێتەوە

لێرەدا بڵێسەی شۆڕش دەست پێدەکات، لەڕۆژی دواتر چاڵاکوانانی داکۆکیکار لەمافی ڕەشپێستەکان کەوتنە خۆ بوە دەسپێکی هەڵگیرسانی شۆڕش و مانگرتنی سەرتاسەریان ڕاگەاند لە ئەمریکا بۆ پشتگیری کردن لەڕۆزاپارکس کەتائێستا چۆکی نەداوە، بڕیاریاندا خۆیان لە هەموو ئامرازەکانی گواستنەوە بوێرن، ئەی چیبکەن؟ لەم باردۆخەدا، دوو ڕێگایان لەبەردەستە، ڕۆیشتنی بەپێ

یان دووچەرخە(پایسکل)، تا ئەوە ی وەکو مرۆڤێـك مامەڵەیان لەگـەڵ دەکرێت بەم شێوە ئەم مانگرتنە بەردەوام بوو درێژەی کێشـا بۆ بۆ زیاتر لەسـاڵێك ماوەی (٣٨١) رۆژی خایاند .

خوێنەری خۆشەویسـت لێرەدا ئەگەر پرسـارێك لەخۆمان بکەین، درێژەکێشانی بۆزیاتر لەساڵێك لەماوەی (٣٨١) رۆژ بەرگە گرتنی ئەم هەموو ناخۆشی وچەرمەسەریە زۆرە لەپای چی ؟ تەنها لەبەرئەوەی وەکوو ئینسـانێك مامەڵەیـان لەگەڵـدا بکرێت، ئینسـانی بونیان پاریزراوبێ یەکسـان بن لەگـەڵ سـپی پێسـتەکان، ئەممانگرتنە سەرتاسەریە کێشـەیەکی دارایی گەورەی دروسـت کـرد بـۆ زۆرێـك لـە گـەورە سـەرمایەداران و کۆمپانیاکانی گواستنەوە و گەیانـدن ، بەجۆرێـك مایەپووچ بوون بۆ یـە لەسـاڵی ١٩٥٦دادگای باڵا بریارێکی دەرکرد لەبەرژەوەندی رەشپێسـتەکان بە هەڵوەشاندندنەوەی یاسای رەگەزپەرستی.

رۆزا پارکس ئـەو ئافرەتە قارەمانەی کەتوانی رەشپێسـتەکان لـەو نەهامەتیە رزگاربـکات مێـژووی ئەمریـکای گـۆڕی لەکورسـی ناو پـاس بۆ کورسـی ئۆباما، وێنـەی وەکـو ئۆبامـاو کۆلیـن پـاول و کۆندالیـزا رایـس تـا هەتایـە خۆیان بە قەرزاری ئەو دەزانن

یەکـەم تیـری لەسیاسـەتی چەوتی رەگەز پەرستی ، داب و نەریت و یاساکانی ئەمریـکا و بگـرە لەهەمـوو جیهـان دا، ئەوئافرەتـەی توانـی خراپترین یاسـای ئەمریـکا بگۆڕی، بەبێ ئـەوەی پەنابباتە بەرچەك و توندوتیژی

پێشـەنگی مافی مەدەنـی لە ئەمریکا ، بەناوبانگتریـن دەنگـی «نا» لەمێژووی ئەمـرۆدا، ووشـەی «نەخێـر»ی رۆزا بلیسـەیەکی هەڵگیرسـاند ئەمریـکای بەتەواوەتی روناك کردەوە ،

توانی ویسامی سەرۆکایەتی بۆ ئازادی لەسـاڵی (١٩٩٦) وەهەروەها ویسـامی زێر وەربگرێ کەبەرزترین رێزلێنانی مەدەنیە لەئەمریـکا ، لەتەمەنـی (٩٢) سـاڵی لـە ٢٤ـی ئۆکتۆبـەری (٢٠٠٥) رابەری مافی مەدەنـی لە ئەمریـکا کۆچی دوایی کرد، لەرێورەسمێکی شایسـتەدالە نێو ئاپۆڕەی دەیـان هـەزاران کەس بەگریـان و چاوی پر فرمێسـك بە بەشداری سەرۆکی دەیان ووڵات وەك رێزلێنانێـك لەیەکێـك لـە بینایەکانـی کۆنگرێسـی ئەمریـکا نێژرا کە ئەوەشـیان خـۆی رێزلێنانێـك بووە بـۆی، چونکـە تەنهاکەسـایەتیە گەورەو بەنـاو بانگەکان لـەو شـوێنە دەنێژرێن بەشـێوەیەك تا ئێستا لەمێژووی ئەمریکا هیچ کەسێك لەم شـوێنەنەنێژراوە جگە لە(٣٠) کـەس رۆزا پارکـس تاکە ئافرەت بووە کەلەوشوێنە نێژراوە.

خوێنەری خۆشەویست لەم چیرۆکەوە ئەمە فێردەبین کە لەپشت هەر ڕووداوێکی مێـژووی ، لەپشـت هـەر هەڵوێسـتێکی گـەورەو جوامێرانـە کەسـێکی دەسـت پێشخەرهەبووە، کەبڕوای بەهێزوو توانای هەبووە وای کردووە قفڵی مەحاڵ بشکێنن زاڵبن بەسـەر هەمـوو ئەوئاسـتەنگانەی دێتـە بەردەمیان، ئەوەی کـەلای خەڵکی مەحاڵە ئەوان لەباری ببەن ، رۆزا پارکس رۆژێك لـەرۆژان بیـری لەوەنەکردۆتەوە ئەم کورسیەی کەلەسەری دادەنیشێ دەبێ بەرەمـزو نیشـانەیەك بـۆی کەئەمریکا شانازی پێوە بکات.

سەرچاوە: چەند ماڵپەرێکی ئینتەرنێت.









ڕاهێنەر: عبدالخالق سیامند

زنجیرەی دووەم

# چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکان بە سەرکەوتوویی

لە هەر کۆبونەوەیەك کە دەکرێت پێویستە خشتەی کۆبونەوە هەبێت و پێك دێت لە چەند بەشێك:

دیاری بکە (شوێنی کۆبونەوەکە،کاتەکەی، بەرواری کۆبونەوە) دیاری کردنی بابەتەکانی کۆبونەوە ماوەی کۆبونەوەکە ئێمە لێرەدا خشتەیەك پێشنیار دەکەین بۆ کۆبونەوەکان:

ژمارە: بەروار:

کات: شوێن:

| زنجیرە | بابەتەکانی کۆبونەوە بە ریزبەندی | دیاری کردنی کاتێك بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر هەر بابەتێك |
|---|---|---|
| ١ | | |
| ٢ | | |
| ٣ | | |
| ٤ | | |
| ٥ | | |

ماوەی کۆبونەوەکە بە گشتی:

ئامانجی کۆبونەوەکە:

بۆ ئەوەی ڕێژەیەکی بەچاو لە ئەندامان ئامادەی کۆبونەوەکە بن چەند هەنگاوێك دەگرینەبەر:

دەست بکە بە کۆبوونە و کۆتای پێبهێنە لە کاتی دیاری کراو، چاوەڕێ ئەوانی تر مەکە.

پێویستە لە کاتێك بێت کە بۆ هەموو لایەك گونجاو بێت.

شوێنێکی سەرنج ڕاکێشو ئامێرەکان گونجاو بێت.

داوا لە سکرتێر (نوسینگە) بکە کە ئامادەبوان ئاگاداربکاتەوە.

خاڵە گرنگەکان لەسەرەوەی خشتەی کار دابنێ.

دەربهێنە ئەوەی دەتەوێ لەم کاتەدا جێبەجێ بکەیت.

دەرگا داخە (کەس نێتە ژوورەوە) لە کاتی دەست کردن بە کۆبوونەوە.

ناوی نەهاتووان دەست نیشان بکە لە سەرەتادا.

ژمارەی نەهاتووەکان ئاشکرا بکە لەگەڵ ناوەکانیان.

برێکێك پێشکەش بکەیت بە پێی توانا لە خواردن و خواردنەوە و شیرینی (لە ماوەیەکی کورتدا).

هاوێشتنی چەند هەنگاوێك بۆ ڕەخساندنی گیانی گفتوگۆ لە نێوان ئەندامان:

کۆبوونەوە ئەنجام بدە لە بەیانی نەوەکو لە دوای خواردن و نوێژی عەسر.

کورسیەکان وا ڕێك بخە کە هەموویان بتوان بە روونی یەکتر ببین.

پرسیار ئاراستەی ئەوانە بکە کە بەشداریان کەمە بۆ ئەوەی ئەوانیش گرنگی بە بابەتەکە بدەن.

ناوی ئەوانەی چالاك نین دووبارە بکەرەوە.

ڕێگە بگرە لە ئەندامان لەپرسیاری زیاتر (زێدەڕەوی).

ڕەخنە قبول بکە و، بواری بۆ برەخسێنە.

خۆت لە گەڵ هەموویان بگونجێنە بە بێ جیاکاری.

پابەندی ڕێز و شکۆی ببە لە نێوان خۆت و هەموو ئامادەبووان.

ئەو شێوازانەی وا لە ئامادەبووان دەکات هەست بکەن بەدواداچوونی ڕاستەوخۆ لە دوای کارەکان دوای تەواو بونی کۆبونەوەکە:

کۆتایی بێنە بە کورتکراوەیەك کە لەم کۆبوونەوەدا پێی گەیشتوون.

ئەو کەسانە دیاری بکە بۆ کارەکان (کار، کەی،چۆن).

لە دوای یەك ڕۆژ یاداشتی کۆبوونەوەکە بە دەست نووسی خۆت بۆیان ڕەوانە بکە.

پەیوەندی بکە بە ئەندامان بۆ ئەو کارانەی جێبەجێیان کردوە، ڕێژەی جێبەجێکردن و گرفتەکانیان و پێداویستیەکانیان.

ڕۆژێك دیاری بکە بۆ پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی کۆبوونەوەکە.

لە ئەنجامی کۆبوونەوەکەدا دەبێت ڕاپۆرتی کارەکان دەربارەی گشت

ئەو کارانەی پێی گەیشتوون کە لە کۆبوونەوەی پێشووتر دا لەسەری کۆك بوون.

نەخۆشیەکانی کۆبونەوە خۆی لە چەند خلێك دەبینێتەوە:

زۆری بڕیارەکان.

زاڵبوونی گرووپێکی دیاری کراو بەسەر کۆبوونەوەکەدا.

بڕیاردان پێش دەست پێکردنی کۆبوونەوە.

دزەکردنی گفتوگۆی نهێنیەکان بۆ دەرەوەی کۆبوونەوە.

کرداری نادیار.

دیاری نەکردنی کاری گرنگی هەریەکە لە بەشداربووەکان.

ئەو نیشانانەی کە وادەکات بڵێن کۆبوونەوەکە سەرکەوتوو بووە:

ڕێزگرتن لە نێوان بەشداربووان.

پابەند بوونی ئامادەبووان بە خشتەی کار و ئامانجیان جێبەجێکردن بێت.

هەموو بەشداربوویێك بیروباوەڕی خۆی بڵێت و تێبینیەکانی بداتە ئەوانی تر، بۆ دروستکردنی ڕایەکی ڕاستی دروستکەر.

گیانی هاوکاری لەسەری هەموو شتێك بێت.

دورکەوتنەوە لە ڕەخنەی ڕووخێنەر و دورکەوتنەوە لە دووبەرێکی.

بڕیاردان بە شێوەی کۆمەڵ.

ئەو پێوەرانەی کە نیشاندەدەن کۆبوونەوەکە سەرکەوتوو بووە.

کۆمەڵەی یەکەم: دەبێت بتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بە (بەڵێ) بداتەوە

ئایا ئامادەبووان بە ئازادی ڕای خۆیان ووت.

ئایا ڕایەکان شیکردنەوەیان بۆ کرا پێش ئەوەی ڕەت بکرێنەوە.

ئایا کاتەکە بە شێوەیەکی ڕێك بەکارهات.

ئایا ئەندامەکان پشتگیری یەکتریان دەکرد،ڕایەکان لەسەر یەکتر بنیات دەنا.

ئایا باوەڕیان بەیەکتر دەکرد لە کۆبوونەوەکەدا.

ئایا هەموویان ڕای خۆیان دەووت لە کاتی پێشکەش کردنی بابەتێك بۆ گفتوگۆکردن لەسەری.

ئایا کاتێك کۆبوونەوەکەیان بەجێهێشت و وێنەیەی ڕاستی ئەوەیان لا دروست بوو کە چۆن بڕیارەکان پراکتیزە بکەن.

ئایا گفتوگۆیەکان بە شێوەی نهێنی مانەوە لە دوای کۆبوونەوەکەدا.

ئایا کۆدەنگیەك هەبوو لەسەر ڕێڕەوی کۆبوونەوەکە.

ئەو پێوەرانەی کە نیشاندەدەن کۆبوونەوەکە سەرکەوتوو بووە:

کۆمەڵەی دووەم: دەبێت وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە بە (نەخێر) وەڵام بدرێنەوە.

ئایا لە کاری کۆبوونەوەدا ئەندامەکان هاوکاری یەکتریان نەدەکرد.

لە کاتی کۆبوونەوەدا ئایا کەس لە ئەندامەکان بیرۆکەی کەسی خۆی پێشکەش دەکرد بێ ئەوەی کار لەسەر تەواوکردنی کارەکانی بکات.

ئایا هیچ لە گفتوگۆ و بڕیارەکان کە بە نهێنی بوون دزەی کردە دەرەوە.

ئایا ئەندامەکان لە دواوە (پاشملە) ڕەخنەیان لە یەکتر دەگرت.

ئایا ئەندامەکان ڕەخنەیان لە یەکتر دەگرت لە بەرامبەر دەزگاکانی ڕاگەیاندندا.

ئایا هیچ کەس ڕاستەوخۆ هێرشی دەکردە سەر یەکێکی تر، یان هیچ هەڵوێستێك بنوێنێت کە هەڕەشەی تێدابێت.

ئایا کەس جیاوازبوو لە بەرامبەر ڕێگای گفتوگۆ و کۆبوونەوەکاندا.

ئایا کەس کۆبوونەوەکەی بەجێهێشت وەکو هەڵوێستێکی نارەزایی.

ئایا جیاوازی ڕاکان زۆر گەورە بوون لە بەرامبەر کارگێڕی دەزگاکە.



سعدالله جبار پیرۆمەری

# قورئان
## ئادابە بەڵام ئادابیش فێر بوونە

قورئان لەلای خوای پەروەردگار نێردراوە بۆ سەر ئەم زەمینە جا بۆیە ئێمەش پێویستە پێشوازی لەم قورئانە بکەین و بە ئاداب لەگەڵی بجوڵێینەوە و ڕێزی لێ بگرین هەروەکو خوا دەفەرمووێت : (ولقد کرمنا بن أدەم) واتە : بەڕاستی ڕێزمانمان لە مرۆڤ نا . جا چۆن خوا ڕێزی لەتۆی مرۆڤ نا ئاواش پێویستە تۆ ڕێز لەم قورئانە بگریت و ڕەنگ بداتەوە لە ژیانت . چۆن خوا تۆی مرۆڤی بە جوانی دروست کرد ئاواش پێویستە بە جوانی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم قورئانە پیرۆزە مەزنە بکەیت ، چۆن خوا عەقڵی بە تۆی مرۆڤ داوە ئاواش پێویستە عەقڵ لەم قورئانە پیرۆزە وەرگریت ، هەروەها چۆن خوای پەروەردگار تۆی مرۆڤی لە گەیانلەبەران جیاکردۆتەوە ئاواش پێویستە تۆی مرۆڤ ئەم قورئانە پیرۆزە کە کتێب و وتەی خوایە جیای بکەیتەوە لە کتێبەکانی تر.... هەروەها چۆن خوای پەروەردگار تۆی مرۆڤی لەو شتانە شارەزا کردووە کە نەتدەزانی ئاواش پێویستە تۆی مرۆڤ کە ئەو شتانەی نازانی لە قورئان فێری ببیت ... هەروەها چۆن خوای پەروەردگار ئیمانداری خۆش ئەوێت ئاواش پێویستە ئیماندار قورئانی خۆش بوێت ... ئینجا ئەم قورئانە پێویستە جوان هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێ و لە شتانی تر ... جیا بکرێتەوە و بە بەرز و مەزن ڕابگیرێ هەروەکو خوای پەروەردگار دەفەرمووێت : ( بل هو ق□رأن□ مجید ) واتە قورئان هەر بەرز و بڵندە . ئینجا قورئانیش ئادابی تایبەتی خۆی هەیە هەندێك لەو ئادابانەش :

١- خوێندنەوەی قورئان بە جوانترینی شێوە بە بێ کەم و کورتی و هەڵە .

٢- پێش خوێندنەوەی قورئان خوێندنی (استعاژە) کورتکراوەی (أعوژ□ بلله من الشیگان الرجیم).

٣- دوای ئەمە کردنی ( بسمللە) کورتکراوەی ( بسم اللە الرحمن الرحیم).

٤- لە کاتی خوێندنەوەی قورئان دانیشتن بە ڕێك و پێکی و ئادابی خۆی .

٥- لە کاتی خوێندنەوەی قورئان لێکدانی وشەکان و پەیوەست کردنیان بەیەکەوە.

ئنجا ئبو هوریرە دەفەرمووێت : ئەوماڵەی قورئانی تێدا دەخوێندرێت : ١- شیگان دەڕوا لەم ماڵ ٢- ملائیکەتەکان دەچنە ئەو ماڵە هەروەها ئەو ماڵەشی کە قورئانی تێدا ناخوێندرێت بە پێچەوانەوەیە .

قورئان بۆ کردارە بەڵام بێ کردار بینینی ڕوناکی یە لە تاریکی خوای پەروەردگار قورئانی پیرۆزی ڕەوانەکردۆتە سەر ئەم زەمینە بۆ ئەوەی کرداری پێ بکەین و ڕەنگ بداتەوە لە ژیانی ئێمە ، هەروەها

قورئان کەلامی خـوای پەروەردگارە و کەس ناتوانێ پیتێك وەکو ئەم قورئانە پیـرۆزە مەزنەی خـوا پـەروەردگار بێنێ، چونکە وتەی خوای پەروەردگارە و کـەس ناتوانـێ هەمبەر ئـەو بێ ، ئینجا کاتێـك قورەیشـەکان باوەڕیان بـە پێغەمبـەر (ﷺ) نەهێنا کە ئەم قورئانە کەلامی خوای پـەروەردگارە، خـوای پـەروەردگار بـە پێغەمبەری (ﷺ) فەرمـوو: ئەی موحەمەد پێیان بفەرموو: گە ڕاست دەکەن پیتێك وەکو ئەم قورئانە بێنن . بۆ جاری دووەمیش خـوای پـەروەردگار بـە پێغەمبەری (ﷺ) فەرمـوو : ئـەی موحەمـەد پێیـان بفەرمـوو : سـورەتێك وەکـو ئەم قورئانە بێنن . بۆ جاری سـێیەم خـوای پـەروەردگار بـە پێغەمبەری (ﷺ) فەرموو : ئەی موحەمەد پێیان بفەرمـوو : کتێبێك وەکو ئەم قورئانە بێنـن . جا کە پێغەمبـەر (ﷺ) ئەم قسـانەی بـە جولەکەکانـی قوریـش فەرمـوو : جولەکە قورەیشـەکان بەبێ ئەدەبانـە بـە پێغەمبەریـان (ﷺ) فەرمـوو : جـا هێنانـی سـورەتێك وەکـو ئـەم قورئانە ئاسـانە بۆ وێنە ئـەو جولەکە قورەیشـانە دەیان وت : (الفیـل من فیل وما أدراك من فیل) هەروەهـا دەیـان وت : هەمـوو کەس فیلی دیوە کێ هەیە نەیدی بێ . ئینجا کاتێـك خەڵـك قورئـان دەخوێنێ وا دەزانـێ کرداری پێ کردووە کە ئەمش گەورەترین هەڵەیە هەروەکو حەسەنی بەسـری (ڕەحمەتی خـوای لێ بێت) دەفەرموێت : خەڵك قورئان دەخوێنێ وا دەزانـێ کرداری پێ کردووە . ئینجا قورئان پیرۆز باشترین سەرچاوەیە بۆ ژیـان جابا هەوڵدەین بـە جوانترینی شـێوە بیخوێنینەوە و تێـی ڕابمێنین هەروەکو حەسەنی بەسری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت : قورئان بخوێنـەوە بە جوانترینی شـێوە و لە مانای ئایەتەکاتـەکان ڕابمێنە نەوەکو بـە پێچەوانـەوە . هەروەهـا خـوای پەروەردگار دەربارەی ئەو کەسانەی کە کردار بە قورئانناکـەن دەفەرمووێت: ( أفـلا یتدبـرون الـق□رأن أم علـی ق□لوب□ أقفل□ها ) واتە : ئێوە بۆ سـەیری قورئان ناکەن دەڵێ : کلیل لە دڵتان دراوە .

زانسـت شـانازیە بەڵام شانازی بە کردارە

خـوای پـەروەردگار زانسـتی بە کۆمەڵە کەسێکی هەڵبژاردە بەخشیوە بـەڵام بۆ ئـەوەی پێ بەخشـیون بۆ ئەوەی ئەم زانستە بلاوبکەنەوە چونکە خوا زانسـتی بە هەمـوو کەس نەداوە بەڵام خوای پەروەردگار گەر زانسـتی بە هەر کەسـێك بەخشـی بێت تەنها بۆ ئەوە پێی بەخشیوە کە کرداری پێ بکات و لەنێـو خەڵکی بلاوی بکاتەوە نەوەکو هەڵگرتنی زانسـت کە ئەمەش لە هەندێك کات دەبێتە هۆی جەهالەت ، بـۆ وێنە : لـە زەمەنێکدا مرۆڤێکی موسـڵمان هەبووە کە زانستی پێ بووە بەڵام لـە نێو خەڵکی بلاونەکردۆتەوە هەروەها ئەم مرۆڤە خوا پەرسـتە لە ئەشـکەوتێك دا خوداپەرسـتی خوای پەروەردگاری دەکرد بۆ ماوەیەکی درێژ ، هەروەها لەم سـەردەمەدا خەڵکەکە بـەرەو جەهالەت چـوو و ڕووی کردە تاریکـی ئینجـا ئـەم خەڵکە لەسـەر جەهالەتەکەیـان بـەردەوام بـوون و کەس نەبوو لە تاریکی ڕزگاریان بکات بۆ ڕوناکـی ، هەروەها ئـەم مرۆڤەی کە لە ئەشـکەوت خوداپەرستی دەکرد دەیی توانی ئەم خەڵکە ڕزگار بکات لە جاهیلیەت بەڵام ئـەم کارەی نەدەکرد ، بۆیـە : خوای پـەروەردگار فەرمانی بـە جبرئیل کرد کە ئەم شـارەی ئەو خەڵکـە جاهیلـەی تێدایە لـە ناویان بەرێت بەڵام پێشـی هەموو شـتێك خوای پـەروەردگار پێی فەرموو : ئەو مرۆڤە خوداپەرستەی ئەو ئەشکەوتەی مەبەسـت لەناو بـەرە ئەمەش لەبەر ئەوەی ئـەم کابرایە زانسـتی پێ بوو بـەڵام کاری پـێ نەکرد لەبـەر ئەمە خـوای پەروەردگاریش فەرمانی کرد لەناوی بـەرن . جا سـەنگینان : ئەم چیرۆکە پەندە بۆ ئێمە بۆ ئەوەی گەر زانسـتمان پێ بێت کرداری پێ بکەین ئەگەرنا زانست هەڵنەگرین .

دونیا دروسـتکراوە بەڵام ژیان لە دونیا بێ کەڵکە

خودای پەروەردگار دونیای دروست کـردووە بـەڵام بـۆ تاقـی کردنەوە دروستی کردووە ، جا دونیا بێ کەڵکە بەڵام گەر بێ کەڵـك بێ نابێ خۆمان غافڵ بکەین لە زیکر و یادی خوا بەو واتایـەی دونیا بێ کەڵکـە بەڵام نابێ زیکر و یـادی خواش بێ کەڵك بکەین واتە»عیبادەت کەڵکی هەیە وا دیاریشە هەر شـتێك کەڵکی هەبـێ بۆ مرۆڤ ئەوە سـوود بەخشە ، ئینجا ئەوەی لە دونیا بە کەڵکی موسـڵمان بێت تەنها زیکـر و یـادی خوایە جـا ئێمەش با تێبکۆشـین بـۆ ئەوەی خۆمـان غافل بکەیـن لە دونیا بـەو واتایەی نزیك بکەوینـەوە لە دونیـا تاوەکو تواناما ن هەیە چونکە چەنـد لە دونیا خۆمان نزیـك کەینـەوە ئەوەنـدەش دونیـا خۆمـان لـێ دوور دەکات، ئینجـا با سەیری سیرەی پێغەمبەر(ﷺ) بکەین داخـۆ دونیا لەلای ئەو کەڵکی هەبووە یاخـود نا بۆ ئـەوەی کردارەکانی ئەو پێغەمبـەرە(ﷺ) لـە ژیانـی ئێمەی موسڵمان ڕەنـگ بداتـەوە، خـوای پـەروەردگار بـە پێغەمبـەری (ﷺ) فەرمـوو : شـاخێکت بـۆ بکـەم بـە زێـڕ بۆ ئـەوەی لێی نیشـتەجێ بی پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: نەخێر ...چونکە دونیا کەڵکی نیە بۆمن تەنها زیکـر و یادی تۆ کەڵکی بۆمن هەیە و دڵم ئارام دەکات خوای پەروەردگاریش دەفەرمووێت : (ألا بزکر الله تگمئن□ الـق□ل□وب ) واتـە : تەنها زیکر و یادی خوا دڵەکان بەختەوەر دەکات ! . جا سـەنگینان « گەر سەیری سەرەوە بکەیـن دەبینین پێغەمبـەر ۲دونیای لـەلا گرنگ نەبوە چونکە گەر دونیای لـەلا ئەوەندە گرنگ بایـە لە وەڵامی خوا دەیفەرموو : بەلێ ئەم شاخە بکە بە زێڕ کەواتە“ دونیا لەلای پێغەمبەر

ﷺ بێ کەڵك بووە . هەروەها پێغەمبەر ﷺ هەتاوەکو وەفاتی کرد نانی لەسەر سفرەیەکی ڕازاوە نەخوارد کە ئەمەش هەمووی لەبەر گرنگی زیکر و یادی خوا و بێ کەڵکی دونیا بووە . ئینجا پێغەمبەر ﷺ ئەوەندە دونیای لەلا بێ کەڵك بووە خەوتنی سەر حەسیری هەڵبژاردووە کە لەکاتی هەستانی لە خەو شوێنی حسیرەکە لە جەستەی پێغەمبەر(ﷺ) دیار دەکەوت .....الله اکبر ..... الله اکبر .....الله اکبر ..... ئینجا پێغەمبەریش (ﷺ) دەربارەی دونیا دەفەرمووێت : (دونیا ساتێکە) . ئینجا با بزانین دونیا لەلای زانایان چۆن بووە "

١- حەسەنی بەسری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) شیری ئوم و کەلسومی خواردووە کە دەکاتە خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) جا ئەم حەسەنی بەسریە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) جیاوازی نەبووە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) تەنها لە تەفاصیل جیاوازیان هەبووە نەگەرنا کردارەکانیان جیاوازی نەبوو تەنها لە هەندێ شت دا نەبێ ئەویش "

١- پێغەمبەر ﷺ پێغەمبەر بوو بەڵام حەسەنی بەسری زانا بووە .

٢.پێغەمبەر ﷺ پەیامبەری خوا بووە بەڵام حەسەنی بەسری بەندەی خوا بووە .

٣. هەندێك شتی تریشی بۆم نەکرا لەبەر ئەوە بۆمن نەنووسین .

جا خەڵکیش وەسفی حەسەنی بەسری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەکەن و دەڵێن : حەسەنی بەسری وتەکان و قسەکانی هەروەکو " پێغەمبەر بووە ﷺ هەروەها دەڵێن: حەسەنی بەسری کردارەکانی پێغەمبەری ﷺ لە جەستەی ئەودا ڕەنگی دەداوە .

جا ڕۆژێکیان کابرایەك پرسیار لە حەسەنی بەسری دەکات و دەڵێت :دونیات لەلاچۆنە حەسەنی بەسریش لە وەڵامێکی درێژ دەڵێت : دونیام لەلا بێ کەڵکە و کابرایەکەش پێی سەرسام دەبێ بە زیرەکی و دانایی حەسەنی بەسری چونکە لەو سەردەمدا خەڵکی بۆ ماڵی دونیا هار ببون .

هاوڕێ بەرنامەیە بەڵام بۆ داهاتوو بەرنامەیە

مرۆڤ وا دروست بووە دوورە پەرێز ناژی ، بۆ یە مرۆڤ گەر لە ناو کۆمەڵگا بژیت پێویستی بە هاوڕێیەکە کە دڵسۆز بێ بۆ خۆی و بەرنامەی داهاتوو و بۆ یەکتری ، هەروەها هاوڕێ پێویستە کاتێك هاوڕێی خۆی هەڵەیەکی بەرامبەر کرد پێویستە لێبوردە بێ بەرامبەری چونکە لێبوردەیی گەورەترین قازانجە و تام و چێژێکی زۆر خۆشی هەیە ، هەروەها گەر لێبوردە نەبووی بەرامبەر هاوڕێیەکەت ئەوا بەرنامەی داهاتووت تێك دەچێ ، چونکە هاوڕێ پردێکە بۆ دروستکردنی بەرنامەی داهاتوو جابۆیە پێویستە گەر هاوڕێیەك هەڵبژێری با هاوڕێیەکی چاك بێ ، پاك بێ ، ڕاستگۆ بێ ، دەست پاك بێ هتد .... بۆ ئەوەی سوود لە یەکتری وەرگرن ، جا بۆیەش پێویستە هاوڕێیەکی ڕەوشت بەرز و چاك هەڵبژێرین چونکە هاوڕێ لەسەر دینی هاوڕێکەیەتی هەروەکو پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت : (( المرء على دین خلیلە )) واتە : هاوڕێ لەسەر دینی هاوڕێیەکەیەتی . ئینجا هاوڕێ پێویستە کاتێك هاوڕێی نزیکی خۆی هەڵەیەکی کرد بۆی ڕاست بکاتەوە نەوەکو لەناو خەڵك باسی هەڵەی ئەم هاوڕێیە بکات ، چونکە باسکردنی لەناو خەڵکی دەبێتە هۆی تێکچونی تاك و کۆمەڵگا و پەیوەندییەکان کە ئەمەش زیانی بۆ داهاتووی ئەم کەسە هەیە هەروەها پێغەمبەریش(ﷺ) دەفەرمووێت : ( المؤمن مرآة المؤمن) واتە : ئیماندار ئاوێنەی ئیماندارە . جا بۆیەش پێویستە گەر هاوڕێیەکت هەڵەی کرد لە بۆی ڕاست بکەیتەوە و ئامۆژگاری بکەیت بۆ ئەوەی جارێکی تر ... ئەم هەڵەیە دووبارە نەکاتەوە ، ئینجا هاوڕێ دابەشی ٤ جۆر دەبێ ؟

١- هاوڕێی کاتی : ئەم هاوڕێیە بۆ ماوەی ماوەیەك لەلات دەمێنێتەوە و دوایی دەڕوا .

٢- هاوڕێی هەمیشەیی : ئەم هاوڕێیە هەتا ئەمریت هەر لەگەڵت هاتووچۆ دەکات .

٣- هاوڕێی تەنگان : ئەم هاوڕێیەش لەو کاتەی کە توشی تەنگانە دێی دێتە لات یاخود ون دەبێ .

٤ ـ هاوڕێی کۆن : ئەم هاوڕێیەش لە منداڵیەوە لە گەڵ تۆ بووە تا ئێستا .

جا سەنگینان « هاوڕێ پێویستە عەیب و عاری یەکتری بپارێزێت چونکە گەر کەسێك عەیب و عاری کەسێك نەپارێزێت خوا لە ٧ تەبەقەی ئاسمان عەیب و عاری ئەم کەسە ئاشکرا دەکات . وەکو پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت : ( ( لا یستر عبدا فی الدنیا الی ستراللە یوم القیامە ) ) واتە : گەر کەسێك عەیب و عاری کەسێك نەپارێزێت خوا لە ڕۆژی قیامەت عەیب و عاری ئەم کەسە ناپارێزێت . ئینجا پێویستە ئێمە هاوڕێیەکمان هەبێت وەکو ئەبوبەکری صدیق بێت کە یەکەم هاوڕێی خۆشەویستی پێغەمبەر ﷺ بووە . کە بەڕاستی ئەبوبەکریش باشترین و چاکترین هاوڕێی خۆشەویستی پێغەمبەر ﷺ بووە . بۆیەش نازناوی ( صدیق ) ی لێنراوە . ئینجا ئەبوبەکری صدیق دوای وەفات کردنی پێغەمبەر (ﷺ) هەرهەموو بەرنامەی پێغەمبەر(ﷺ) جێ بەجێ کرد بە جوانترین شێوە. جا هاوڕێیش ئەو هاوڕێیەیە کە کاتێك هاوڕێیەکی دەمرێت ئامانجەکانی بێنێتەدی بەڵام بە مەرجێك ئامانجەکانی ئەم هاوڕێیە مردووە ئامانجی باش و چاك و پەسەندکراو بن نەوەکو بە پێچەوانەوە.

# ڕۆیشتو بەجێی هێشتم، نازانم دڵخۆش بم یان دڵتەنگ!

ئەو دوو لاوە عاشق و مەعشوقە، کە بەبێ هیچ پێشەکییەکی ناشەرعی لە کۆتاییدا بەزەواج بەیەکگەیشتن.. بەختەوەرانەترین ژیانیان هەبوو.. ڕۆژێ لە ڕۆژان ئافرەتەکە سکاڵای خۆی لای من کرد دوای لە دەستدانی هاوسەرەکەی!

قورگی پڕ بووبوو لە ئاوازەکانی گریان، چاوانی قەتیس بووبوون لە هەنسك، لێوەکانی ووشك بووبوون، هیچ هێزێکی لەبەردا نەمابوو.. ئیدی داوم لێی کرد سکاڵاکەی خۆی بکات، دوای ماوەیەك وەقسە هات، دەستی پێکردو گوتی: ئەمن فریشتەیەکم هەبوو، ئەوەی کە خەڵکی پێی دەڵێن هاوسەر!، بە هەمووی دووساڵێك نەدەبوو کە حەڵاڵی یەك بووبووین، لەو ماوەیەدا پیشانی دام کە پیاوی نێو پیاوان و نموونەی پێغەمبەران (سلاوی خوایان لەسەر بێ) هەر ماون. گریانی لە قورگی مابوو، لەگەڵ هەندێ لە ووشەو ڕستەکانیشی فرمێسکەکانی تنۆك تنۆك دەبارین.. بەردەوام بوو و دەیگوت: ئەمن کەسێکم هەبوو، کردبوومی بە شاژن!، سەرەتا زۆر کەم و کوڕیم هەبوو، بەڵام لە ساتی دەستگیرانداریمانەوە ئامۆژگاری دەکردم، ئامۆژگارییەکانی ئەو بوون منیان پێگەیاند، لەو ساتانەی کە تەنها من و ئەو بووین بەردەوام ئامۆژگاری دەکردم، خۆشەویستی و سۆزی پێدەدام.. ئەو کەسە بێوێنەیەی من یەکێك بوو کە دەهاتەوە ماڵێ هەموو کێشەو نارەحەتییەکانی دەرەوەی لەلای دەرگاکەدا دادەناو بەجێی دەهێشتن، نەیدەهێنانە ژووری، بۆ گشت کارەکانی پرسی بەمن دەکرد، تەنانەت جاری وابوو دەمگوت کە ئەوە چ پەیوەندییەکی بەمنەوە هەیەو خۆت

نووسینی: ڕابەر ئەحمەد وەرتی



دەتوانی یەكسەر بڕیاری لەسەر بدەی، پێم وابێ پێویستی بە من نەدەكرد. بەڵام ئەو هەرگیز ئەوەی قەبوڵ نەبوو و دەیگوت: هیچ كارێ بێ ڕەزامەندی تۆ و ئاگاداری تۆ ناكەم. ماڵەكەمان بۆنی گوڵاوی بەختەوەری لێ دەهات، خزم و دۆستان حەسوودیان پێدەبردین. كانگای ئەڤین ماڵەكەمان بوو، شوێنی پەژیوانی تاوان و خراپەكارییەكانمان ماڵەكەمان بوو.. ئەمن فریشتەیەكم هەبوو كە ئەوان پێی دەڵێن هاوسەر!.

ئافرەتەكە قسەی زۆری بۆ كردم، تا ئەوەی گەیشتە ئەو قسانە: ئەو مێردەی من، زۆربەی شەوانی دوو شەممەو پێنج شەممە كە بۆ پارشێو هەڵدەستایەوە بانگی منیشی دەكرد، جا دەشیگوت: وەرە با دوو ركات نوێژ بكەین، با هەر هیچ نەبێ ناومان لەگەڵ شەونوێژ خوێنان بنووسرێ.. منیش هەمیشە ملكەچی فەرمانە چاكەكانی ئەو بووم، هەڵبەتە فەرمانی خراپی نەبوو هەرگیز.

هەمیشە كاتێ سەفەرێكی دەكرد، دەستی منی ماچ دەكردو بەڵێنی خۆشەویستی خۆی بۆ دووپات دەكردمەوە، حەزی نەدەكرد بۆ ساتێكیش جێم بهێڵێ، وەلێ جار جار ناچار دەبوو بەهۆی ئیش و كارییەوە، بەڵام زووش دەگەڕایەوە. تەواو هەستی بە من دەكرد كە من ژیانم بێ ئەو گەلێ ئەستەمە. ئەو مێردەی من، پێش ئەوەی من بناسێ خەونێكی هەبوو، زۆر هیلاك و شەكەت بوو بوو بەدەستییەوە، هەمیشە خۆڕاگرو بەردەوام بوو لەسەری.. تا ئەوەی ڕۆژێ ئەمن لە ماڵێ بووم، لەسەر كۆمپیوتەرەكە بووم، هاتەوە ماڵێو زوو خۆی كرد بە ژووریدا، هاتە پێش و كۆمپیوتەرەكەی وەلاناو لەبەردەمم دانیشت، ماچێكی عاشقانەی لێم كرد، بزەو فرمێسكەكانیش تێكەڵبووبوون، زۆر پێم سەیر بوو! ئەم فرمێسكانە، ئەم بزانە، نهێنیەكەیان دەبێ چی بێ!، تا ماوەیەك قسەی هەر پێ نەكرا، دواتر لە باوەشی گرتم و منیش وەلامم هەر بە باوەشێكی گەرمترو ماچێك دایەوە، دواتر قسەی كردو گوتی: خەون و خولیاكەم هاتە دی خانمەكەم، ئەو خواستەی چەندان ساڵە ڕەنجی بۆ دەدەم، سوپاس بۆ خوا هاتە دی، سوپاس بۆ خوا هاتە دی، زۆر دڵخۆشم گیانەكەم زۆر.. وەلێ ئەمن لەو دڵخۆشتر بووم، هیچ جوابێكیشم پێ نەبوو بۆی، جگە لە فرمێسكی خۆشی و بزەی جوانم كە بۆ خۆیان گەورەترین مانایان دەبەخشی. هەستا ڕۆیشت، گوتم بۆ كوێ دەچی ئازیزی دڵم؟ گوتی: دەچم دەستنوێژ دەشۆم و نوێژێكی شوكرانە دەكەم. منیش هەستام و دەستم كرد بە ئامادەكردنی ئەو خواردنەی كە زۆر حەزی لێبوو، لە ناكاو بانگی كرد: خانم؟ خانمەكەم؟ جوابم دایەوە ئەنجا گوتی: ئەی بەنیازنی لەگەڵم نوێژ بكەی و شوكرانە بژێریم لەگەڵ بكەی؟ من بەتەنها ناتوانم سوپاسگوزارییەكە دەربڕم، وەرە قوربانت بم، یارمەتیم بدە.. عیشق و سۆزو میهرەبانی ئەو بە جۆرێك بوو بۆ من، نەمدەتوانی داواكانی كە هەمیشە ڕەوا بوون، نەمدەتوانی بەجێیان نەهێنم. ئیدی دەستمان بە نوێژ كرد، لە ركاتی دووەمدا، سوجدەی یەكەم زۆری پێچوو، درەنگ هەستاینەوە، چووینە سوجدەی دووەم، بەڵام ئەمجارە زۆر زیاتری پێچوو هەر هەڵنەستاینەوە، بۆ نزیكەی هەشت تا دە دەقەی پێچوو هەر هەڵنەستاینەوە، ناچار ئۆقرەم نەگرت و نوێژەكەم بڕی.. هەستام و چوومە لای، دەبینم زۆر بێدەنگ و بێهەستە! دڵم زۆر بەخێرایی لێی دەدا، دەستم گەیاندێو هەر ئەوەندە ئیدی كەوتە سەر لای ڕاستی! بینیم دەموچاوی بەلێزمە بارانی فرمێسكەكانی تەڕتەڕەو، لێویشی بەهارییە بە بزە شازو جوانییەكەی! ئیدی دیتم كە ئەمە تەنها جەستەیەكەو ڕۆحەكەی لەبەردا نەماوە! خودای بەدەسەڵات بردیەوە بۆ لای خۆی، ڕۆیشت و بە تەنها جێی هێشتم، منی نەبرد لەگەڵ خۆیدا! چەند خۆزگەم بەو دەخواست! ئیدی ڕۆیشت و جێی هێشتم، بەڵام نازانم دڵخۆش بم یان دڵتەنگ! دڵخۆش بم بەوەی كە من ژنی ئەو كەسە بووم و ئەو گەوهەرە مێردی من بوو، یان دڵتەنگ بم بەوەی كە جێی هێشتم و لەم دنیایەدا لەدەستم دا!!

ئەمن بەهۆی ئەووە پێگەیشتم، تێگەیشتم، پێدەكەنیم، بەهۆی ئەووە گشت خەونە شەرعییەكانم هاتبوونە دی، بەهۆی ئەووە ژیانم لا جوان بوو بوو، ئەمن پەروەردەی دەستی ئەو بووم، ئەو هەمیشە بەمنی دەگوت كە ئەتۆ ڕەحم و بەرەكەتی بۆ ماڵەكەمان و ژیانەكەمان، بەڵام ئێستا بۆم دەركەوت كە ئەوە هەر تۆ بووی كە ببووبوویتە هۆكاری ئەو هەمووە ڕەحم و بەرەكەتە! من بێ تۆ چی بكەم هەناسەكەم؟!

بەڵێ.. ئەمن فریشتەیەكم هەبوو ئەوەی كە ئەوان پێی دەڵێن هاوسەر! ئەو پیاوە مەزنە بۆ من هاوڕێ بوو، هاودەم بوو، هاوخەم بوو، هاوكار بوو، هاوراز بوو، هاوژین بوو، هاوسەر بوو.. بۆ من تاك بوو، هەموو شتێكی من بوو!

ئێستا ئەو لە حاڵێكی خۆشدایە بە ویستی خوا، چاوەڕوانی من دەكات، وەلێ من هێشتا هەر لە دنیام، ئاخۆ كەی خوای بەمیهر، دەمانگەیەنێتەوە بە وێستگەی ویصاڵ و بەیەكدیمان حەلاڵ دەكاتەوە؟! چاوەڕوانم ئەی خودایە.. خۆڕاگرم، پشت بە تۆ دەبەستم، تۆش بەهێزم كە، تا ئەوەی ڕۆژێ دی، بەجۆرێك بەیەكمان بگەیەنیەوە كە هەرگیزاو هەرگیز لێك جیانەبینەوە.



ئامادەکردنی: إسماعیل عبدالرحمن پیرداودی، مامۆستای زانکۆ

# عیادەی دکتۆر و کاری وەرگێڕان

کاری وەرگێڕان، یان تەرجومە، کارێکی زۆر قورس و هەستیارە، یەکێکە لەو کارانەی کە لەهەمان کاتدازانستە و هونەریشە، زانستە بەو واتایەی کە پێویستە کەسێ کە کاری وەرگێڕی بکات بنەماکانی کاری وەرگێڕان بخوێنێت و فێریان ببێ و پابەند بێت پێیانەوە، هونەریشە چونکە پێویستی بە سەلیقە و کارامەیی و توانا و مەشق و ڕاهێنانێکی زۆری هونەری و تەکنیکی کۆنترۆڵ کردن و کارگێڕی خود وکات هەیە. ئەمەش مانای ئەوە ناگەێنێت کە کەسێ بڕوانامەی لەبواری زمان و وەرگێڕان نەبوو ئەوا ناتوانێ کاری وەرگێڕان بکات، نەخێر مەرج نییە، بە بەڵگەی ئەوەی کە لە نۆهەتەکانی سەدەی ڕابردوو لە کوردستانی خۆماندا چەندین دکتۆر و ئەندازیار هەبوون لەبەر ئەوەی کاری دکتۆری و ئەندازیاری باوی ئەوتۆیی نەبوو، بەحوکمی ئەوەی زمانی ئینگلیزیان دەزانی بۆیە لەزۆرێك لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی وەك یونسکۆ و یۆنیسێف و یوئێن کاری وەرگێرانیان دەکرد لەبەرامبەر بڕەپارەیەکی باش، کە بۆ ئەو کات پارەیەکی خەیاڵی بوو.

ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە ئەوە نییە کە بێم باس لە بنەماکانی کاری وەرگێڕان و وەرگێڕی بەتوانا و هتد...بکەم، بەڵکو مەبەستمە چیرۆکێکی سەیر وسەرنج ڕاکێشتان بۆ بگێڕمەوە، ئەویش باسی مام نوری شۆفێری لۆری یە، مام نوری کەدانیشتووی شاری سلێمانییە، بەوتەی خزمێکمان هێشتا مام نوری هەر لەژیاندا ماوە، ئێستا تەمەنی نزیکە ٦٥ ساڵێك دەبێت، ئەوخزمەمان بۆی گێڕامەوە، کە مام نوری لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا قەڵابێکی ئەلبی ئەڵمانی هەبوو، ئەو جۆرە قەڵابە لەعێراق ئەوکات تازەبوو، ڕۆژێکیان ئەلبی عاتڵ بوو، مام نوری ئەلبیەکەی بردە سەر فیتەری، بەڵام هەروەکو وتمان ئەلبی تازەبوو لەعێراق بۆیە هیچ یەك لەفیتەرەکان سەریان لێدەرنەچوو،کێشەی قەڵابەکە ئەوە بوو کە یەك-دوو گێری شەکلی کردبوو نەدەچووە گێر، مام نوری ماوەیەکی زۆر بێ سود لە فیتەری دەهات و دەچوو، فیتەرەکانیش چەندی هەوڵیان لەگەڵدا، بەڵام بێسود بوو. ڕۆژێك مام نوری گوتی: کوڕە خۆ ئەو قەڵابە کەتەلۆگی لەگەڵ دایە، باشە بۆ نەچم کەتەلۆگەکە نەهێنم و بزانین قەد چاریەکی بۆ نادۆزینەوە؟! لەبیرتان نەچێ کە ئەلبی ئەڵمانییە، مام نوری کەتەلۆگەکەی هێناوبرد، چووە لای چەند خوێندەواران دەیگوت: تخوا بزانن سەرتان لێدەرناچێ؟ دەچووە لای هەر کەسێك تاوەکو بۆی بخوێنێتەوە بەڵام هەموویان دەیانگوت: بەخوای مام نوری، بەئەڵمانی نوسراوە و سەرمان لێیدەرناچێ! لەپڕ یەکێکان گوتی: مامنوری بۆ بۆخۆت ناچیتە لای دکتۆر ئەحمەد، دەڵێن تازە لە ئەڵمانیا گەڕاوەتەوە. ئێ مام نوری داماو چۆن بگاتە لای دکتۆر ئەحمەد؟! مام نوری بیری کردەوە و گوتی: وا چاکە بچمە نۆرینگەکەی دکتۆر ئەحمەد، وەکو خەڵکی بۆ خۆم وەرەقەیەکی دکتۆر دەبڕم و بۆخۆم لەسەرەی دکتۆر ڕادەوستم و دەچمە لای! بۆیە مام نوری بەخۆی و بەکەتەلۆگەکەیەوە هاتە عیادەی دکتۆر ئەحمەد، ڕاوەستا وەکو خەڵکی تاوەکو سەرەی گەیشتێ، چووە ژوورەکەی دکتۆر،

مام نوری گوتی: السلام علیکم، دکتۆر!

دکتۆر: وعلیکم السلام، فەرموو، چ خێرتە، کوێت دێشێت؟

مام نوری: والله، دکتۆر ئەوەی ڕاستی بێ، بەخۆم هیچ عەیبم نییە، بەڵام قەڵابەیەکی ئەلبی ئەڵمانیم هەیە...

دکتۆر: هە، ئێ، ئینجا بەمن چی؟؟!!

مام نوری: ڕاوەستێ دکتۆر، با عەرزی جەنابت بکەم، من ئێستا قەڵابەکەم نەخۆشە، نەك خۆم! دکتۆر،



هەرێمی كوردستان / عێراق
سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆكایەتی دیوان
فەرمانگەی رێكخراوە ناحكومییەكان

اقليم كوردستان/ العراق
رئاسة مجلس الوزراء
رئاسة الديوان
دائرة المنظمات غير الحكومية

Department of NGOs

ژمارە: ٢٣٧٤ . ك
بەروار: ٢٩ / ١ / ٢٠١٥

بەڵگەنامەی تۆمار

لەژێر رۆشنایی هەردوو ماددەی (١٠ و ١١) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١، تایبەت بەرێكخراوە ناحكومییەكان لەهەرێمی كوردستان، بەبوونی مەرجە یاساییەكان لەداواكاری تۆماركردن، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە تۆماركردنی (ئینستیتوتی بانگخوازان بۆ توێژینەوەی زانستی/ GIRSR)

ئەكرەم محەمەد جەنۆ
سەرۆكی فەرمانگەی رێكخراوە ناحكومییەكان

www.krgngo.org

قەللابەكەم گێرو مێرى شــەكلى كردوە، چەنديــن فيتەرم پێكــردووە هەموويان دەڵێــن ســەرمان لێدەرناچــێ، منيــش بيســتبووم كە جەنابتان تــازە لە وڵاتى ئەڵمانيــا گەراوەتيــەوە و ئەڵمانيايەكى باش دەزانى، بۆيە هاتومەتە لاى جەنابت چارەسەرێكم بۆ بدۆزيتەوە!

دكتۆر: هەهههە، بەخوايە تۆ كەسێكى زۆر ســەيرو قســەخۆش ديارى، بەينى خۆمان بێ، والله مادام واى لێهات، باشــە وەعد بێ، ئيێستاكانە دەبمە موتەرجيمى تۆ، تا كێشەى قەللابەكەت لۆ نەدۆزمەوە يەك نەخۆش نابێــت بێتە ژوورەوە، كا كەتەلۆگەكەت بێنە!

مام نورى: ها فەرموو دكتۆر گيان!

پاشــان دكتۆر كەتەلۆگەكەى لە مام نــورى وەرگرت، و لەمام نورى پرســى: كێشەكەى لە گێرە، وانييە؟

مام نورى: ئەرێ والله، دكتۆر گيان!

دواى چەنــد خولەكێــك لەئەوديوئەوديوكردنــى پەرەكانــى ناو كەتەلۆگەكە دكتۆر ئەحمەد، چووە سەر ئەو لاپەڕەيــەى كە پەيوەندى بە گێرى قەللابەكەوە هەبــوو، بەمام نورى گوت: لە فلانە شوێنى قەللابەكەى تۆ فيوزێك هەيــە، تايبەتەبە گێر، بــڕۆ ئەو فيوزە بگۆرە،گێرەكە چاك دەبێتەوە، مام نورى لە خۆشيان قسەى پێنەدەكرا، گوتى: زۆر مەمنونــم دكتۆر بۆ ئــەو تەرجومەيەى كە لۆت كردم، پاشان مام نورى هەستا و رۆيشت، كاتێك گەرايەوە لاى فيتەرەكان و ســەيريكرد بــەو شــێوەيەى دكتــۆر ئەحمــەد وەســفى كردبوو،هەروابــوو، فيوزێكى ســوتا بوو، بۆيــە فيوزەكەيان بــۆ دانــاوە و گێرى قەللابــى مام نورى چاك بــووەوە، ئــەم كارەش بەچەندين فيتەر نەكرا، بەڵام بە يەك وەرگێر كرا، كەخۆيى لەبنەرتيشدا پزيشك بووە!

تێبينى:

ئــەم چيرۆكە راســتەقينەيە، بەڵام نــاوى دكتــۆر ئەحمــەد خــوازراوە، نازاندرێت لەڕاســتيدا دكتــۆرى وەرگێر ناوى چى بووە.

- زۆرێک لە گەورە پیاوان لە توانایاندا نەدەبوو ببن بە گەورەو مەزن گەر دایکێکی گەورەو مەزنیان نەبایە،کە لە زۆرێک لە روبەڕوبونەوە و ئاستەنگەکانی ژیاندا لەگەڵیان بوونە تا کاتێک توانیویانە لەسەر پێی خۆیان راوەستن.

- ستەمە پیاو لە دەرەوەی ماڵ لەگەڵ هاوەڵ و دۆستانیدا رووخۆش و کراوە بێت،بەڵام کاتێک گەڕایەوە ماڵەوە خێزانەکەی جگە لە بێتاقەتی و مۆنی هیچی تری لێ نەبینێ و هیچی لێ نەبیستێت جگە لە گلەیی و گازندە،پێغەمبەری خواش (ﷺ) فەرموویەتی (خیرکم خیرکم لاهله و انا خیرکم لاهلی ) حدیپ صحیح رواه ترمڑی و غیره. واتە چاکترینتان چاکترینتانە بۆ خانەوادەکەی من چاکترینتانم بۆ خانەوادەکەم.

- سەردەمەکەمان سەردەمی بێ ئاگایی و رۆچوونە لە ئارەزووبازی،لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر دایك و باوك خۆیان رابێنن لەگەڵ منداڵەکانیان لەسەر نەریتێکی باش و زۆر بەسود،ئەویش بریتییە لەوەی لەهەر کاتژمێرێکدا بۆ یەك خولەك راوەستن و یادی خوا بکەن و لێی بپاڕێنەوە وملکەچبن لەبەردەستیدا.

- ئەمڕۆ لە بازاڕدا ژمارەیەکی زۆری کاسێت هەیە کە بایەخ بە پەروەردەی منداڵان دەدات و ئەزموونی باش پێشکەش بەدایباب دەکات، لەپێناو بایەخدانیان بە منداڵەکانیان. دەکرێت بە شێوەیەکی نایاب سود لەوکاسێتانە ببینرێت و گوێیان لێبگیرێت، لەناو ئۆتۆمبیل و لەکاتی هاتووچۆی خێزانیدا، بە تایبەت لە گەشتی درێژ خایەندا.

- زۆرجار بۆنی لاشە بێزار کەرە بەتایبەت لە رۆژانی هاویندا، کاتێك گەرما پەرەدەستێنێت، جا پێویستە لەسەر هەر یەك لە هاوسەران سوڕبن لەسەر پاك و خاوێنی لاشەیان بە شێوەیەکی گشتی و دەم و دانیان بەشێوەیەکی تایبەتی، دەرکەوتووە زۆرێك لە ژن و مێردەکان نیگەرانن لە هەندێکی بۆنی ناخۆشی هاوسەرەکانیان بەڵام شەرم دەکەن باسی بکەن و دەری ببڕن.

- گەر پیاو گەڕایەوە ماڵەوە یان ژن گەڕایەوە ماڵەوە، با هاوسەرەکەی هاتنەوەکەی فەرامۆش نەکات، بەڵکو چاك وایە واز بێنێ لەوە کارانەی پێوەی سەرقاڵەو روبکاتە ئەوو پێشوازی لێبکات و پەرداخێك ئاو یان شتێکی لەو بابەتەی پێشکەش بکات، ئەمەش خۆشەویستی و پەیوەندی نێوانیان زیاد دەکات.

- زۆرێك لە ژنان سکاڵایانە لەو بەتاڵی و بێ ئیشیەی هەیانە، داوا لە هاوسەرەکانیان دەکەن ئەو بۆشاییانەیان بۆ پڕ بکەنەوە، ئەمەش کێشە و گرفت دروست دەکات، پێویستە لەسەر هەریەکە لە هاوسەران زیاتر پشت بە خۆیان ببەستن لە پڕکردنەوەی ئەو نیگەرانیانەی کە هەیانە لە بۆشایی رۆحی و هزری و سود بینین لە کاتەکانیان.

- کاتێك دایباب گفتوگۆ دەکەن لە هەر بابەتێ لە بابەتەکانی پەیوەندیدار بە خێزان ، ئەوا پێویستە هەوڵ بدەن خۆ بەدوور بگرن لە هەست و سۆزی خۆشەویستی یان رق لێبونەوە، سەبارەت بەو شتەی گفتوگۆی لەسەر دەکەن،چونکە ئەمە بەمەرجی بنەرە□تی دادەنرێت بۆ گەیشتن بە راستیەکان و بڕیاردانێکی دروست.

- بێ ئومێدی دوژمنی ژیانی بەختەوەریە، ئەرکی دایکان و ژنانە بەردەوام ماڵەکانیان وا لێبکەن سەرەنجراکێش بێت بۆ ژیان و مانەوە، وەك روخۆشی ودڵخۆشی و نوێبوونەوەو کاری دڵخۆشکەری لەناکاو، ئەمەش لە راستیدا پێویستی بە شتێك لە داهێنان هەیە.

- خەونەکانمان تا گەورە دەبن پێویستیان بە پاڵپشتی و هاندان هەیە، وەك ئەو شتانەی پێشکەشی نەوەکانمان دەکەین، یەکێك لە راپرسیەکان دەریخستووە کە رێژەی ئەو پیاوانەی کە لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا گفتوگۆ ناکەن سەبارەت بە هیوا و داهاتووەکانیان دەگاتە رێژەی ٥٧٪ ،بەڵام ئافرەتان رێژەیان دەگاتە ٥١٪،ئەمەش مایەیی نیگەرانی وسەرسوڕمانە.

- هەموو ئەو هەوڵانەی بەخەرج دەدرێت بۆ یەکخستنی هەست و سۆزی خێزان و یەکخستنی تێڕوانیان بۆ ژیان، دەڕژێتە خزمەتی گەل ونەتەوەوە، گەواهی دانی زۆر هەیە دەیسەلمێنێت

که زۆربوونی ژمارەی خێزانی توندوتۆڵ و پتەو یانی کەمی ژمارەی بەندینخانە، هەروەها پێچەوانەکەشی راستە.

- قورئانی پیرۆز فێرمان دەکات، مرۆڤ هێزو تواناکەی بەرەو لادان و خۆسەپاندنی دەبات، روون وئاشکرایە پیاو لە لاشەدا بەهێزترە لە ژنان، وە قەبارەشی گەورەترە، جا پێویستە بەردەوام لە خوا بترسێت لە ستەمکردن و هەڕەشەکردن لە هاوسەرەکەی.

- سەردانی خزمان لای خوا کارێکی زۆر گەورەیە،پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) وتی: (اخبرنی بعمل یدخلنی الجنه،قال : تعبد الله و لاتشرك به شیئا، وتقیم الصلاه و تؤتی الزكاه و تصل الرحم) متفق علیه.

به واتای ئاگادارم بکەرەوە لە کارێك بمباتە بەهەشتەوە،فەرمووی خوای گەورە بپەرستە و هاوبەشی بۆ پەیدا مەکە،نوێژەکانت بەجێبێنە و زەکات بدە و سەردانی خزمان بەجێ بێنە.

چی شتێ لەوە گەورەترە سیلەی رەحم هاوشان بکرێت بە یەکتاپەرستی و نوێژ و زەکاتەوە.

- گرنگە کاتێك دەچینە بازار بۆ شت کڕین، بزانین کە ماڵ و سامان هی خوایە، جا پێویستە لەسەرمان بە پێیی رەزامەندی و خوا مامەڵەی پێوە بکەین و دوور لە دەستبلاوی وبەفیرۆدان و خۆدەرخستن.

- هەرچەند تاکەکانی خێزانی مسولمان سەرقاڵ بن، پێویستە هەریەکەمان، خوێندنەوەی کتێبێك مانگانە بەلای کەمەوە لەدەست نەدەن، رێکخستنی کات لە هەموو بارودۆخێکدا بوار دەدات هەفتانە کتێبێك بخوێنرێتەوە.

- زۆرجار رەوتی پان لەکۆمەڵگادا پێگەیشتوو نییە، بێگومان پێویستە خێزانی مسولمان لاسایی کردنەوە رەتکاتەوە، هەوڵ بدات کاروانی ژیانی بەپێی حوکمی شەریعەت و ئاماژەکانی چاکێتی بیت.

- یەکێك لە توێژینەوەکان سەلماندویەتی قسەو باسی ژنان لەسەر پیاوان سێ ئەوەندەی قسەی پیاوانە لەسەر ژنان، ئەمەش وا دەخوازێت ژنان وریابن نهێنی هاوسەرەکانیان ئاشکرا نەکەن لەمیانەی قسەو باس و ئاخاوتنیاندا.

- بەدەستهێنانی بژێوی و خەرجی خێزان لە ڕێگا دروست و رەواکانە، لە گرنگترین ئەو کارانەیە کە پێویستە خێزان هەمویان بایەخی پێ بدەن، ئەمە شتێکە سازش و دەستبەرداری قبوڵ ناکات، کاتێك بارودۆخەکان بەرتەسك دەبنەوە نارەحەتیەکان توند دەبن، ئەوا دەرچوون لەم نارەحەتیانە بە خواردنی ماڵی حەرام نابێت، بەڵکو بە نزاو پاڕانەوەو پاکیزەیی و کاری جدی دەبێت.

- کاتێك تاکەکانی خێزان دەرك بە گرنگی ئەوە دەکەن، کە خەڵکی لە چێژوو تێروانینیاندا بۆشتەکان جیاوازن، ئەوسا بۆزۆرێك لە هەڵوێستانەی نواندویانە پۆزش دەهێننەوە.

- کاتێك لەباری تورەییدا دەمانەوێت چارەسەری جیاوازیەکانمان بکەین، لە راستیدا ئێمە چارەسەری جیاوازیەکان ناکەین، بەڵکو زیاتر ئاڵۆزی دەکەین. چارەسەری کێشەکان پێویستی بە هێمنی ولەسەرخۆیی و کرانەوەی ئەقڵی هەیە.

- لە سیمای ژینگەی پەروەردەیی باش، روخۆشی وگەشبینی و ئەرێنیە، توێژینەوەیەکی بەریتانی سەلماندویەتی، کاتێك تاك دڵخۆش و شادمان و حەساوەیە پەیوەندی بە جیناتی بۆماوەوە نیە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێگا پەروەردەییەی کە لە منداڵیەوە وەریگرتووە.

- تاشینی قژی سەری منداڵی کۆرپە لە رۆژی حەوتەمی لەدایکبونیدا، سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی هاوکاری لە کۆمەڵگای مسوڵماندا،چونکە خێرکردن بەکێشی قژی منداڵەکە لە زیو (هەر چەندە سانایە) ،یارمەتیەکە بۆ هەژاران و بەرجەستە کردنی دیاردەی بەزەییە لە نێوان مسوڵماناندا.

- لە زۆرێك لە ماڵەکاندا دیاردەیەك هەیە،زانایان ناویان ناوە کەرِی سۆزداری، بەمەش بێدەنگی باڵ دەکێشێت بەسەر ماڵداو،پەیوەندی نێوان هاوسەرەکان لە کەمترین ئاستیدادەبێت، یەکێك لە توێژینەوەکان دەریخستوە کە (٧ لە ١٠ )ی خێزانەکان دەناڵێنن بەدەست بێدەنگی هاوسەرەکانەوە، ئەمەش ژیانی خێزانی بێبەش دەکات،لە زۆرێك لە سۆز و دڵخۆشی و شادومانی، بەرەو بێزاری و داخراویان دەبات.

- ئەنجامدانی نوێژی بەیانی لەکاتی خۆیدا بە یەکێك لە جیاوازیە بنەڕەتیەکانی نێوان خێزانی چاکی پابەند بە رێنماییەکانی ئاین ونێوان خێزانەکانی تردا پێك دێنێت، با هەر خێزانێك لە خێزانەکانمان ئەمە وەك رێنمایی وەرگرێت و لەمیانەیەوە پێگەی خۆی لە نەخشەی پابەند بوون و دینداریدا بزانێت.

- خەڵکانێکی زۆر پارەیەکی زۆر و بێشومار خەرج دەکەن، لە نرخی ئەو شمەکانەی کە ریکلامەکان رەواجیان پێداوەو جەختیان لەسەر کردۆتەوە، توێژینەوەی وا لە رۆژئاوادا هەیە ئاماژە بە پاشکشێی کاریگەری ریکلام و پروپاگەندە دەکات لە سەرکڕینی شتومەك، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هوشیاری خەڵك بەرەو چاکی و پێگەیشتوویی رۆیشتووە.

- توێژینەوەیەکی تازەی بەریتانی ئاماژەی بە بەرزبوونەوەی رێژەی ئەو پیاووژنانە داوە کە بڕوایان وایە شوێن و پێگەی ئافرەت لە ماڵەوەدا بێت، زۆر ئەستەمە ژن بتوانێت لەکاتێکدا دایکێکی بەتوانا بێت و فەرمانبەرێکی نایابیش بێت، ئەرك و کارەکانی جێبەجێ بکات هەستێت بە چاودێری خێزانەکەی بەشێوەیەکی باش، بە تایبەت لە کاتێکدا منداڵی بچوکی هەبێت.

و. لەتورکیەوە: گەشبین حسێن



ئه گه ر ده ریات خۆشده ویت ده
بێت شه پۆله کانیشت خۆشبوێت
ئه گه ر حه زت له فرینه ده بێت
که وتنیش بزانیت.
ئه گه ر به ترسه وه بژیت
ئه وا ته نها سه یری ژیان ده که
یت....

له ناوچه یه کی شاخاویدا حه
کیمێك له گه ڵ منداڵێك و چراکه یدا
به رێگادا ده رۆیشت،
منداڵه که به ردێك به ر قاچی ده
که وێت و له به ر ئازار هاوار ده کات
و ده ڵێت"ئاه"
له شاخه که وه ده نگی "ئاه"دێت
منداڵه که ئه مه ده بیستێت
زۆری به لاوه سه یر ده بێت
به مه راقه وه هاوار ده کات و ده
ڵێت"تۆ کێی؟" به لام وه لامه که ی ته
نها "تۆ کێیت؟"ده بێت
منداڵه که به م جوابه زۆر توڕه ده
بێت..هاوار ده کات و ده ڵێت
"تۆ ترسنۆکی"ئه و جوابه ی له
شاخه که وه وه ری ده گرێت
"تۆ ترسنۆکی" ده بێت
سه یری حه کیمه که ده کات و ده
پرسێت "چی رووده دات؟"
حه کیمه که ش ده ڵێت
"رۆڵه که م ئاگاداربه"
هاوار ده کات و ده ڵێت
"حه یرانی تۆم" .سه وته که به
هه مان شێوه "حه یرانی تۆم "ده بێت
حه کیمه که که هاوار ده کات و
ده ڵێت "تۆ ناوازه ی"جوابی شاخه که
"تۆ ناوازه ی"ده بێت
منداڵه که سه ری سور ده مێنێت
به لام هێشتا نازانێت چی روویداوه
حه کیمه که بۆی روون ده کاته وه
"رۆڵه که م ئینسانه کان به مه ده
ڵێن ده نگدانه وه به لام وه کو ژیانی
راسته قینه یه
چی به ژیان بده یت.ئه وه ت تیا
ره نگ ده داته وه .
ژیان ئاوێنه ی ده نگ و هه ڵسوکه
وته کانه ئه گه ر له ژیانتدا
خۆشه ویستی زیاترت ده وێت
ئینسانه کانت زیاتر خۆش بوێت
ئه گه ر ده ته وێت به رێزه وه
هه ڵسو که وتت له گه ڵ بکه ن
به رێزه وه هه ڵسوکه وت بکه
ئه گه ر له لایه ن که سانی تره وه
لێ تێگه یشتن ده وێت
سه ره تا هه وڵ بده بۆ تێگه شتن
له که سانی تر...
ئه گه ر ده ته و یت ئینسانه کان
به لێبورده یی و به ئارامییه وه
هه ڵسوکه وتت له گه ڵ بنوێنن
ده بێت پێشتر به ئارام و لێبورده
بیت...
کوڕه که م له ژیاندا چی بچێنیت
ئه وه ده دوریته وه
ئه مه یاسای سروشته هه موو
لایه نه کانی ژیان ده گرێته وه



نوسینی :شەهێن ابراهیم

# کاردەکەیت بۆگەیشتن بەویستەکانت

لەگەڵ گەشەسەندن وهەست کردن بە شتەکانی دەوروبەر و ڕۆشتنی تەمەنی منالّی و هاتنی تەمەنی بەرپرسیاری ویستەکانی هەریەکەمان دەست پێی دەکات هەندێکمان هەیە بێ پلانانە هەوڵ بۆگەیشتنی دەدات هەشمانە هەر دەڵێت نازانم ویست و ئاواتم چی یی! کەمن ئەوانەی بە پلانەوە ئامانج دیاری دەکەن و هەوڵ دەدەن بۆگەیشتن پێی. ئاشکرایە زۆرمان بۆ بە دەستهێنانی ئاوات و ویستە دروستکراو چرۆپێکراوی خۆمان ئامادەین مافی دەوروبەرمان ببەین، کە ئەمە یەکێکە لەوکارە نا دروستانەی کە زۆرترین روخێنەری یەکتری لێوە دروست بووە بۆ بە دەستهێنانی ویست وخواستی خۆت مەچۆرە سەرماف و بوونی ئەوانی تر، ئامانج و ویستی خۆت دیاری بکەو بە توانا و دەسەڵاتی خۆت بە دەستی بهێنە و کۆڵ مەدە لە ئامانجەکان ئامادەبە بۆ بڕینی هەڵدێرەکانی دێتە ڕێت .

ئاگاداربە!! لە پێش ویستەکانت ودیاریکردنی ئەوەی دەتەوێت بزانە چی یەو گرنگی چەندە بۆئەوەی بەپێی گرنگی و لەپێشی کارەکانت هەوڵی بۆ بدەیت وبەدەستی بهێنیت، چونکە هەموومان بونیاتی ئەوەمان هە یە شتنانی بێ سود لە ناخمان بێت وبچێت، بۆیە تۆ وریابە ئەوانە گەشە پێ نەکەی.

بەداخەوە هەندێکیشمان هەیە دەڵێت نەخواست ونەویستێکی وام نی یە لەم ژیانە یان لەم کاتەدا یان لەم کارەدا دەڕۆم لەگەڵی ! نا ئەمە وانیە! ئەوە ناتوانێت دیاری بکا ویستەکانی بۆیە دەڵێت نازانم. ئاخرچۆن دەبێت مرۆڤێك هەبێت هێندە بێ باك بێت؟ لە کاتێکدا مرۆڤ بۆ ژیانی خۆی سەرکردەو و بڕیاردەرە، تۆهێندە مردوو بیت کە نەزانی ئامانج و ویستەکانت چی یە؟ ئەی چۆن هەوڵ دەدەیت بۆپێکانی . لە گەڵ ئەوەی خودی مرۆڤ وایە هەتا خوێن لە لاشەیدا بێت وبچێت ویست و خولیا و ئاواتی هەیە بەڵام ئەوەی دەڵێ نیمە هەروا دەڕۆم لەگەڵی نازانێ چی دەوێت، لەگەڵ ئەوەی کەکات بە کات و سەردەم بە سەردەمی ژیان دەگۆڕێت، ئەگەرلەکاتی خۆی چالاکانە و دەست و بردانە بەدەستی نەهێنێت ئەوا زوو لەلات بوونی نامێنێ و شتی تر جێگەی دەگرێتەوە ئەویش بەهەمان خواستی پێشووت دەڕوات، ئاگات لێبێت ژیان خۆی فێری ئەوەیە ئەمڕۆ نیشان دەداو بەیانی بیردەباتەوە ...بۆیە تۆ لەکاتی خۆی نەگەیت بەوەی دەتەوێت وردە وردە لەبچوکترین ویستت تا گەورەترینیان خۆت لەناوی دە بەیت نەك دەوروبەر، خۆت دەدەیت بەدەستەوە بێ کاریگەری هیچ کەسێك تۆ خۆت توانایی بە دەستهێنان و کارکردن نی یە بۆ خەونەکانت . چۆن ماف دەدەیت بە خۆت چاوت لە سەر بە دە ستهێنانەکانی دەوروبەرت بێت؟ چۆن داوا دەکەیت بێ هەوڵەکانت؟

دەی ئیتر بگە ئەوەی بێ دیاریکردنی ئامانجت ویستت نە بێت بێ کارکردن بۆ بەدەستهێنانی داوای بەرهەم مەکە. هێندە بێ خەمانە دامەنیشە هەتا ژیان بۆ دانراوە بەرامبەر ویستەکانی ناخت کارکردە بە، هەتا ژیان بۆ دانراوە مرۆڤێی دیار بژی وابکە سەرنجی چاوی هەمووان با لەسەر تۆ بێت بۆ فیربوون لێتەوە، نەك خۆت سەرنجی چاوت لەسەر هەمووان بێت.



وەرگێڕانی: شکار عیزە ت هەورامی

# ٢٠ ڕێگای باش بۆ زاڵبوون بەسەر تەمبەڵی و زۆرترین ئیش و کار لە کەمترین کات و ماوەدا

دانانی پلان: ئامانجتان دیاری بکەن، بۆ ئەم مەبەستە دەتوانن بیرۆکەکانتان بخەنە سەر کاغەز و بیاننوسنەوە و بۆ ئەنجامدانیان کاتیان بۆ تەرخان بکریت و وە لە گرنگترین کارەوە دەست پێ بکەن.

بۆ هەر رۆژێکتان پێشتر بەرنامە رێژی بکەن : بەم بەرنامە رێژیە نەستی ناخی ئێوە کار لەسەر ئەم پلان و بەرنامە رێژیانەتان دەکات تەنانەت کاتێك کە لە خەویشدان.

یاسای ٨٠/٢٠ لە هەموو کارەکانتاندا جێبەجێ بکەن : هەمیشە لە سەدا ٢٠ ی کارەکانی ئێمە زۆر گرنگن، وە لە سەدا ٨٠ ی کارەکانمان بەو شێوەیە گرنگنین، بۆیە کەسە سەرکەوتووەکان سەرەتا ئەم لە سەدا ٢٠ کە کارە گرنگانە رەنگە نارەحەتبن ئەمانە ئەنجام دەدەن، واتە خۆیان ئەگونجێنن لەسەر ئەنجامدانی ئەم کارانە. ئامانجی کارەکان بخەنە پێش چاوتان:

دوربینیتان هەبێت بەرامبەر کارەکانتان، بیرکردنەوەی مەودا درێژ وا دەکا بریارە مەودا کورتەکانمان پەرەپێبدات، بیری بەردەوام لە ئەنجامی کارەکان، یەکێکە لە باشترین ئەو رێگایانەی کە دەتوانین بەهۆیەوە ریزبەندی گرنگترین کارەکانمان واقیعانە لە ژیاندا دیاری بکەین.

هەمیشە رێگای ABC... بەکاربهێنن: کارەکانتان بە پێی گرنگی ریزبکەن. تەرکیزبکەن و چربیبنەوە لەسەر ئامانجە سەرەکیەکەتان: لەم رێگایەدا راوێژبکەن.

یاسای دیاریکردنی زۆر پێویستیەکان جێ بەجێ بکەن: هەرگیز بۆ ئەنجامدانی هەموو ئەو کارانەی کە زۆر پێویست و زۆر گرنگن کاتی پێویستمان نیە، کەواتە ئەو کارانە ئەنجام بدەن کە گرنگترین رۆڵیان هەیە بۆ بەرەو پێشبردنی ئامانجەکەتان.

پێش دەست بەکاربوون پێداویستیەکانی ئیشەکەتان بەتەواوی بەدەستبخەن. کەلوپەلە زیادەکان لە چواردەورتان کۆ بکەنەوە، تەنها ئەو شتەی کە پێویستانە ئەوە دانێن لەبەر دەستتاندا، با ئەو شوێنەی کە تێیدایت رێك و بەتەرتیب بێت، چونکە هەستی ئەرێنی و داهێنەرانە و بڕوابەخۆبونتان پێ دەبەخشێت.

هەمیشە وەکو فیرخواز و شاگردێك بمێننەوە: فیربوونی بەردەوامی مەرجی پێویستە بۆ سەرکەوتن لە هەر بوارێکدا، هەمیشە ئامادەی فیربوون و وەرگرتنبن، گەشە بە توانا تایبەتەکانی خوتان بدەن.

هەمیشە ئەم پرسیارە لە خۆتان بکەن: بەراستی من لە چ بوارێکدا لە خەڵکی دیکە باشترم؟ لە چ کارێك زیاتر چێژ وەردەگرم، تا ئێستا گرنگترین هۆکارەکانی سەرکەوتنی من چی بووە؟ دواتر لەو بوارانەی کە ئاماژەت پێداوە چالاکی زیاتر ئەنجام بدە.

رێگریە سەرەکیەکانی خۆتان دیاریبکەن: ئەو رێگریانەی کە دەبنە هۆی پێشکەوتنتان دیاریبکەن، رۆژەکاناتان بە ئامانجی لابردنی ئەم سنور و رێگریانە بەرێ بکەن.

هەر جارەو هەنگاوێك بچنە پێشەوە. یەك مەتر یەك مەتر دژوارە بەڵام یەك سانتیم یەك سانتیم وەکو ئاو خواردنە، هەنگاو بە هەنگاو پێشرەوی بکەن.

خۆتان بخەنە ژێر چاودیرییەوە:

پێویستان بەوەنەبیت کە کەسێك چاودێری کارەکانتان بێت، ڕێز و بەها دابنێن بۆ خودی خۆتان، دەبێ خۆتان کارەکانتان هەڵبژێرن.

ئاستی توانا تاکە کەسیەکاناتان بەرز بکەنەوە: دیاری بکەن لە چ کاتژمێرێکی شەو و ڕۆژدا کاری زیاترتان هەیە، گرنگترین و دژوارترین کارەکانتان لەم کاتژمێرەدا ئەنجام بدەن. چالاکانە هانی خۆتان بدەن:

بەردەوام بە خۆتان بڵێن: من خۆمم خۆش دەوێت، لە وەڵامی خەڵکیدا کە لە تەندروستیتان دەپرسن بڵێن: زۆر باشم، هەمیشە خۆشبیر و خوشبین بە.

یاسای دروستکردنی تەمبەڵی تاقیبکەنەوە: هەندێ جار پێویستە خۆتان لە کارە بچوکەکان ڕزگاربکەن تا بتوانن بیربکەنەوە و وردبینبن، کارە بچوك و بێ کەڵکەکان پشتگوێ بخەن و ئەنجامیان مەدەن.

یەکەم دژوارترین و سەخترین کار ئەنجامبدەن :بەم شێوەیە ڕۆژێکی چالاکانە و بە بڕوا بەخۆبونەوە تێپەڕ دەکەیت.

کارەکانتان بەشێوەی بەش بەشی بچوك دابەش بکەن، کارەکانتان دابەشبکەن.

کاتی زیاتر دابنێن: کاتی دیاری کراو و جێگیر دابنێن و تایبەتمەندی بکەن بەهەندێ کارەوە، نرخ بۆ هەموو خولەکێك دابنین.

خێرایی بەئەنجام گەیاندنی کارەکانتان زیاد بکەن:چاوەڕێی کاتی شیاوتر و باشتر مەبن، ئەم ڕستەیە هەمیشە دوبارەبکەنەوە، هەر ئێستا کارەکە ئەنجام بدە.

هەر جارەو یەك کاری گرنگ ئەنجام بدەن: کارەکەتان ڕامەکرن، دوبارە گەڕانەوە بۆ سەر ئەو کارە کاتی ئێوە بە فیرۆ دەدات، بیسەپێنن بەسەر خۆتاندا تا بەبێ وەستان لەسەر کارێکی گرنگ چالاکانە کاربکەن.

سە رچاوە: سایتی موفقیت



# نرخی تەمەن

کارزان عوسمان

دەگێڕنەوە پیاوێ چوو بۆ لای پزیشك و داوای لێکرد کە دڵنیای بکاتەوە ئاخۆ ئەمیش وەکو باوکی دەتوانێ سەد ساڵ بژی یان نا، کاکی پزیشك لە دوای ئەوەی پشکنینی بۆکرد  لێی پرسی ((تەمەنت چەندە))؟ پیاوەکە وەڵامی دایەوە وتی(٥٠)ساڵ. پزیشکەکە لێی پرسی؟ (ئایا دەچیتە گەشت و گەڕان و وەرزش کردن) پیاوەکە وتی نەخێر،پزیشکەکە لێی پرسیەوە (ئایا دەخوێنیتەوە ؟،پیاوەکە وتی نەخێر،پزیشکەکە لێی پرسی (ئایا بەرنامەی تایبەتی فێربوونت بۆ داهاتوو هەیە )؟ پیاوەکە وتی نەخێر، پزیشکەکە دیسان لێی پرسیەوە (ئەی چ نەخشەو بەرنامەیەکت بۆ خوت هەیە)؟

پیاوەکە وتی (هیچ شتێکی تایبەتی بە بیرمدا نایەت ).ئیتر پزیشکەکەلێرەدا تورە بوو بەکابرای وت ((کەوا بوو هەستە بڕۆرەوە و بەڵکو هەر ئەمرۆش بمریت !)ئیتر سەد ساڵ تەمەنت بۆ چییە))؟؟.ئەمە چیرۆکی ژیانی زۆرینەی ئێمەیە ،چونکە ئێمەی مرۆڤ ئەوەندەی گرنگی بە چەندێی و زۆری تەمەنمان دەدەین ئەوەندە گرنگی بە چۆنیەی ژیانمان نادەین،بەرنامەیکمان نییە بۆ ڕێکخسن و جوانکردنی ژیانمان چێژ لەو ساتە وەختانە وەرناگرین کە بەسەرماندا تێپەڕ دەبێت هەمیشە بەبیرکردنەوە سلبیەکانمان لە نرخی تەمەنمانمان کەم کردۆتەوە نەمەنتوانیوە ئەو تەمەنەی کەخوای گەورە بە ئامانەت پێی بەخشیوین وەك خۆی پارێزگاری لێبکەین و بەکاری بهێنین بۆ خزمەت کردن و گەشە کردنی خۆمان وکۆمەڵگاکەمان ،بۆیە ئەگەر بمانەوێ ئەو تەمەنەی کە ماومانە سودی لێ  وەرگرین دەبێت واز لە ڕابردوو بهێنین و ئاهی بۆ هەڵنەکێشین چونکە مرۆڤ هەرچەندە دەوڵەمەند بێت ناتوانێ ڕابردووی خۆی بکڕێتەوە وە، هەروەها داهاتووش لە دەستی ئێمەدا نییە و نادیارە، ئەوەی گرنگە ئێستایە کە لە بەردەستماندایە و تیایدا دەژین تادەتوانین سودی لێ ببینین و بە فیڕۆی نەدەین ،بۆیە دەبێ بزانین تەمەن کورت نییە ئێمە کورتی دەکەینەوە ، وە مرۆڤ کاتێ پێ دەنێە نێو ژیانەوە هەزارو یەك هیوای هەیە بەڵام کاتێك لە دونیا دەردەچێت لە خۆزگەیەك زیاتری نییە ،ئەویش ئەوەیە کە یەك هەلی دیکەی بدەنێ.....



# چاکـە کـانیـش ببینـە

شنە فائق محمد

زۆرێك لە مرۆڤە كانی ئەم سەردەمە بەردەوام بەدوای كەم و كوڕی خەڵكدا دەگەڕێن وەك ئـەوەی لەبەرامبەردا پـاداشـت و خـەڵات وەربـگـرن بـەڵام مەخابن زۆر بەكەمی باسی چاكە و باشیە كانیان دەكەن.

بۆنموونە ئەگەر هاوڕێكەمان یان كەسێكی كە هەڵەیەك بكات بەرامبەرمان ئەوا بەردەوام هەڵەكەی لە بیرمان دەمێنێت و لە یادی ناكەین ڕەنگە زۆر كاتیش باسی بكەین لەم لاوئەولا بەڵام ئەگەر ئەو كەسە چاكەی زۆریشمان لە گەڵدا بكات هەستی پێ ناكەین یان ئەگەر هەستیشمان پێ كرد ئەوا دەست خۆشی و سوپاسێكی وای ناكەین كە خۆشحاڵ بێت ، هەوڵیش نادەین هانی بدەین لەسەر ئەو كارە بەڵكو زۆر زوو لە یادی دەكەین ، دەگێڕنەوە كە كەسێك لاپەڕەیەكی سپی نیشانی هاوڕێكەی دا كە تەنها خاڵێكی ڕەشی تێدا بوو پرسی چی دەبینی هاوڕێكەشی وتی خاڵێكی ڕەش دەبینم لاپەرە سپیەكەی نەبینی بەلام خاڵە ڕەشەكەی بینی ...!!

بۆیە پێوستە چۆن بۆ هەڵوێستە خراپ و دزێوەكان تانە و تەشەرمان هەیە با ئاواش بۆ هەڵوێستە باشەكان سوپاس و دەست خۆشیمان هەبێت.

لەم بوارەشدا دەتوانین پێغەمبەری خـودا (ﷺ) بـكـەیـنـە مـامـۆسـتـا و پێشەنگمان كە لەگەڵ هەوەڵانیدا چۆن بـوە ئەگەر هـاوەڵان كارێكیان بكردایە كە پێی باش نەبوایە ئەوا زۆر جوان ئامۆژگاری دەكردن وە ئەگەر كارێكی باشیشیان بكردایە ئەوا هانی دەدان لەسەری ، لەوانە لەسەردەمی پێغەمبەری خـوادا (ﷺ) پیاوێك گیرۆدەی مەی خواردنەوە ببوو،ڕۆژێك هێنایان بۆ لای پێغەمبەری خودا (ﷺ) و پێغەمبەری خوداش (ﷺ) فەرمانیدا داری حـەدی لێبدەن .. پـاش چەند ڕۆژێـك ، دوبـارە مـەی خـواردەوە و دوبارە داری حەدیان لێ دا، ئەم كارە چەند جارێ دوبارە بوە یەوە

هەتا ئـەوەی جارێك لـەو جارانە دوای ئەوەی پیاوەكە داری حەدی لێ دەدرێت و دەڕوات پاشان یەكێك لە هاوەڵان نزای شەڕی لێ دەكات و پێی دەڵێت : دەك نەفرینی خودات لێبێت چـەن زوو زوو بـۆ داركـاری كـردن دەتهێنن

پێغەمبەری خوداش (ﷺ) كاتێك گوێ بیستی ئەم وتەیە دەبێت ، پێی ناخۆش دەبێت و ڕوخساری دەگۆڕێت و پاشان بە هاوەڵەكەی دەفەرموێت: بە نەفرینی مەكە سوێند بەخودا ئەو پیاوە خـوداو پێغەمبەرەكەی خۆش دەوێت ...!

گەر سەیری ئەوڕەفتارە جوانەی پـێـغـەمـبـەری خـودا (ﷺ) بكەین لەگەڵ ئەو پیاوەدا سـەرەڕای ئەوەی كـە پیاوێكی مـەی خـۆرە ، بـەڵام ڕازی نـیـە هـاوەڵـكـەی بەنەفرینی بكات جونكە ڕەفتارێكی باشی تێدا دەبـیـنـێـت ئـەویـش خـۆشـو یستنی خوداو پێغەمبەرە ،كەواتە باهەمووكات ڕەفتار و ئاكارمان لەگەڵ بەرامبەردا هاوشێوەی ڕفتار و ئاكاری پێغەمبەری خـودا (ﷺ) دادپـەروەرانـەبـێـت وەك چۆن خراپەكانیان دەبینین ئاوەهاش چاكەكانیان ببینین .

لـە كۆتایش دا دەڵـێـم بـاهـەوڵ بدەین وەك ئەو كەسە نەبین كەتەنها خاڵە ڕەشـەكـەی بینی بەڵكو لاپـەرە سپیەكەش ببینین ...!



# نەخوێندەواری لە زانکۆدا!

نووسینی: ڕۆژان ئەحمەد

خوێندکار بۆ ماوەی چوار ساڵ یان زیاتر لە زانکۆدا دەخوێنێت، ئەو خوێندکارەی کە چاوەڕوان دەکرێت لەو چەند ساڵەدا چاوی بەڕووی جیهانێکی فراوانتر لە جیهانەکانی پێشوی (سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی) دا بکرێتەوە و فێری زۆر شت ببێت لە ڕووی هەڵسوکەوت و هۆشیاربوونەوەو فامیدەبوون و کامڵبوون و ...هتد.

خۆی بڕیارە زانکۆ پسپۆڕی لە بوارێکدا بە خوێندکار ببەخشێت، کە بتوانێت خزمەتی پێبکات، کەچی ئەگەر سەیری زانکۆکانی لای خۆمان بکەین، پێچەوانەکەی دەبینین! ئەوەتا زۆرێك لە خوێندکاران پێش چوونیان بۆ زانکۆ وریاترن و لە ناوەندی و ئامادەیی حەزیان لە فێربوونە، دەخوێننەوە، پرسیار دەکەن، خەون و خولیایان هەیە.. بەڵام لەگەڵ هاتنیان بۆ زانکۆ هێواش هێواش خوێندکار تووشی شەلەلی مەعریفی دەبێت، تا وای لێ دێ لەو سەرەوە بەدەستی بەتاڵەوە لەزانکۆ دەردەچێت!. بەداخەوە زانکۆ بۆ زۆری لە خوێندکاران بووەتە ئەو جێگە نامۆیەی کە نازانن ئیشیان لێی چییەو بۆچی هاتوونەتە ئەوێ!، لەو شوێنەدا کۆمەڵە کەسێك دەژین، ڕۆژانە زیاد لە (٥ـ٦)کاتژمێری تەمەنیان تێیدا بەسەر دەبەن، دوایش هیلاك و ماندوو دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە، سبەینێ دیسانەوە خولەکە دووبارە دەبێتەوە. نەخوێندنەوە لە زانکۆدا بووتە دیاردەیەك، لەکاتێکدا دەبووایە بەپێچەوانەوە خوێندنەوە دیاردە بووایە، ئەمەش هەموو کۆلێژەکانی گرتۆتەوە نەك تەنها ئەو کۆلێژانەی کە خوێندنیان سەختەو کەمتر بواریان هەیە بخوێنەوە. خوێندکاری زانکۆ باکی نییە ئەگەر لە بیست و چوار کاتژمێری ڕۆژانەیدا تەنها یەك لاپەڕەش نەخوێنێتەوە! ئەو جۆرە خوێندکارە، ئەگەر ڕۆژێك پێڵاوەکەی بۆیاغ نەکات بەعەیبی دەزمێرێت، ئەگەر ڕۆژێك جلێکی نوێ نەپۆشێ بەعەیبی دەزانێت، بەڵام ئەگەر نەزانێت لە مەجلیسێکدا دوو قسەی جوان و ڕێك و پێك بکات زۆر بەلایەوە ئاساییە!. ئەمڕۆ تاکە مانای ڕۆشنبیری لای خوێندکاری زانکۆ بریتییە لە مۆدیلگۆڕین و دیکۆڕ جوانی!، ئەمڕۆ زانکۆ بووەتە ئەو شوێنەی کە کاری تەنها ماندووکردنی مرۆڤەکان بێ، کە چەندەت پێدەبەخشێ دوو هێندەت لێدەسێنێت، مشتێ زانیاریت دەداتێ، لەبەرامبەریدا هۆش و هەستت لێدەسێنێت، بڕوانامەیەکی بێفێربوونت پێدەبەخشێ، لە بەرامبەردا تەمەنیشت دەبات!. لەزانکۆدا، کوڕان بەزۆری چاویان لە جوانی کچانە، ئیدی چۆن ئەقڵ و هۆشیان دەهێڵێت! کچانیش تەنها تەماشای گیرفانی کوڕان دەکەن، ئیدی چۆن بیر لە دەوڵەمەندکردنی کەسایەتی خۆیان و بواری ڕۆشنبیریان دەکەنەوە!، دەبا کچان لەوە تێبگەن هەرگیز پارەو سامان خۆشبەختی ناهێنێ، ئەمە قسەی ناو کتێبەکان نییە، بەڵکو ئەزموونی زۆرێك لە مرۆڤەکانە.

مامۆستایانی بەڕێز؛ ئێوەش جیاوازی مەکەن لە نێوان کوڕان و کچان، هەموویان هەر منداڵی ئێوەن، قوتابی ئێوەن، هاتوونەتە لای بەڕێزتان تاوەکو ئەو زانست و زانیارییەی کە خوا بەئێوەی داوە، بەوانی بگەیەنن، کە وەکو ئەمانەتێك لاتانەو ئەرکی سەر شانتانە بە ڕێك و پێکی بیگەیەنن.

کوڕینە؛ پێش ئەنجامدانی هەر کارێك، بە باشی بیری لێ بکەنەوە، ئەو کەسایەتییەی کە بەهەموو ژیانتانەوە بەدەستتان هێناوە، مەیدۆڕێنن. کچینە؛ ئاگاتان لەو شتانە بێت کە بۆتان زۆر گرنگن، کە شتگەلێکن بەیەك لەدەستدان ئیدی ناگەڕێنەوە. ئازیزانم؛ زانکۆ شوێنێکی زۆر گرنگە، کانگای زانست و مەعریفەیە، جگە لەمەش شتی زۆر زیاتری تێدایە، بەڵام دەبێت بەو ڕۆشنبیرییەی کە هەتانە، باش و خراپەکان و، باشترو باشترینەکان لێکجیابکەنەوە، ئەقڵتان زاڵ بکەن بەسەر هەموو شتێکدا.. سبەو دوو سبەی کە بڕوانامەی دەرچوونی تیادا وەردەگرن، دەبێ ئەو زانستەتان پێبێت و وەرتان گرتبێت، کە چەند ساڵی تەمەنتان لەسەری داناوە، چونکە لە هەموو کاتێکدا پێویستتانە.



نووسینی: عبدالله مسعود گەرەوەیی

# پەیامی وەرزەکان

گەر سـەرنج بدەینـە وەرزە رەنگاو رەنگەکانـی سـاڵ، دەبینیـن زۆر وانەو ئامـۆژگاری و پەیامـی گەورەیان پێیە بـۆ مرۆڤایەتی، گەر مرۆڤـەکان بیری لێ بکەنەوەو لێی وورد ببنەوە، دەتوانن نموونەی جوانی ژیانی دونیاو دوارۆژیان لێـوە بە دەسـت بهێنـن. مـن لێرەوە دەمەوێـت لە ژێر ئـەم ناونیشـانەدا، باس لە وەرزەکانی سـاڵ بکەم و وێنەی دونیایەکی پڕ لە ئیمان و پاشـەڕۆژێکی پـڕ لـە پاداشـتان بـۆ بنەخشـێنم و نیشانتانی بدەم بە ئیزنی خوا.

لـە پایزەوە دەسـت پێدەکەین، کە تیایدا سروشت بەرگێکی زەرد ئەپۆشێت و زۆر بـە غەمگینی خۆی دەرئەخات، گیا سەوزەکان ئەبن بە پوش و پەلاش، پەڕەکانـی گوڵ و گـەڵای درەختەکان ووشـك ئەبن و ئـەوەرن. وەکو ئەوەی پێمان بڵێـن: ئەی بـەرەی ئادەمیزاد؛ ئەگەرچی وەکـو بەهار لە گەنجیەتیدا جوان بـن، یاخود وەکو هاوین خاوەنی میوەجات و بەروبووم و سەرمایەداربن، ئاگاداربـن! ڕۆژێـك هەردێـت پایزتان بەسـەردابێت و ماڵئاوایتـان پێ بکات لەم سروشـت و گەردوونە. بۆیە گەڵای درەختی گوناهەکانتان بوەرێنن و رەگی تاوانەکانتان ووشـك بکەن، واتە وەرەو تەوبەیەکی یەکجارەکی (النصوح) بکە. هەرگیز نەڵێی ئاخر گەڵاکانی درەختی گوناهەکانم زۆر زۆرن، رەگی تاوانەکانم زۆر قوڵ و ئەسـتورن لێیان بێ ئومید بوومە' نـا نا نەخێـر یەقینت هەبێ هەمووی زۆر بە ئاسانی بەیەك شنەبای سـەحەری پڕ لـە (أسـتغفرالله وأتوب اليـه) هەموویان ئـەوەرن و لە ناخی زەوی و دڵ و دەروونتدا رائەتەکێندرێن و دەردەهێنرێـن، چونکـە ئەوەتـە پەروەردگاری لێخۆشبوو و میهرەبانمان دەفەرمویێت (قُلْ يا عِبادِيَ الَّذينَ أَسْـرَفُوا عَلـى أَنْفُسِـهِمْ لا تَقْنَطُـوا مِنْ رَحْمَـةِ اللهِ إِنَّ اللهَ يَغْفِـرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّـهُ هُـوَ الْغَفُـورُ الرَّحِيمُ)(سوره الزمر الايه ٥٣). پیرۆزت بێت هەزاران جار، چونکە خوای گەورە لێت خۆش دەبێت، نەك لە گوناهێك بەڵکو لە هەزارەها گونـاه، نەك لەبەندەیەك کـە یەکەم جاریەتـی گوناهـی وابکا، بەڵکـو ئـەوەی زیادەڕەوویشـی کردووە لەسەر نەفسی خۆی ئەوەندەی گوناه و تاوانـی کردووە، بەمەرجێك بێ ئومێد نەبێ لە رەحمەتی خوای میهرەبان.

هەمـوو ئەوانـەی فێربوویـن خۆ ئامادەکـردن بـوو بۆ وەرزی زسـتان. ئەگەر سـەیر بکەین لەزسـتاندا باران دەبارێت وەکو ئەوەی پێمان بڵێت: ئەی بـەرەی ئادەمیـزاد؛ ئاگاداربن! رۆژێك هەردێت دابنرێن لەسەر شوێنێکی رەق و، ئاوتان بەسـەردا بکەن و بتان شۆرن و ئامادەتـان بکـەن. وە لەکاتی بارینی بەفردا کفنە سپیەکەی بەرتان لە دوای شۆردنتان دێنێتەوە یادو پێتان دەڵێت: ئەگەر چـی پیریت یا لاو، هەژاریت یا دەوڵەمەنـد.. ڕۆژێ هەردێ ئەم بەرگە سپیە بپۆشی، وە لەو کاتەوە تۆ خاوەنی هیچ شـتێك نیت تەنهـا کردەوەکانت نەبـێ. ئەنجامـی هەمـوو ئەمانە بیر خسـتنەوەی ئـەم ئایـە پیرۆزەیە کە خوای گەورە دەفەرموویـت: (كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ .......) (سوره ال عمران الايه ١٨٥).

لە باسـی بەهاریشدا، کە ژیانەوەی کانیاوە سـازگارەکان، دەرکردنی گەڵای درەختەکان، تەقینی پشکۆی گوڵەکانمان دێتـە بەر چـاو، وەکو ئـەوەی پێمان بڵێت: ئـەی بەرەی ئادەمیزاد؛ ئێسـتا هەمـوو زەوییەکان و، دڵ و دەروونتان بـەراون و بەپیت و بەرەکەتن، چونکە ئەوەی رەگی تاوان بـوو هەڵتەکێندرا، ئـەوەی گـەڵای درەختـی گوناهەکان بـوو هەڵوەرێنـرا، دە ئێوەش ئێسـتا

وەرن و رەگی ئیمان و تەقوا و ئیحسان داچەقێنن لە شوێنی رەگی تاوانەکان و، گەڵای بەردەوام بوون (الاستقامە) و شوێنکەوتنی سوننەت و شەو نوێژ و زۆر پاڕانەوە...هتد بتروکێنن لە درەختی تازە گەشە کردووی ئیمانتان، لە شوێنی گەڵاکانی درەختی گوناهتان.. گەر وات کرد هەزاران جار مژدەت لێ بێت بەوەی نەك خوا لێت خۆش دەبێ، نا (ئەوە مان لە پایزدا بەدەست هێنا) بەڵکو ئەم جارە ئەوەی پوش و پەڵاش و گەڵای رزیوی تاوانەکانتانە خوا بۆتان ئەگۆڕێت بە گیای سەوزو درەخت و باغ و باغاتی پڕ لە خێر و چاکە، وەکو خوای گەورە خۆی دەفەرموویت: (إِلَّا مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُولَٰئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا) (سورە الفرقان الايە ٧٠). ئای لەم نیعمەتە! ئای لەم بوژانەوەی ئیمانە! هەستی پێ ئەکەن بەڕێزان؟ لە هەمووشیان خۆشتر بەروبووم و پاداشتە، کە لە هاویندا دەستمان دەکەوێت، وەکو ئەوی پێمان بڵێت: ئەی بەرەی ئادەمیزاد؛ ئێستا کاتی دوورینەوەی دانەوێڵەی چاکەکانتانە، ئێستا کاتی لێکردنەوەی میوەجات و پاداشتی درەختی ئیمانتانە. جا لە هەمووی دڵخۆشتر ئەوەیە ئەم پاداشتە و بەروبوومانە هەم دونیایی و هەم قیامەتین، لە دونیادا بە ژیانێکی پڕ لە بەختەوەری و ئاسوودەیی، لە قیامەتیشدا بە پاداشتدانێکی چەندەها قات زیاتر لەوەی کردوومانە، هەر وەکو خوای گەورە دەفەرموویت: (مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ) (سورە النحل الایە ٩٧).

بۆیە با هەموو پایزێکتان گەڕانەوەو تەوبەکردن بێت، هەموو زستانێکتان وەبیرهاتنەوەی مەرگ و مردن بێت، هەموو بەهارێکتان نوێکردنەوەی ئیمان بێت و، هەموو هاوینێکیشتان پڕ لە بەروبووم و پاداشت بێت.



د: هەڵگورد فتح الله احمد

# کارمەندێکی کارامە

لە فەرمانگەیەکی میری خزمەتگوزاری، کە ڕۆژانە بیست کاتژمێر پێشوازی لە هاوڵاتی دەکەن. بەڕێوبەری ئەو فەرمانگەیە کەسێکی زۆر لە خۆ بردووە، ڕۆژانە لانی کەم دە کاژمێر لە فەرمانگەکەیەتی یان ڕاستر بڵێین ماڵە خۆشەویستەکەیەتی، چونکە زۆرتر لە ماڵی باوکی ڕاژە پێشکەشی ئەم فەرمانگەیە دەکات، تەنانەت ڕۆژانی پشووی فەرمی و هەینی هەر دەچێتە فەرمانگەکەی. ئەمە وایکردووە کارمەندەکانی، هەر لە پرسگەی بەر دەرگا تاوەکو جێگرەکەی لە خۆشەویستی ئەو سەیری بکەن و وەك ئەو کارەکانیان بە ڕێکوپێکی بەرنەسەر.

ڕۆژێك هاوڵاتیەك دەچێتە ژووری بەڕێوبەر "ر" دەیکاتە هاوار بۆ بەڕێوبەر لێرە نیە، چۆن دەبێ لە دەوامی فەرمی شوێنی خۆی جێبێڵێت؟ بۆ کاری خەڵك ڕایی ناکات؟

کارمەندەکانیش دەڵێن ئەمە بەڕێوبەرە، باراندەبارێت بەڕێوبەر لە ناو حەوشەی فەرمانگە ووشککەرەوە(ماسیحە) ی بەدەستە ئاو ڕادەماڵێت، کابرا تەریق دەبێتەوە، هەرگیز شتی وای نەبیستووە، دەڵێ: ببورن نەمزانی لەو سەردەمە ئیمامی عومەری کوری خەتتاب (ڕەزای خوای لێبێت) هاوشێوەی ماوە.



ئابوریناس عەلی ئیبراهیم حەسەن

بەشی یەکەم

ئەو بلیمەتانەی کە دەرچووی قوتابخانە نەبوون

# (بیل گەیتس) سەرمایەدار و خاوەن گەورەترین ڕێکخراوی خێرخوازی

بیل گەیتس ساڵی ١٩٥٥ لە (بستایل) لە ویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکا لەدایك بووە، باوکی پارێزەر بووەو دایکیشی وانە بێژبووە لە زانکۆی واشنتۆن، ئەندامی ئەنجومەنی زانکۆکەش بووە.

خێزانەکەیان سەرمایەدارو دەوڵەمەندبوون بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە قبوڵی نەکردوە بۆ پێگەیاندنی کەسێتی خۆی و پرۆژەکەی تەنها ($١) یشی لە خێزانەکەی وەربگرێت و پشتی بە هەوڵ و تێکۆشان و کاری خۆی بەستووە!؟

لە رووی کەسێتی زۆر بە جوانی سودی لەکات وەرگرتوە و کاتەکانی پشووی خۆی بە باشترین شێوە بەکارهێناوە، کەسێکی زیرەك و خۆبەکەم زان و خاکیە و هیچ شانازی بە خۆی ناکات و لەرووی جل و بەرگەوە بایەخی کەم بەرێکپۆشی دەدات بۆیە وەسفیی دەکەن بە ( غیر مرتب و ومهمل )!؟.

لەبواری خوێندن ساڵی ١٩٦٧ پەیوەندی بە قوتابخانەی (لایکساد)ی ئەهلی تایبەت کردوە و ساڵی ١٩٦٨ قوتابخانەکەیان پارەی کۆکردەوە بۆ کڕینی کۆمپیتەر بیل گەیتس بەوە ناسرا کە زۆرترین بایەخ و گرنگی بەئامێرەکە دەدا لە نێو قوتابیەکان، وە لەساڵی ١٩٦٩ کە تەمەنی ١٤ ساڵان لەگەڵ ( الن بول)ی هاوڕێی کۆمپانیایی (مبرمجی لیکسایر للکومبیوتر) یان دامەزراند بە هاوبەشی .

لەساڵی ١٩٧٣ پەیوەندی کرد بە زانکۆی هارڤارد بۆ خوێندنی یاسا ، وازی لە خوێندن هێنا لە بەناوبانگترین زانکۆی جیهان و هۆیەکەشی لە کتێبی ( ڤریق الی الامام) ڕووندەکاتەوە و دەڵێ ( بەداخەوە ئێستا زانکۆ بۆتە شوێنی بەڕێکردنی یەك ساڵ لە کات بەفیرۆدان و گەمەو یاری و نان خواردن و پاشان دوو هەفتە بەر لە تاقیکردنەوەکان دەخوێنن و دەردەچن ، خوێندن بۆ دەرچونە نەك بۆ شارەزایی و بەدەستهێنانی لێهاتویی ) بۆیە وازی لە خوێندن هێناو خۆی بۆ پرۆژەکەی یەکلاکردەوە .

دەستکەوتەکانی بۆ خۆی و مرۆڤایەتی بەگشتی :

١- لە بواری کاری خێرخوازی و هاوکاری مرۆڤایەتی کەسێکی پێشەنگە تەنها لە چەند پرۆژەیەکی بڕی (٢٣) ملیاری دۆلاری بەخشیوە کە دەکاتە ڕێژەی ٥٤٪ لە سەروەرت و سامانی، دواتر ٤ ساڵ لەسەر یەك ساڵانە بڕی (٢،٥) دوو ملیار و نیوی بەخشیوە، تا بیری کردەوە لە دامەزراندنی (کۆمەڵەی بیل و ملیندا گەیتس) بۆ کاری خێرخوازی کە سەرمایەیی ئەم ڕێکخراوە خێرخوازیە ( ٢٧) بلیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت ، کە رۆڵی سەرەکی بینیوە لە بنبڕکردنی نەخۆشی ئایدز ز دابینکردنی ماکوتەی ئیفلیجی منداڵان و پاڵپشتی لە پرۆگرامی نەخۆشی (سیل و مەلاریا) لە وڵاتانی ئەفریقی و هەژارنشینی جیهانی سێیەم، وە دابینکردنی کۆمپیوتەر بۆ هاوڵاتیانی هەژار و کەم دەرامەت لە ئەمریکا و وڵاتانی تر ، لە ساڵێ ٢٠٠٨ ەوە خۆی بۆ ڕێکخراوە خێرخوازیەکان یەکلاکردۆتەوە کە ئێستا بە گەورەترین ڕێکخراوی خێرخوازی هەژمار دەکرێت .

٢- زیاتر لە ١٢ ساڵ بەدوای یەکدا بە دەوڵەمەندترین کەس دادەنرێت لەسەر ئاستی هەموو جیهان، کاتێك تەمەنی ٤٤ ساڵ بوو سەرمایەکەی زیاتر بوو لە یەدەکی گەنجینەی زێڕی بانکی ناوەندی ئەمریکا و زیاتر بوو لە بەهای بەرهەمهاتووی (١٤١) وڵات لە ئاستی جیهان ، ساڵی ١٩٩٩ سەرمایەکەی ١٠٠ ملیار دۆلاری تێپەڕاند بەجۆرێك لەهەر چرکەیەك ٢٥٠ دۆلاری دەست دەکەوت کە دەکاتە ٢١ ملیۆن دۆلار رۆژانەو ساڵانەی دەگاتە ٨ ملیار دۆلار.

٣- هاوڕێکەشی (بول الن ) سێیەم دەوڵەمەندی جیهانەو سەرمایەکەی دەگاتە (٢٢،٥) ملیار دۆلار.

٤- لە پرۆژەیەکی بچوکەوە بووە یەکەمین سەرمایەدار لە ئاستی جیهان.



دیار بەکر

# میانەیی و ڕۆڵی لە ژیاندا...

هەمووان پاش ئاوێتە بوون لەگەڵ سێکتەر و کایە جۆراوجۆرەکانی ژیانو پاش تێڕامان و ووردبوونەوەمان لەو ژینگەیەی کە بۆتە واقیع و خۆمانو دەورووبەرمان ئاڕاستە دەکاتو کاریگەری جۆراو جۆر لەسەر ژیانمان دادەنێت،ئیدی ئێمەش پێویستە وەك تاك بکەوینە جوڵە و بەر لە هەموو شت دەبێت کۆمەڵێك چەمكو ڕەهەند بکەینە ڕێبەرو ڕێنیشاندەر بۆ ئەوەی بتوانین ئەو ئامانجانەی هەمانە لە (مانەوە، بەرەوپێشچوون، چێژوەرگرتن، ڕکابەری کردن لەگەڵ ناهەمواریو دۆخە نەخوازراوەکان، هتد.....) بهێنینە دی.

لێرەدا باس لە کێك لەو ڕێبەرانە دەکەین ئەویش بریتی یە لە (میانەیی) یاخود (میانڕەوی) سەرەتا پێویستە لەخودی چەمکەکە بگەین،هەربۆیە لەسادەترین پێناسەماندا دەڵێین (میانەیی): بریتی یە لە هەڵبژرادن یاخود پیادەکردنی ڕێبازی هاوسەنگی لە دیدو تێڕوانینو بڕیارەکاندا ئەمەش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەرجەم بابەتو تەوەرو نەنگی یەکانی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤەوە.

وە بێگومان ئەم چەمکەش بەدەر لەهەر زاراوە و ڕەهەندێکی دیکە دەکرێت چەندین ڕاڤە وخوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێت ئەمەش لەبەر دەوڵەمەندیو ئەو بایەخەی کە هەیەتی لە ژیاندا لە لایەكو لە لایەکی دیکەوە بە هۆی ئەو فروانگیری وگشتبینی یەی کە لە نێو خۆیدا کۆی کردوونەتەوە.

ئەم چەمکە گرنگەش بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بە گشتیو لەسەردەمی نوێدا بەتایبەت بە ڕێباز (میتۆد) ێکی بنەڕەتی دادەنرێت بۆ ژیان،چونکە میانەیی بە یەکێك لە میکانیزمە کاریگەرو سەرکەوتووەکان دادەنرێت لە کایەی پێکەوە کرانو لەیەك نزیککردنەوەی جیاوازی یەکانو کۆکردنەوەی دەنگ و ڕەنگە جۆراو جۆرەکان لە هەرکۆمەڵگەیەدا،هاوکات میانەیی یاخود میانڕەوی لەهەر ڕۆژگارو سەردەمێکدا یاخود لەهەر ناوچەو لەنێوان هەرکۆمەڵگەیەکدا بە بڕبڕەی پشتی ئاشتی و سەقامگیری کۆمەڵایەتیو ئابووریو گەشەسەندنو هاتنەکایەی بەختەوەری یەکی ڕەها دادەنرێت لە سەرجەم بوارەکاندا،چونکە هەروەك ئاماژەمان پێدا میانەیی دەستەواژەیەکی گشتگیرەو هەموو سوچ و پەنایەکی ژیان پێویستو ئاتاج مەندێتی،کەواتە لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین لەهەر شوێنێك میانەیی بووە کردار لای مرۆڤەکان ئەمە وێڕایی بوونی جیاوازی (بیروباوەڕو ئاینو کلتور....هتد) دەبینین ئاسودەییو خۆش گوزەرانیو یەکسانیو یەکتر خوێندنەوەو بەختەوەری باڵ دەکێشێت بەسەر تەواوی مروڤەکاندا،بۆ ئەمەش پێویستە تاك لە خودی خۆیەوە دەست پێ بکات لەبەر ئەوەی سود مەندی یەکەم خۆی دەبێت،چونکە هەر مرۆڤێك میانەیی بکاتە دروشم و ناسنامەی خۆیی و لە

ژیانیدا ڕەنگ بداتەوە بێ شـك دەتوانێت سـەرجەمی ڕێگە سەخت و دژوارەكان بە بـێ ماندوو بـوون تەیـی بكات،بەڵام بە پێچەوانەوە هەركات مرۆڤ لە تێڕوانینی بۆ شـتەكاندا تەنهـا لایەنێكی خوێندەوە و بەپـێ ی بەرژەوەندیـی یەكانی خۆیی ڕاڤەیی بۆ دۆخەكە كرد،ئیتر هاوسـەنگی لەدەست دەدات،ئەمەش زۆركات پەلكێشی دەكات بـۆ كاردانـەوەی نادروسـت و ڕەفتـاری نەشـیاو،هۆكاری سـەرەكی ئەم كارەش بریتـی یـە لە پێشـبینی هەڵەو بەكارنەهێنانـی پێوەرێكـی دروسـت لە هەڵسـەنگاندنەكانیدا هەروەهـا خـۆ پەسـەندی لای مرۆڤ،هەربۆیە دەبینین لـە دونیایی ئەمڕۆمانـدا دووركەوتنەوە لەم بنەمـا گرنگەی ژیان وای كردووە لە نێـو كۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا كەسـانێكی دەروون نەخـۆش و توند سـەرهەڵبدەن كـە زۆر لایـان سـانا و ئاسـایی یـە لە چەند چركەیەكدا مەرگەسـاتێكی گەورە بەرامبەر هاوزمـان و هاوژین و هاودینی خۆیان لەسەر دەستی ئەماندا بخولقێت.

نمونەیـی بەرزمـان پێشـەوای مرۆڤایەتـی محمـد(ﷺ) لـەم بارەیەوە لـە فەرموودەیەكـی ئازیـز و بەنرخیدا دەفەرموێـت (خیـر امـور اوسـگها) واتـە (باشـترینی كاروكـردەوەكان ناوەندەكانیانـە) ئێمـەش دەتوانیـن لە سـادەترین شـیكردنەوەماندا بـۆ ئـەم فەرموودەیە درك بەو ڕاسـتی یە بكەین كە ئەگەر بمانەوێت لـە هەرهەنگاوێكدا باشترین دەرئەنجام و بەرووبووم بچنینەوە پێویسـتە میانەیی یاخـود ناوەندگیریی بكەینـە ناونیشـانمان،بۆنمونە ئەگـەر بڕیارە مرۆڤێكی چاكخـواز و دینداربێكی ڕاسـتەقینە بین،نابێت ئەوەنـدە بێباك و شـلگیر و سـازش كار و كەمتـەر خـەم بین بـە جۆرێك ئەركە سـەرەكی یەكانیشـمان لـە یـاد بكەین،هـەروەك دروسـت نی یـە ئەوەنـدەش پەرگیر و تونـد بیـن بگەینـە ئاسـتی مرۆڤانێك كە پێیـان وایە تەنها خۆیـان میراتگری ڕاسـتەقینەی پەیامەكەن،بێگومـان بـە كەمێـك ووردبوونەوەشـمان لـە ژیانی پێشـەوامان محمد(ﷺ) ئەم ڕاسـتی یە دەبینین كە پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) كە سـێكی لە ڕادەبـەدەر میهرەبان و خاوەن ڕەوشـت و میانـڕەو بـووە و ئـەو وەك سـەرداری مرۆڤایەتی زۆر بە باشی دركی بەوە كردووە كە ئەوەی مرۆڤ لە سایەی میانڕەویدا بە دەسـتی دەهێنێت زۆركات بە هێزێكی بێ شومار بەدەست نایەت،لەم ڕوانگەیەشـەوە (غاندی) لـە وتەیەكیدا دەڵێت (ئەوەی محمدی گەیاندە ئەو ئاست و ناوبانگە ڕەوشتە بەرزەكەی بوو نەوەك شمشـێرەكەی) كە بێگومان میانڕەویشی لـە ڕەوشـتە بەرزەكەیەوە سـەرچاوەی گرتبوو،هەربۆیـە دەتوانیـن بڵێییـن میانەیی یاخود میانڕەویی هەمیشە كاڵای باڵای مرۆڤە گەورە و ڕەوشـت بەرزەكانە بـە تەنهاو،لـە لایەكـی دیكـەوە ئەگـەر بمانەوێت (پەروەردەكار،خوێندكار،بازرگان، هتد) سـەركەوتوو بین دیسـانەوە دەبێت میانەیی بكەینە ڕێنیشـاندەرو لە ڕەفتارماندا ڕەنگ بداتەوە.

كەواتە بەڕێزان تارادەیەك تێگەیشتین لـەوەی كـە میانەیـی و میانڕەویی چی كاریگەریـی یەكی ئەرێنی هەیە لەسـەر تەواوی جومگە بنەڕەتی و لاوەكی یەكانی ژیان،هەربۆیە پێویستە كار بۆ بەرجەستە كردنـی بكەیـن لەبـەر ئـەوەی ڕێژەی بەختەوەربوونی هەر یەكەمان پەیوەستە بە باوەڕ و خسـتنەگەڕی تواناكانمان بۆ جـێ بەجێ كردنی ئەم پرسـە گرنگە لە ژیاندا.

لـە كۆتایـدا دەڵێین(میانەیـی/ میانـڕەوی) دەلاقەیەكـی گەورەیـی بەختەوەریمـان بـۆ واڵا دەكات ئەگـەر بمانەوێت،دەبێـت لـەوەش دڵنیابین كە تەرجەمەكردنیشی كارێكی ئەستەم نی یە لـە ژیاندا بەڵكو تەنها كەمێك ئارامگرتن و لە خۆ بردوویی پێویستە.

# دوای هەر زستانێك، بەهارێك هەیە!

نووسینی: لێزان ئەحمەد

دوای هەر زستانێك، بەهارێك هەیە؛ دەی با خەم بۆ ساردیو سەختییەکانی نەخۆین!

دوای هەر ناخۆشییەك، خۆشییەك هەیە؛ دەی با ئارام بگرین!

دوای هەر گریانێك، پێکەنینێك هەیە؛ دەی با بە ئومێدی پێکەنینەکەوە بژین و گریانەکە بەلاوە بنێین!

دوای هەر فرمێسکێك، زەردەخەنەیەك هەیە؛ دەی با بە زەردەخەنەکانمان فرمێسکەکانمان بسڕین!

دوای هەر درەنگە شەوێکی تاریك، گزنگی بەیانییەکی جوان هەیە؛ دەی با هەموو ڕۆژێکمان سەرەتایەکی نوێ بێ!

دوای هەر خۆرئاوا بوونێك، خۆرهەڵاتنێك بوونی هەیە؛ دەی کەوایە با لە یاسای گەردوون تێبگەین!

دوای هەر نەخۆشییەك و هەر ئازارێك، چاکبوونەوەو شیفایەك هەیە؛ دەبا بەسەر ئازارەکانماندا زاڵ بین و بەرگەی نەخۆشییەکانمان بگرین، تاوەکو گوناهەکانمان هەڵوەرێنن!

دوای هەر رقێك، خۆشەویستییەك بوونی هەیە؛ دەی با چاڵەکانی رق، بە خۆشەویستی پڕ کەینەوە!

دوای هەر دابڕانێك، بەیەکگەیشتنەوەیەك بوونی هەیە؛ دەی با هیوای بەیەکگەیشتنەوەکەمان لێ نەبڕێ، کە تاڵی و نارەحەتی دابڕانەکە ناهێڵێ!

دوای ئەنجامدانی هەر هەڵەیەك، داوای لێبووردنێك بوونی هەیە؛ دەی پێویستە داوای لێبووردن بکەین بۆ دەستپێکردن بە قەرەبووکردنەوەی هەڵەکانمان!

دوای ئەنجامدانی هەر هەڵەیەك بەرامبەرمان، لێبووردنییەك بوونی هەیە؛ دەی پێویستە لێبووردە بین، بۆ ئەوەی ئەوانی دیکەش بمانبورن!

دوای هەر ترس و دڵەڕاوکێیەك، ئارامییەك بوونی هەیە؛ دەی با سەرکەوتنیان پێنەدۆڕێنین!

دوای هەر ڕۆژێکی قورس و سەخت، رۆژێکی ئاسان و سادە هەیە؛ دەی با هەستی پێبکەین!

لە پشت هەر هەورێکی رەشەوە، بارانێکی جوان هەیە؛ دەی با بە رۆژە تاریکەکانمان نائومێد نەبین و لە کۆشش نەوەستین!

دوای هەر تووڕەبوونێك، ئارامبوونەوەیەك بوونی هەیە؛ دەی پێویستە بەسەر تووڕەبوونەکانماندا زاڵ بین بۆ ئەوەی چێژ لە ئارامییەکان وەرگرین!

دوای هەر بەخشینێك سوپاسگوزارییەك هەیە؛ دەی با سوپاسگوزار بین لەسەر بەخششەکان، کە هەمووشیان بێپایانن!

لە کۆتایی هەر رێگایەك، وێستگەیەك هەیە، کە بە شوێنێك یان شتێك یان کەسێکمان دەگەیەنێت؛ دەی با رێگای جوان و باش هەڵبژێرین، تاوەکو وێستگەی کۆتاییمان جوان بێت!

لە پشت هەر کێشەیەك، چارەسەرێك هەر بوونی هەیە؛ دەی با لە خۆمانی وون نەکەین!

دوای هەر کەوتنێك، هەستانەوەیەك بوونی هەیە؛ دەی پێویستە لە هەر کەوتنێك پەندێك وەرگرین و بیکەین بە قۆناغێکی تازەتر لە ژیانماندا!



# ژیان وا فێری کردم

نووسینی: رابەر ئەحمەد وەرتی

## ژیان وا فێری کردم
چیدی پەیڤی (دەمویست) بەکارمەهێنە، لەبیری ئەو بڵێ (دەمەوێ)، چوون کات کە رۆیشت، گەڕانەوەی نییە.. سبەینێت بنیات بنێ.

## ژیان وا فێری کردم
سوپاسگوزاری لەسەر نازونیعمەتەکان و، خۆ بەمنەتەبارزانین لەسەریان بەرامبەر بە خوا، خراپ بەکارنەهێنانیان.. دەبێتە هۆی تەمەن درێژیان. (بەردەوامی و فراوانبوونیان)

## ژیان وا فێری کردم
کەسێك عەیب و کەموکورییەکانی خۆی دانەپۆشێ و نەشارێتەوە، چۆن بتوانم متمانەی ئەوەی پێ بکەم کە ئەوانەی منیش دادەپۆشێ و دەیان شارێتەوە!

## ژیان وا فێری کردم
ئەویندارى راستەقینە، هەر بەراستی دڵی دۆڕاندووە، ناتوانێ خیانەت بکات، ناتوانێ بەرەو هەرێمی حەقیقەت و ئارامی و شادمانی رێ نەکات..

## ژیان وا فێری کردم
ئەگەر ئێمە هەر (ئێرە نا، ئەوێ) بکەین، رەنگبێ ئیدی لە کۆتاییەکەی (ئێرە) شمان دەستنەکەوێتەوە، بۆ ئەو شتەی کە دەمانەوێ. گەڕانەوەش بۆ لای خوا، گەر هەر (ئەمڕۆ نا، سبەی) پێ‌بکەین، ئیدی زۆر نزیکە بگەین بە سنووره کۆتاییەکەو نەتوانین بگەڕێینەوە (ئەمڕۆ).. بۆیە دەبێ هەمیشە جانتاکەمان ئامادەبێت بۆ سەفەرەکەمان.

## ژیان وا فێری کردم
هەندێ کەس لە جیاتی قەرزت بدەنەوە، سەرباری ئەوەش قەرزارت دەکەنەوە!

## ژیان وا فێری کردم
زۆر جار بەهۆی ئارامنەگرتن و بێ حەوسەڵەییمان، نازو نیعمەتەکان لە رێگای چەوتدا بەکاردەهێنین.

## ژیان وا فێری کردم
ئەمن گەر هیچم نەبێ تۆم هەیە، کە تۆشم هەبوو هەموو شتێکم هەیە!

## ژیان وا فێری کردم
هێشتا هاورێیەك هەیە کە جیاوازترە لە هەمووان! بەبیستنی ئاوازی دەنگی دڵ ئاودەخواتەوە، بە بینینی خەم دەڕەوێتەوە، بە شەرابی ئەڤینی گیان دەبووژێتەوە، بە عەتری گوڵاوی ناخ ئارام دەبێت، بە بوونی ئەو ژیان مانادار دەبێت!

## ژیان وا فێری کردم
چ پێویست ناکات، کە کەسێکی بەڕەوشتی وەکو تۆ، کاتێ هەڵسوکەوتەکانی کەسێکی بەدڵ نەبوو، ئیدی پێی بڵێ کە رقم لێیەتی! کە گڕی رقی بەرامبەر کەسێك لە دڵدا داگیرساند، رەنگبێ کپکردنەوەو کوژاندنەوەی ساکار نەبێ، بۆیە ئەگەر هەڵسوکەوتەکانیشی بە دڵ نەبوو، ویستیشی شتێك بڵێ، ئەوە با بڵێ کە خۆشی ناوێ، نەك رقی لێی بێ.

## ژیان وا فێری کردم
ئەگەر پارێزگاری لە هەر شتێك بکەین کە لە ژێر رکێفماندایەو، بە پاك و خاوێنی رایبگرین و رێزی بگرین.. ئەوە بەباشی دەمێنێتەوە.

## ژیان وا فێری کردم
شۆفێری چاك ئەو شۆفێرەیە کە بە هێواشی شۆفێریەکەی دەکات، چونکە دەزانێ: بەهۆی خێراییەکەیەوە ئۆتۆمبێلەکە ئەزیەت دەدات، ئەگەر کامێرا بوونی هەبێت لە کامێرا دەدات، گیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوە، لە هەمووشی گرینگتر ناتوانێ پارێزگاری لە سەرنشینەکانی بکات کە ئەمانەتی ئەون و، لەسەر شانیەتی کە ئاگاداری ئەوانیش بێت.

## ژیان وا فێری کردم
ژن و مێرد، دەبێ زیاتر لەوەی کە حەزیان لەیەکە، یەکیان خۆش بوێت.



# بۆب پایك
## گەورەی ڕاهێنەرانی ئەمەریکی

برهان محمد شریف مامۆستای زانکۆو راهینەری گەشەپیدانی مرۆیی

بۆب پایك ناوی تەواوی «رۆبرت ولیام پایك»ە ،لەرۆژی ٢٢ی نبسانی١٩٤٧ لەدایك بووە،بۆب دامەزرینەر،سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێری و بەرێوەبەری جێبەجیکاری «گروپی بۆب پایك « ە لە مینیاپۆلیس .Minneapolis

پایك پسپۆر وشارەزای بواری ڕاهینانی ڕاهینەران وگەورەی راهینەران و بەشداریکی کارای ئەم بوارەیە وخاوەنی بیرۆکەی ناوەزایە کە ترکیز کردنە لەبواری ئاسانکردن وئاسانکاری پرۆسەی فێرکردن لە چوارچێوەی ڕاهێنانی کرداری و پراکتیکی وانەکان وکارلێکردن لەگەڵیدا.

بۆب لەساڵی ١٩٦٩وە بەشداری ڕاهێنانی کردووەو دەست بەکار بووە لەخزمەتکردن بەنووسین و بەشدار و خاوەنی ٢٩ کتێبی بواری راهینان و گەشەپێدانە ،یەکێك لەشاکارەکانی بواری راهینان ”تەکنیکەکانی ڕاهێنانی داهێنانکارانە“یە و هاندبووکێکە ”کتیبی دەستی“ بە ناونیشانی «The Creative Training Techniques Handbook” کەتا ئێستا سێ چاپی لێدەرچووە و زیاتر لە دووسەدوهەشتاوپینج هەزار دانەی لێ فرۆشراوە،شایەنی باسە سالیچ ١٩٨٩ اپی یەکەمی کەوتۆتە بازارەوە.

یەکێك لە بەرهەمە نوێکانی کتێبی هونەری بەرێوبەری خوولەك “ The Fun Minute Manager “ کەلەساڵی ٩٠٠٢ بەبەشداری ”روبرت فورد وجون ئیسترۆم» هاتە بەرهەم.

بۆب لە سالی ١٩٦٩ وە کاردەکات لە بوارەکانی پەرەپیدانی بازارسازی و راهینان و راویژکاری وباش کردنی ئاستی ئادا و پراکتیزەکردنی مرۆگەکان، خاوەنی زیاتر لە٠٠٦ پرۆگرام و بەرنامەی ڕاهێنانە و خزمەتیکی زۆری پیشکەشی دامەزراوەو ئاژانسە ئەمەریکی یەکانی وەك ASTD”American Society of Training and Development ”;”NSA” National Speakers Association and the International Alliance for Learning. کردوە،

لەسالی ٢٠٠٣ گۆفاری ” ” راپرسی و دەنگ دانیکی ئەنجامداو گروپی بۆب پایك ” ” بەباشترین گروپی بواری راهینان دەرچوون ،

گروپی کۆمپانیای ناوبراو سالانە کۆنفراسی خۆی بە ئەنجام دەگەیەنیت و ئەمسال لە رۆژانی ٢٤ بۆ ٢٦ئەیلول کۆتایی بەکارەکانی کۆنفراس هێناوە.

بۆب خاوەنی جەماوەریکی فروانە لە زۆربەی وولاتان بە تایبەتی لە وولاتانی چین و تایوان و سعودیە و مالیزیاو سنغافورەو یابان و کوەیت و بەحرین و دوبەی ، بە بەردەوامی چالاکی جۆراوجۆر و ۆرك شۆپ و خول بەئەنجام دەگەیەنیت،بۆ نموونە :لە بەرواری ٨ و ٩ی شوباتی ٢٠١٤ بەشداری کۆنگرەی دووەمی خلیجی لە منامە کرد کەبەناونیشانی ”دیداری راهینەران بە راهینەران“ بوو،هەروەها لەبەرواری ٢٠١٤-٦-١ لەولاتی کوەیت و رۆژانی ٢٨ بۆ ٢٠١٤-١٠-٢٩ لە وولاتی تایوان ،لەتایپی ،ۆرك شوپیکی بەناونیشانی ”پەنجاوچوار ڕێگا بۆ دیزاین و گەیاندنی راهینان بەخیرایی و باشترین و ئاسانترین شیوە ”ئەنجامداوە.

سەرچاوەکان:


1- http://en.wikipedia.org/wiki/Bob_Pike_%28trainer%29
2- http://www.arabicmodariba.com
3- http://www.akhbar-alkhaleej.com/13058/article_touch/62844.html

# چۆن خەڵکی ئەناسی
# جۆرەکانی خەڵك

بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵیاندا بکەین و بەهەڵەدا نەچین و بزانین لەکوێدا بەکاریاندەهێنین زانایان خەڵکیان بەدوو جۆر پۆلێن کردووە:

یەکەم: بەپێی سیفەتەکانیان

دووەم: بەپێی ساڵزادەکانیان

یەکەم: بەپێی سیفەتەکانیان

زانایان ئەڵێن : مرۆڤەکان بەگشتی ئەکرێ لەرووی سیفەتێکی زاڵیەوە بناسرێت و بەو شێوەیە لە ڵاقەی ئەو سیفەتە زاڵەوە مامەڵەی گونجاوی لەگەڵدا بکەی، مرۆڤەکان ئەکرێ یەکێك بن لەم کەسانە:

١-کەسێکی خاکیە
٢-کەسێکی لووتبەرزە
٣-کەسێکی بەڕاوێژە
٤- کەسێکی دیکتاتۆرە
٥-کەسێکی چالاك و ڕەنجدەرە
٦-کەسێکی تەمەڵ و حازرخۆرە
٧-کەسێکی ڕاستگۆیە
٨-کەسێکی درۆزنە
٩-کەسێکی ڕێك و سینەسافە
١٠-کەسێکی لارو فێڵبازە
١١-کەسێکی دانایە
١٢-کەسێکی هەڵەشەیە
١٣-کەسێکی عەقڵانیە
١٤-کەسێکی عاتیفیە
١٥-کەسێکی ئازایە
١٦-کەسێکی ترسنۆکە
١٧-کەسێکی هێمنە
١٨-کەسێکی ماندووکەرە
١٩-کەسێکی بێدەنگە
٢٠-کەسێکی چەنەبازە
٢١-کەسێکی قسەزانە
٢٢-کەسێکی قسەنەزانە
٢٣-کەسێکی زیرەکە
٢٤-کەسێکی گێلە
٢٥-کەسێکی گەشبین و دەستپێشخەرە
٢٦-کەسێکی ڕەشبین و بێ پرۆژەیە
٢٧-کەسێکی ڕەخنەگرو رووخێنەرە
٢٨-کەسێکی هاندەرو هاوکارە
٢٩-کەسێکی دەروون نەخۆشە
٣٠-کەسێکی دەروون هاوسەنگە
٣١-کەسێکە بەرانبەرەکانی خۆشئەوێت
٣٢-کەسێکە تەنیا خۆیی ئەوێت(خۆپەرستە)
٣٣- کەسێکە خاوەنی گومانی باشە(دڵپاکە)
٣٤-کەسێکە خاوەنی گومانی خراپە(دڵپیسە)
٣٥-کەسێکی بەحەوسەڵەیە(ئارامە)
٣٦-کەسێکی بێ حەوسەڵەیە(تووڕەیە)
٣٧-کەسێکی زانایە
٣٨-کەسێکی نەزانە
٣٩-کەسێکی تێکەڵە
٤٠-کەسێکی دابڕاوو داخراوە

دووەم: بەپێی ساڵزاد

هەندێ لەزانایان بڕوایانوایە کەمرۆڤەکان هەموویان بەرێژەیەکی دیاریکراو تێکەڵەیەکن لە پێنج توخمی سەرەکی، کە بریتین لە(ئاگر، ئاو، گڵ، کانزا، درەخت)، ڕێژەی هەر

تۆخمێ زۆرتر بوو لەو مرۆڤەدا ئەوە سیفەتەکانی ئەو تۆخمە زاڵئەبێت تێیدا..

ئەم زانایانە هەوڵیانداوە پەیوەندیەکانی نێوان ئەم تۆخمە سەرەکیانە بدۆزنەوە، بۆ ئەوەی بزانن ئەوەی تۆخمی ئاگر تێیدا زاڵە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و ئەوەی تۆخمی ئاو تێیدا زاڵە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و ئەوەی تۆخمی گڵ تێیدا زاڵە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و ئەوەی تۆخمی کانزا تێیدا زاڵە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و ئەوەی تۆخمی درەخت تێیدا زاڵە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت..

ئەم زانستە بڕوای وایە کە ئەم پێنج تۆخمە نۆ(٩) جۆر وزە (ئەنەرژی) ئەدەنەوە بەچوار دەوری خۆیان، بۆ حاڵیبوون لەو وزانەو ناسینی کاریگەرییان لەسەر مرۆڤ زانایان بەم شێوەیە خوارەوە هەریەکەیان ئەناسێنن:

ئاگر: (لەبەرئەوەی لای شارەزایانی ئەم زانستە ئاگر تەنیا یەك جۆرە): یەك جۆر وزەو ئەنەرژیشی تێدایە ژمارە(٩)ی بۆ دانراوە.

گڵ: ( لەبەرئەوەی لای شارەزایانی ئەم زانستە گڵ سێ جۆرە) : سێ جۆر ئەنەرژیشی تێدایە کە گونجاوە لەگەڵ ڕەنگەکانیدا، یانی:

گڵی سپی، ژمارە (٨)ی بۆ دانراوە .

گڵی زەرد، ژمارە (٥)ی بۆ دانراوە .

گڵی ڕەش، ژمارە (٢)ی بۆ دانراوە .

کانزا (لەبەرئەوەی لای شارەزایانی ئەم زانستە کانزا دوو جۆرە): دوو جۆر ئەنەرژیشی تێدا هەیە، کەبریتین لە:

کانزای سپی ، ژمارە (٦)ی بۆ دانراوە .

کانزای سوور ژمارە (٧)ی بۆ دانراوە

ئاو(لەبەرئەوەی لای شارەزایانی ئەم زانستە ئاو یەك جۆرە):یەك جۆریش ئەنەرژی تێدایەو ژمارە (١)ی بۆ دانراوە.

درەخت(لەبەرئەوەی لای شارەزایانی ئەم زانستە درەخت دوو جۆرە) : دوو جۆر ئەنەرژیشی لێوە دەردەچێت :

نەونەمام (نەمامی تازە) کە ژمارە (٣)ی بۆ دانراوە .

درەختی گەورە کە ژمارە (٤)ی بۆ دانراوە .

زانایانی ئەم زانستە ئەڵێن : بە ساڵەکانی لە دایکبوونی هەر مرۆڤێکدا ئەتوانی بزانی کام تۆخمە زاڵە لە زاتی ئەو مرۆڤەدا و بەو شێوەیەش ئەتوانی سیفەتە سەرەکیەکانی ئەو مرۆڤە بزانی، یانی ئەگەر ویستت بزانی کەسێك لە ساڵی (١٩٦٥)دا لە دایك بووبێت چ تۆخمێك تێیدا زاڵەو پێویستە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەی ئەوە پێویستە ئەم خشتەیەی خوارەوە لەبەر بکەی بۆ نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| ئاگر | ٩ | ١٩٦٤ |
| گڵی سپی | ٨ | ١٩٦٥ |
| کانزای سور | ٧ | ١٩٦٦ |
| کانزای سپی | ٦ | ١٩٦٧ |
| گڵی زەرد | ٥ | ١٩٦٨ |
| درەخت | ٤ | ١٩٦٩ |
| نەو نەمام | ٣ | ١٩٧٠ |
| گڵی ڕەش | ٢ | ١٩٧١ |
| ئاو | ١ | ١٩٧٢ |

جا هەر ساڵدێکیان پێوتی کامە تۆخم تێیدا زاڵە ئەوە ئەگەر لەو ساڵانە کەمتر بوو بەردەوام ژمارە (٩)ی بۆ زیاد ئەکری تا ئەگاتە یەکێك لەو ساڵانە، وە ئەگەر لەو ساڵانەش زیاتر بوو ئەوە بەردەوام ژمارە (٩)ی لێ دەردەکری تا ئەگەیتە ساڵێك لەو ساڵانە.. بۆ نموونە: (ساڵزادی (١٩٧٥) لەبەر ئەوەی زیاترە لە ساڵزادەکانی خشتەکە دێین ژمارە (٩)ی لێدەردەکەین ١٩٧٥ — ٩ = ١٩٦٤.

کەواتە ساڵزادی (١٩٧٥) تۆخمی (ئاگر) تێیدا زاڵە .

یان ساڵزادی (١٩٥٤) لەبەر ئەوەی لە ساڵزادەکانی خشتەکە کەمترە بۆ ئەوەی بیگەیەنینە یەکێك لە ساڵەکانی خشتەکە پێویستە بەردەوام ژمارە (٩)ی بۆ زیاد بکەین، واتە ١٩٥٤ + ٩ = ١٩٦٣ . ١٩٦٣ + ٩ = ١٩٧٢.

کەواتە ساڵزادی (١٩٥٤) تۆخمی (ئاو) تێیدا زاڵە .

ڕەوشت و سیفەتی هەریەك لەو کەسانەی کە یەکێك لەو عونصورانەی تێدا زاڵە:

یەکەم: ئاگر:

هەرکەسێك تۆخمی ئاگر تێیدا زاڵبێت ئەوە ئەم سیفەتانە تێیدا زۆرن:

١- بۆ هاوڕێ و خەڵکی دەژی

٢- سەخی و بەخشندەیە

٣- ئازاو بەغیرەتە

٤- بۆخۆی کەمتەرخەمە

٥- لە تەنیابوونەوە زۆر ئەترسێت، بۆیە هاوڕێ بەدڵ و بەگیان ئەگرێت

٦- لە یەك کاتدا ئەتوانن چەند کار ئەنجامبدەن

٧- زۆر ئیستیغلال ئەکرێن

٨- جنسی بەرانبەر کاریان تێناکات،(واتە ئەگەر کوڕ بێت حساب بۆ کچ زۆر ناکات و ئەگەر کچ بێت ئەوە حساب بۆ کوڕ زۆر ناکات!)

٩- موبالەغە زۆر ئەکەن

١٠- پاشەکەوتیان پێناکرێت و زۆر بەخەرجین.

دووەم: گڵی سپی:

هەرکەسێك تۆخمی گڵی سپی تێیدا زاڵبێت ئەوە ئەم سیفەتانە تێیدا زۆرن:

١- بەنەخشە ئیشدەکەن

٢- ئە فکاری زۆریان پێیە

٣- کەسانێکی ئیقتیصادین و پاشەکەوتیان زۆرە

٤- نهێنیان زۆرە (شەفاف نین)

٥- خاکیی دیارن و عەنعەنەو تەنتەنەیان نییە

٦- لە ناوەوە زۆر بەهێزن

٧- حە ز بەتۆڵەکردنەوە زۆر

ئەکەن

٨- دەمارگیری و تەعەصصوبیان تێدایە بۆ بنەماڵەو ئیشەکانیان

٩- حەز بە زەعامەت و ریئاسەت ناکەن و هە ندێ جاریش خۆیانی لێلائەدەن...

١٠- حەلیمن و کە تورەش ئەبن زۆر حەددین

سێیەم: کانزای سور:

هەرکەسێك توخمی کانزای سوور تێیدا زاڵبێت ئەوە ئەم سیفەتانە تێیدا زۆرن:

١ - بێدەنگ و سەلارەن

٢- بەدوای (علم) دەکەون

٣- بەهێز و مەحکەم دیارن

٤- کەسی رۆژی تەنگانەن

٥-بەخشندەن

٦- سیفاتی قیپادیان تێدایە

٧- تا کارێك تەواونەکەن ناچنەسەر کارێکیتر

٨- موتەسامیح و لێبووردەن

٩- گوێگرو گوێڕایەڵن

چوارەم: درەخت:

هەرکەسێك توخمی درەخت تێیدا زاڵبێت ئەوە ئەم سیفەتانە تێیدا زۆرن:

١-دۆستی هەژارن

٢- خەیاڵاوین

٣- زیرەکن

٤- حەزیان بە دونیا زۆرە

٥- ئامادەییان تێدایە بۆ دیکتاتۆریەت و خۆسەپاندن

٦- رێز لەگەورە دەگرن

٧- هاندان زۆر کاریان تێدەکات

٨- منالێان زۆر خۆشدەوێت

٩- یاخین لە دەسەڵات

١٠- حەز بە خواردنی باش و خۆش دەکەن

١١- غیرەیان زۆرە

پێنجەم: ئاو:

هەرکەسێك توخمی ئاو تێیدا زاڵبێت ئەوە ئەم سیفەتانە تێیدا زۆرن:

١- دیبلۆماسین

٢- کۆمەلایەتین

٣- ئیدارییەکی سەرکەوتون

٤- حەز لە ریئاسەت و مەسئولییەت دەکەن

٥- مەسلەحەتچین و خۆیان زۆر مەبەستە

٦- دایك یان باوکێکی فیداکارن بۆ مناڵەکانیان

٧- شەفافن و تواناى نهێنی هەلگرتنیان زۆر کەمە

٨- زۆر لایەنی هەق دەگرن

٩- تواناى خەڵەتاندنی بەرامبەریان زۆرە

١٠- لە بەرامبەر جنسی بەرامبەردا لاوازن و حەقیان پێئەدەن و موناقەشەیان زۆر ناکەن

هەندێ تێبینی پێویست :

١-ئەم زانستە سێ سودی لێوەردەگیرێت و ئەتوانرێت لە سێ کایەی پێویستی ژیاندا بەکارببرێت:

یەکەم: کەشفکردنی سیفەتە عەقلی و دەروونی و جەستەییەکانی ئەو کەسە تا بزانی لە کوێدا بەکاریبهێنی باشەو ئەو کارەی کە پێیەسپێریت سەریئەخات و خۆشی سەرکەوتوو ئەبێت و شوێنی گونجاوی خۆی ئەبێت و لەکوێدا خراپە بەکاریبهێنی و سەرکەوتوو نابێت و بۆ ئەو کارە ناشێت و ئەیفەوتێنێت.

دووەم: کەشفکردنی جۆری پەیوەندیەکانی بەکەسانی چواردەوریەوە، تابزانی کام پەیوەندییانەی پەیوەندی خۆشەویستی و تەواوکەرەوە لەگەڵ بەرانبەرەکانیدا کارەکە سەرئەخەن و کام پەیوەندیانەی رق و کینەو رووخێنەرەوە لەگەڵ بەرانبەرەکانیدا تێئەگیرێن و کارەکە ئەفەوتێنن.

سێیەم: بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری سوودی باش لەم زانستە وەرئەگیرێت و ئەتوانرێت پێشبینی داهاتووی ئەو دوو هاوسەرە بکەی، یانی ئەگەر دوو عونصوری دژ بەیەك زەواجیانکرد لەگەڵ یەکتری ئەتوانی بڵێی پەیوەندیەکانیان ئاواو ئاوا ئەبێت، یان ئەتوانی لە کێشەی خێزانێك تێبگەی بەهۆی پەیوەندی ژن و پیاوەکەوە لەرووی عونصورەکانیانەوەو بەوشێوەیەش چارەسەری گونجاویان بۆ دابنێیت..

بۆنمونە: عونصوری ئاو زەواجئەکات لەگەڵ عونصوری ئاگردا، یانی ساڵزادی ١٩٦٤ زەواج ئەکات لەگەڵ ساڵزادی١٩٧٢دایەکدا، بەپێی ئەم زانستە ئەو دوو کەسە پەیوەندیەکەیان پەیوەندی خۆشەویستی نابێ بەڵکو بەیەکتری موعجەب ئەبن و ئاوەکە زاڵ ئەبێت بەسەر ئاگرەکەداو

بە پێی ئەم زانستە بوون هەمووی لەم بازنەدا ئەسورێتەوە:




- ئەم زانستە بڕوای وایە کە ئەم پێنج تووخمە(٩) جۆر وزە (ئەنەرژی) ئەدەنەوە بەچواردەورەکانیان بەم شێوەیە خوارەوە:

ý ئاگر: یەك جۆر وزە و ئەنەرژی تێدایە کە ژمارە (٩)ی بۆ دانراوە.

ý گڵ: سێ جۆر ئەنەرژی تێدایە کە گونجاوە لەگەڵ رەنگەکانیدا، واتە :

- گڵی سپی ، ژمارە (٨)ی بۆ دانراوە .
- گڵی زەرد ، ژمارە (٥)ی بۆ دانراوە .
- گڵی رەش ، ژمارە (٢)ی بۆ دانراوە .

ý کانزا : دوو جۆر ئەنەرژی لە کانزادا هەیە چونکە کانزاش خۆی دوو جۆرە :

- کانزای سپی ، ژمارە (٦)ی

بۆ دانراوە .

- کانزای سوور ژمارە (٧)ی بۆ دانراوە .

ý ئاو : یەك جۆرە و یەك جۆریش ئەنەرژی تێدایە و ژمارە (١)ی بۆ دانراوە .

ý درەخت : دوو جۆر ئەنەرژی لێوە دەر دەچێت چونکە خۆشی دوو جۆرە :

- نەونەمام (نەمامی تازە) کە ژمارە (٣)ی بۆ دانراوە .
- درەختی گەورە کە ژمارە (٤)ی بۆ دانراوە .

زانایانی ئەم زانستە بەهێڵکاری پەیوەندیەکانی ئەم توخمانە بەم شێوەیە دیاری دەکەن:




هێڵکاریەکە واتە :

- ئاگر باڵا دەستە بەسەر کانزادا . (ئەیانتوێنێتەوە) .
- گڵ باڵا دەستە بەسەر ئاودا . (قوتی ئەدات و ئەیگرێتە خۆی) .
- کانزا باڵا دەستە بەسەر درەختدا (ئەیبڕێتەوە و لەت و پەتی ئەکات) .
- ئاو باڵا دەستە بەسەر ئاگردا . (ئەیکوژێنێتەوە) .
- درەخت باڵادەستە بەسەر گڵ دا. (لە ناو سکیدا دەردەچێت و دێتە دەرەوە بەسەریەوە رائەوەستێت).

# با لە پەروەردەو هوشیاری ژینگەییەوە دەست پێبکەین !!!

ئا: یاسین ئەحمەد زەنگەنە

– دەرکردنی یاساو پەیڕەوو ڕێنمایی و ئاراستەی ژینگەیی بەمەبەستی ڕێکخستنی بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتیەکان و پاراستن و چاککردنی ژینگە بەتەنها بەس نیە، و نابێتە مایەی زامن کردنی مامەڵەیەکی دروست لەلایەن تاکەکانەوە بەرامبەر بە ژینگە.

– خاڵی سەرەتاو بنەڕەتی لەم پرسەدا خۆی لە پەروەردەو هوشیاری ژینگەییدا دەبینێتەوە، لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە بۆچی سەرەڕای دەرکردنی یاساو ڕێنماییەکان بارودرخی ژینگە هەر وەك خۆیەتی و چاك نەبووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش سادەو سانایە، چونکە مرۆڤەکان ڕێز لە یاسا و ڕێنماییەکان دەگرن کاتێك دەسەڵاتێکی چاودێری توندیان بەسەرەوە بێت، بەڵام گەر نەبوو یان لاواز بوو ئەوا فەرامۆشی دەکەن و بایەخی پێنادەن، بەڵام پەروەردە بریتیە لە ڕێزگرتنی شتەکان بە پاڵنەرێکی ناوەکی و ویژدانی؛ بۆیە چارەسەری دروست خۆی لە پەروەردەکردن و ئامادەکردن و هوشیارکردنی مرۆڤەکاندا دەبینێتەوە، هوشیارییەك بگاتە هەست و نەست و ویژدان و بگۆڕێت بۆ بەهایەکی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری ڕۆژانەی مرۆڤ ئاراستە بکات، وای لێبکات خۆی بە بەشێك لە ژینگە دابنێت و خۆی بە بەرپرس بزانێت بەوەی نەهێڵێت شیرازەی ژینگە تێکبچێت.

– پەروەردەی ژینگەیی تەنها پێدانی زانیاری نیە سەبارەت بە کێشە ژینگەییەکان وەك: پیس بوونی ئاو، هەوا، قەتیسبونی گەرما، ژاوەژاو ..... بەڵکو خۆی لە دوو خاڵی سەرەکیدا دەبینێتەوە:

یەکەم: بوونی هوشیارییەکی ڕەخنەگرانە بۆ فاکتەرە ئابوری و سیاسی و تەکنەلۆژی و ڕەوشتیەکان، چونکە ئەم فاکتەرانە کاریگەری و ڕەگو ڕیشەیان لە نێو کێشە ژینگەییەکاندا هەیە.

دووەم : پەرەپێدانی بەها ڕەوشتیەکان کە سروشتی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە چاك و ڕێك دەخات.

پێناسەی پەروەردەی ژینگەیی:

پەروەردەی ژینگەیی، بریتیە لە پرۆگرامێکی پەروەردەیی بە مەبەستی پێکهێنانی هوشیاری ژینگەیی لە میانەی پێدانی زانست و کارامەیی و بەهاو رووگە بەتاك و بەمەبەستی ڕێکخستنی هەڵسوکەوتەکانی، تا بتوانێت کارلێك لەگەڵ ژینگە کۆمەڵایەتی و سروشتیەکەیدا بکات و ڕۆڵی لە پاراستن وچارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکاندا هەبێت.

ئامانجی پەروەردەی ژینگەیی :

بریتیە لە پرۆسەی ئامادەکردنی تاکێك کە بایەخ بە ژینگەو کێشە ژینگەییەکان بدات و زانست و شارەزایی و کارامەیی پێویستی هەبێت، بۆچارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان و هەوڵدان بۆ ڕوونەدانی کێشەی

ژینگەیی تر.ئەمەش بەچەند خاڵێك دێتە دی لەوانە:

- بڵاوکردنەوەی هوشیاری بە فاکتەرە ژینگەییەکان و پەیوەست کردنی بە تەندروستی و سەلامەتی مرۆڤەوە.

- ئامادەکردنی تاك تا بڕیاری دروست بدات لە کاتی ڕووبەڕووبونەوەی کێشە ژینگەییەکان.

- بەدەستهێنانی ڕەفتاری دروست و هوشیارانە لەلایەن تاکەوە، بەرامبەر ژینگەو پاراستنی هاوسەنگیەکانی.

- هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگیەکی بەهێز لە نێوان ڕەگەزە سروشتی و کومەڵایەتی و بایۆلۆژییەکان لە ژینگەدا .

هەنگاوەکانی بەدەستهێنانی ئامانجی پەروەردەو هوشیاری ژینگەیی:

– پەرەپێدانی لایەنی ئیمانی، چونکە ئەم لایەنە جەخت لە سەر پێویستی مامەڵە کردنی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەدا دەکات لە ڕوانگەیەکی ئیمانی پوختەوە، مرۆڤ وا پەروەردە دەکات ڕێز لە ژینگەکەی بگرێت و بەچاکی مامەڵە لەگەڵ پێکهاتەکانیدا بکات.

– پتەوکردنی هەستی ئینتیمای ڕاستەقینە بۆ ژینگە لە ناخی مرۆڤدا، تا هەست بە قوڵی پەیوەندی نێوان خۆی و ژینگەکەی بکات لە زیندەوەران و پێکهاتەکانی.

– بایەخدان بە زانیاری ژینگەیی ڕاست، و کارکردن بۆ بڵاوکردنەوە و گەیاندنی بە هەموو ڕێگاو میکانیزمێکی (پەروەردەیی و فێربوون و ڕاگیاندن و ڕێنماییکردن) ی گونجاو بە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا.

- پەرەپێدانی توانای ژیری تاك و گەشەپێدانی بارودۆخی دەوروبەری.

- ناساندنی کێشە ژینگەییەکان بە خەڵکی و کارکردن بۆ بەدەست خستنی چارەسەری گونجاو، لە میانەی پەروەردەی ژینگەییەوە.

- تەوزیف کردنی پاڵنەرە ناوەکیەکانی تاك وەك حەزکردن بە زانین، بە مەبەستی تێگەیشتن لە ژینگەی دەوروبەری بەشێوەیەکی ڕون و ئاشکرا، و کارکردن بۆ گەشەپێدان و پاراستنی ژینگە لە ئێستاو ئایندەدا .

- پارمەتیدانی تاك بۆ تێگەیشتن لە پێگەی مرۆڤ لەچوارچێوە ژینگەییەکەیدا و شارەزابوون بە ڕەگەزەکانی پەیوەندی مرۆڤ بە ژینگەوە.

- بەشداری کردن لە چالاکیە ژینگەیەکاندا ( هەڵمەتی خاوێنکردنەوە، نەمام چاندن، بەشداری لە بۆنە ژینگەیەکاندا.... )

- دەرکردنی بڵاوکراوەو ئەنجامدانی کۆڕوسیمینارو وۆرك شۆپ سەبارەت بە کێشە ژینگەییەکان وەك: پیس بوونی ئاو، بەکارهێنانی مێروو قڕکەرەکان، بە بیابان بوون، وشکەساڵی، نەخۆشیەکان، .... هتد

میکانیزمی دروستکردنی هوشیاری ژینگەیی:

– هوشیاری ژینگەیی ڕۆڵی گرنگی هەیە لە پاراستنی ژینگەو دانانی سنوورێك بۆ تێکچوونی، دەکرێت هوشیاری ژینگەیی بڵاوبکرێتەوە لە نێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە میانەی پەروەردەی ژینگەییەوە، بە چەندین میکانیزم لەوانە:

١- خێزان : پەروەردەی خێزان و ڕۆڵی ماڵ گرنگی تایبەتی هەیە لە جێبەجێکردنی کرداری هوشیاری چەمکە ژینگەییەکان.

٢- دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی: ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە ڕونکردنەوەی بیرۆکەو ڕاوبۆچون سەبارەت بەشیکردنەوەی دیاردە ژینگەییەکان لە میانەی هۆکار و دەرەنجام و ئامانج و ڕێگاکانی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە.

٣- ناوەندەکانی خوێندن: ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە میانەی وانە تیۆری و کردارییەکانەوە.

٤- ڕێکخراوە ژینگەییەکان و ڕێکخراوەکانی تری کۆمەڵگای مەدەنی.

کەواتە پێویستە پەروەردەی ژینگەیی هەموو چین و توێژوو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بگرێتەوە، ئەم ئەرکەش تەنها کاری قوتابخانە نییە بەڵکو کاری حکومەت و دەزگا ژینگەییەکان و قوتابخانەو ماڵ و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵەو سەندیکا پیشەیی و زانستیەکانە، پێویستە هەموویان هەریەکەو بەپێی تایبەندی خۆی بەشداری بکات لە پرۆسەی هوشیاری ژینگەییدا، هانی خەڵکی بدەن شێوە ڕەفتارێکی وا ئەنجان بدەن، کە هەست بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە پاراستن و چاککردنی ژینگە لە ژیانیاندا ڕەنگ بداتەوە.

– لە کۆتاییدا دەڵێین: پێویستە لە هەرێمی کوردستاندا بابەتی (پەروەردەی ژینگەیی) لە هەموو ئاستەکانی خوێندندا لە قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەییدا بخوێنرێت و مامۆستای پسپۆڕو شارەزای بۆ ئامادە بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی پەروەردە ڕێو شوێنی پێویست بگرێتە بەرو کۆنفرانسێکی تایبەت بەم مەبەستە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی تردا سازبکات.

هەروەها ڕۆژنامەو گۆڤارو کەناڵە نێوخۆیی و ئاسمانییە حیزبی و حکومی و سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستاندا لە ڕوانگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، بەردەوام بەرنامەو ڕیپۆرتاژوو بابەتی ژینگەیان هەبێت و بە بەشێك لەئەرکو پەیامی خۆیانی بزانن.

سەرچاوەکان:

– مقاله: التربیه البیئیه والوعی البیئی ، أسامه محمد بانده

– مقاله: التربیه البیئیه البیئیه واهمیتها فی حل قچایا البیئیه ، اسلام جمال الدین سعید

# پایەی حەیاو شەرم لەژیانی مسوڵماندا

ئا: یاسین ئەحمەد زەنگەنە بەشی یەکەم

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

پێشەکی:

الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على رسوله الأمين وعلى آله وأصحابه أجمعين.

مەبەست لە دروست بوون و هێنانەدی مرۆڤ پەرستنی خوای گەورەیە، بە پەرستنێکی تەواو هەروەك چۆن لە قورئان و فەرمودەدا هاتووە، پەروەردگاری کاربەجێش لەم بارەیەوە فەرمویەتی: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ٥٦﴾ الذاريات: ٥٦.

- لەپەیام و شەریعەتی خوادا پەرستنەکان و ڕەوشتەکان یەك ڕستەن، ڕەوشت پەیوەندیەکی توند و بەهێزی هەیە بە ڕێبازو بیروباوەڕی ئیسلامەوە، ناونیشانی پابەندبونە بە عەقیدەو بەڵگەی گەردنگیرییە بە ڕێباز و بەهاکانەوە. بە تێفکرین و وردبونەوە لە قورئان و فەرمودە، دەبینین لە سایەی سێبەری ئیسلامدا هەموو حاڵەت و بارێکی مسوڵمان ڕێکخراوە، لە نێویاندا ڕەوشتەکان. لە گەورەیی و گشتگیری ئەم ئاینە پیرۆزە ئەوەیە کە ئاینی ڕەوشتە بەرزەکان و سروشتە جوان و بەسودەکانە. ڕەوشت لایەنێکی کرداری خواپەرستیەو ڕەنگدانەوەی ئاین و بیروباوەڕە لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆڤدا. خەڵکی بە تەنها ناڕواننە خواپەرستی و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خوای گەورە، بەڵکو ئەوەی بەلای خەڵکیەوە گرنگ و خوازراوە، ئەوەیە ئەو کەسەی پابەندە بە خواپەرستی و عیبادەتەوە چەندە ڕەوشت و ئاکاری هاوسەنگە و لەگەڵ دینداریەکەیدا یەکدەگرێتەوە.

- خواپەرستی زیاتر پەیوەندی نێوان بەندەیە بە خوای گەورەوە، ڕەوشتیش زیاتر پەیوەندیە لە نێوان بەندەو خەڵکانی تردا.

- خواپەرستی راستەقینە بەربەستێکی قایمە بەرامبەر بە داڕوخانی ڕەوشت و بەهاکان. چونکە ڕەوشت و بەهاکان هەرچەندە ڕەگ و ڕیشەیان لە نێوکۆمەڵگادا قایم و تۆکمە بێت، هەر توشی دەسکاری و گۆڕین و لادان دەبێت، گەر وابەستە نەبێت بە عەقیدەو ڕێبازو بیروباوەڕێکی خواییەوە.

- ئەوانەی دەیانەوێ لە دەرەوەی بازنەی ئایین ڕەوشت و بەهاکان بپارێزن، لە خۆ فریودان و خەڵك فریودان بەولاوە هیچی تر نادورنەوە، مێژووی کۆن و نوێ گەواهی بۆ ئەم ڕاستیە دەدەن.

- چاکبونی ژیانی تاك و دامەزراوی سیستمی کۆمەڵگا دانامەزرێت، گەر لەسەر ڕێنماییەکانی شەریعەتی خوا نەبێت، لە نێویاندا مامەڵە کردن لەگەڵ خەڵکیدا بەڕەوشتی جوان و بەرزەوە لە هەموو بوارەکاندا.

هەرکات تاکەکانی کۆمەڵ هەستیان بە ئەرکی سەرشانیان کرد و بەدڵنیاییەوە جێبەجێیان کرد، ئەوکات کاروبارەکان دامەزراو دەبن و بەهاکان جێگیر دەبن و شارستانی بنیات دەنرێت.

لە نێو ڕەوشت و بە ها بەرزەکاندا حەیاو شەرم بە پێوەرێکی بەرزی ڕەوشتی جوان دادەنرێت. هەروەك دایکی ئیماندارن عائیشە (خوای لێ ڕازیبێت) فەرموویەتی: (رأس مكارم الأخلاق الحياء)[1] پابەندبوون پێوەی خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکات لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵ.

١ بروانة الحياء في حياة المسلم لاثةرة ٢

- گەر باسکردنی حەیاو شەرم وەك پایەیەکی بەرزی ڕەوشت جوانی پاساوی خۆی هەبێت، ئەوا لەم بارودۆخ و سەردەمەدا کە ڕەوشت و بەها ئیسلامیەکان کاڵبونەوەیەکی زۆری پێوەدیارەو لە ژێرکاریگەری و فشاری جۆراوجۆردا. ئەوا ئەمڕۆ لە جاران زیاتر پێویستیمان بەم ڕەوشتە هەیە چونکە ڕەوشتێکە کاریگەرێتی هەیە لە سەرئاستی تاك و خێزان و کۆمەڵگا و نەتەوە، ڕەوشتێکە لەم سەردەم و قۆناغەدا تا ڕادەیەك نامۆ بۆتەوە. کاتێك ئەم ڕەوشتە لە نێوماندا ونبوو ئەوا کۆمەڵگا خراپ دەبێت و شیرازە تێك دەچێت. شەم و حەیا ڕەوشتێکە هەرچەند پێوەی پابەند بین ئەوکات کۆمەڵگا خاوێن و پاك و بێگەردتر دەبێت، هەرچەند لێی دورکەوینەوە کێشەو گرفت لەکۆمەڵگادا زیاد دەکات و بەرەو کەناری فەوتان و تیاچون دەڕوات.

- لە میانەی ئەم باسە گرنگ و هەستیارەدا بە پشتیوانی خوای گەورە لە ڕوانگەی قورئان و فەرمودەو ژیاننامەی پێغەمبەر e و هاوەڵانی و زانایانی پێشین و واقیعی کۆمەڵگا، بەکورتی لەم بابەتە دەدوێین لە چەند بەشێکدا بەشێوەیەکی زانستیانەو بابەتیانە. مەبەستمان ڕەزامەندی پەروەردگارەو بەخۆداچونەوەو بەرچاوڕوونی بەمەبەستی زیاتر پابەندبونی گەلەکەمان بەخوڕەوشتی جوانی ئیسلامی بەگشتی و لە نێویاندا پابەندبوون بە حەیاو شەرمەوە.

سبحانك اللهم وبحمدك اشهد ان لااله الا انت اسغفرك واتوب اليك.

## بەشی یەکەم

پایەی شەرم لە شەریعەتی ئیسلامدا

شەرم ڕەوشتێکی گەورە و شکۆیە و پایەیەکی بەرزی هەیە لە شەریعەتی ئیسلامدا و ئیسلام فەرمانی پێکردوەو سەلماندوێتی و هانی داوە.

پێغەمبەری ئازیزیش (e) فەرمویەتی (ان لكل دين خلقا وخلق الاسلام الحياء)٢ بەواتای هەموو ئاینێك ڕەوشتی خۆی هەیەو ڕەوشتی ئیسلامیش شەرم وحەیایە. پێغەمبەری ئازیزیش(e) بە ڕەوشت بەرزی وەسف کراوە هەروەك خوای گەورە فەرمویەتی ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴿٤﴾ ﴾ القلم: ٤.

پێغەمبەری پێشەوامان(e) مامۆستا و ڕابەرمانە و فەرمانمان پێکراوە کە شوێن کەوتەی ڕێبازو پەیام و ڕێڕەو و سیرەتی بین، چونکە خاوەنی بەرزترین ڕێبازی حەیاو شەرمە، ئەوەتا ابو سعيد الخدری_ خوای لێ ڕازیبێت دەفەرموێت (كان النبي (e): اشد حياء من العذراء في خدرها، فاذا راى شيئا يكرهه عرفناه في وجهه)٣.

بەواتای پێغەمبەری ئازیز (e) زۆر بەشەرم و حەیاتر بووە لە کچە عازەبی ماڵەوە، گەر شتێکی بدیبایەو حەزی پێنەکردایە بە دەم و چاویەوە دەمانزانی و بە سیمایەوە دیاربوو.

ئەمەو بە هۆی پایەبەرزی و شکۆیی پێگەی شەرم کردن لە شەریعەتی ئیسلامدا بۆتە هاوتای ئیمان، هەروەك پێغەمبەر (e) فەرمویەتی ((الحياء والايمان قرنا جميعا، فاذا رفع احدهما رفع الاخر))٤

بەواتای شەرم و باوەڕ هەردوو وابەستەن پێکەوە، گەر یەکێکیان هەڵگیراو نەما ئەوی تریشیان نامێنێت.

پێغەمبەریش (e) حەیا و شەرمی بە بەشێك لە ئیمان داناوە و بە بێ وی ئیمان کامڵ و تەواو نابێت، هەربۆیە فەرمویەتی ((الحياء من الايمان، و الايمان في الجنة، و البذاء من الجفاء و الجفاء في النار)). ٥

بەواتای شەرم لە باوەڕدایە، باوەڕیش لە بەهەشتدایە، دەم درێژی و زمان پیسی لە توڕەیی و دڵ ڕەقیدایە، دڵ ڕەقیش لە دۆزەخدایە .

هەروەها فەرمویەتی ((ماكان الفحش في شيئ قط الا شانه، وما كان الحياء في شيئ قط إلا زانه))٦.

بەواتای کارو وتەی ناشیرین و نایەجێ لەهەر شتێکدا بێت دەبێتە مایەی ناوزڕان و سوك و ڕسوایی، شەرمیش لە هەر شتێکدا بێت جوانی دەکاو دەیرازێنێتەوە .

شەرم هەرچەندە لە غەریزەو سروشت و ماکی مرۆڤدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕەوشت ونەریتی ئیمانداییە. پێغەمبەری خواش فەرمویەتی ((الإيمان بضع وسبعون شعبة والحياء شعبة من الايمان)) ٧.

بەواتای باوەڕ حەفتاو هەندێك بەشە، شەرمیش بەشێکە لە باوەڕ .

نهێنی بونی حەیا لە ئیماندا بەندە بەوەی هەردوکیان بانگەشەن بۆ خێروچاکە و، خۆپارێزی و دورکەوتنەوە لە شەڕو خراپە. ئیمان هانی بڕواداران دەدات بۆ کاری چاکەو دورکەوتنەوە لە تاوان و گوناهو خراپە. شەرمیش خاوەنەکەی دەپارێزێت لە بەزایەدانی مافی خواو کەمتەرخەمی لە سوپاس گوزاری پەروەردگار، دەیپارێزێت لەکردارو گوفتاری خراپ، هەروەها دەیپارێزێت لە سەرزەنشت و گلەیی و گازندەی خەڵکی.

ابن عبدالبر لە حەزرەتی سولەیمانەوە سڵاوی خوای لێبێت

٢ رواة ابن ماجة كتاب الزهد باب الحياء برقم ٤١٨٢ص ٧٤٠.
٣ متفق عليه رواه البخاري كتاب الادب باب الحياء برقم ٦١١٩ /٣ ومسلم برقم ٢٣٢٠ ص ١٠٧٨ كتاب الفضائل باب كثرة حيائه صلى الله عليه وسلم
٤ رواه الحاكم ١/٢٢ نقلاً عن نضرة النعيم ص١٨٠٦
٥ رواة ابن ماجة برقم ٤١٨٤ ص ٧٤٠ كتاب الزهد باب الحياء
٦ رواه الترمذي، ١٩٨١، ص٥٨٣، كتاب البر والصلة، باب ما جاء في الفحش والتفحش. وابن ماجة، كتاب الزهد، باب الحياء، ٤١٨٥، ص٧٤١
٧ رواة مسلم كتاب الايمان باب عدد شعب الايمان وافضلها وادناها وفضيلة الحياء وكونه من الايمان ص ٧٨

دەگێڕێتەوە ((الحیاء نظام الایمان فاذا انحل النظام ذهب ما فیه)) ٨.

شەرم پەیڕەوو سیستەمی ئیمانە گەر سیستەمەکە ترازاو نەما ئەوەشی تێیدایە بەزایەدەچێت و نامێنێ.

شەرم بەبەشێك لە ئیمان دانراوە، لە بەرئەوەی ئیمان دابەش دەبێت بۆ بەجێهێنانی فەرمانەکانی خودا و وازهێنان و دورکەوتنەوە لەو شتانەی خوا قەدەغەی کردون، گەر دورکەوتنەوە و وازهێنان لە قەدەغەکراوەکان هاتەدی بە هۆی شەرمەوە واتە بەشێك لە ئیمان هاتۆتە دی.

بە واتایەکی تر شەرم خاوەنەکەی دەپارێزێت لە ئەنجامدانی حەرام و قەدەغە کراوەکان کردار بن یان گوفتار، هەروەها ئیمانیش هەمان ڕۆڵ دەبینێت و تەواوکەری یەکترن. هەربۆیە شەرم کردن خێروچاکەیە و هەرئەوەشی لێ فەراهەم دێت و مادەو هەوێنی خێرە و بەلکوهەموو خێرێکە. ئەوەتا پێغەمبەری ئیسلام (e) فەرمویەتی ((الحیاء لا یاتي الا بخیر))٩.

هەروەها فەرمویەتی (الحیاء خیر کله) قال الراوي او قال (الحیاء کله خیر)١٠.

ئیمامی نەوەوی (رەحمەتی خوای لێبێت) لەم بارەوە فەرمویەتی شەرم هەمووی خێرەو تەنها خێری لێدێتە دی، لای هەندێك بۆتە مایەی ئالۆزی، لە میانەی ئەوەی کەسەکە خاوەن شەرمەو شەرم دەکات لە گەیاندنی حەق، ئەمەش وا دەکات فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە نەکات، یان شەرمنیەکەی دەبێتە مایەی فەوتانی هەندێك لە مافەکانی. بەڵام زانایان لەم بارەیەوە فەرمویانە

ئەمانە شەرمی راستەقینە نین بەڵکو لاوازی و سستیە، بە پێی دابونەریتی خەڵك پێی دەوترێت شەرم. حەقیقەتی شەرم و حەیا رەوشتگەلێکە هانی مرۆڤ دەدات بۆ وازهێنان لە شتە خراپ و ناشیرینەکان و رێگری دەکات لە کەمتەرخەمی لە مافی خاوەن مافەکان و... هتد.

شەرم رەوشتێکی بەرزەو مرۆڤ دەپارێزێت لە رەفتاری نەوی و نەشیاو و ناوبانگی خراپ و وتەی ناشیرین و هەرشتێك کە نەشێت لەگەڵ سیماو سروشتی دروستدا، هەروەها بەرگری لەبەزایە دانی مافی خاوەن ماف دەکات.

سەبارەت بەوەی شەرم و حەیا بنچینەو بنەمای هەموو خێر و چاکەیەکە، ئیمامی ابن القیم ( رەحمەتی خوای لێبێت ) لەم بارەیەوە دەلێت : رەوشتی شەرم و حەیا لە چاکترین و مەزنترین و شکۆترین وبەسودترینی رەوشتەکانە، بەڵکو لە تایبەتمەندیتی مرۆڤەکانەو پێی دەناسرێتەوە، هەرکەس شەرم و حەیای تێدا نەبوو ئەوا لە مرۆڤایەتی دا جگە لە گۆشت و خوێن و روکەشی دەرەوەی، هیچی تری تێدا نییە، هەروەها هیچ جۆرە خێرو چاکەیەکیشی لەباردا نیە، وەئەگەر ئەم رەوشتە نەبوایە ئەوا رێزی میوان نەدەگیراو، پەیمان و بەڵێنەکان جێبەجی نەدەکران و، ئەمانەتەکان نەدەگەڕانەوە بۆ خاوەنەکانیان، پێداویستی کەس جێبەجێ نەدەکرا . پیاو نەدەگەڕا بۆ شتی جوان تا شوێن کەوتەی بێت وەشتی خراپ تا لێی دورکەوێتەوە، داوێنی دانەدەپۆشی، دوور نەدەکەوتەوە لەکاری خراپ و نابەجێ . زۆرێك لە خەڵکی گەر ئەو شەرم و حەیایەی تیایاندایە نەبوایە، ئەوا ئەو شتانەی کە فەرز کرابوو لە سەریان

جێبەجێیان نەدەکرد، رەچاوی مافی خەڵکیان نەدەکرد، سیلەی رەحمیان بەجێ نەدەهێنا، لەگەڵ باوکیاندا چاك نەدەبوون . هاندەرو پاڵنەری ئەم جۆرە کاروکردەوانە، یان هاندەرێکی ئاینین کە بریتیە لە هیوای بەدەست هێنانی ئاییندەیەکی باش و ستایش کراو، وەیان هاندەرێکی دنیایی گەورەو باڵایە، کەبریتی یە لەشەرم و حەیای خاوەنەکەی لە خەڵکی. بێگومان رون بۆتەوە گەر شەرم و حەیا نەبێت لە خوا یان لەخەڵکی ئەوا کەس ئەو کارە چاکانەیان جێبەجێ نەدەکرد.١١

شەرم دەشێت لە نێوان بەندەو خوای گەورەدا بێت، بەندە شەرم بکات خوای گەورە بیبینێت لە کارێکدا کە نەهی لێکردووە، ئەم جۆرە حەیایە لەم فەرمودەیەدا بە جوانی رون دەبێتەوە ((استحیوا من الله حق الحیاء. قال: قلنا: انا یانبي الله لنستحیي و الحمد لله، قال: لیس ذاك ولکن الاستحیاء من الله حق الحیاء ان تحفظ الراس، وما وعی، وتحفظ البطن وما حوی، وتتذکر الموت و البلی، ومن اراد الاخرة ترك زینة الدنیا، فمن فعل ذلك فقد استحیا من الله حق الحیاء))١٢.

ئەم فەرمودەیە نیشانەکانی شەرم کردن لە خوای گەورەی رون کردۆتەوە، کە بریتی یە لە پاراستنی ئەندامەکانی لاشە لە گوناهو تاوان، بیرکردنەوە لە مردن و وابەستە نەبوون بە دنیاوە، بە شێوەیەك حەزو ئارەزووی دونیا سەرقاڵت نەکات و دورت نەخاتەوە لە ژیانی دوارۆژ، لە لاپەڕەکانی تردا زیاتر لەسەرئەم فەرمودەیە دەدوێین.

پێغەمبەری خوا (e) فەرمویەتی (اللهم لا یدرکنی زمان، ولا تدرکوا زمانا لا یتبع فیه العلیم، ولا یستحي فیه من

---

٨ بروانة الحیاء في حیاة المسلم لاثةرة ١١

٩ رواه البخاری ٦١١٧ ص ١٥١٩ کتاب الادب باب الحیاء و مسلم ١٥٥ /٣٧/ ٦٠ ص ٧٩ کتاب الایمان باب بیان عدد شعب الایمان وافضلها وادناها وفضیلة الحیاء و کونه من الایمان

١٠ رواة مسلم کتاب الایمان سةرضاوةی ثيشوو لاثةرة ٧٩

١١ بروانة نضرة النعیم لاثةرة ١٨٠٢

١٢ رواه الترمذي ٢٤٦٦ لاثةرة ٧١٠/٧١١

الحليم، قلوبهم قلوب الاعاجم، والسنتهم السنة العرب)) ١٣.

بـــەواتـــای خـــوایـــە ســـەردەمـــێـــك نەبینم و ئێوەش نەیبینن كە خەڵكی شوێنی زانایان ناكەون و كەس شەرم لە دڵنەرمەكان نـاكـات، دڵەكـان دڵی بێگانەیەو زمانەكان زمانی عەرەب .

هـــەروەهـــا پــێــغــەمــبــەری ئـــازیـــز e پیاوێك داوای راسـپـاردەو ئامۆژگاری لێكردوئەوێش پێی فەرموو (استح الله، كما تستحي رجلا صالحا من قومك) ١٤

بەواتای شەرم لە خوا بكە هەروەك چۆن شەرم لە پیاوچاكێكی گەلەكەت دەكەیت.

زانـایـان فـەرمـویـانـە شـەرم كـردن بەندە بە ژیانەوە و بە پێی ژیانی دڵ و دەرون رەوشتی شەرمنی هێزو تواناو بونی هەیە، كەمی شـەرم لە مردنی دڵ و گیاندایە، یەكەمین پایەی شەرم، شەرم كردنە لە خوای گەورە، ئەمەش بەوە دێتە دی، نەتبینێت بە شێوەیەك كە نەهی لێكردوە ئەمەش بە ناسین و چاودێری خـوای گـەورە دێتە دی، هەر بەو مانایە دێت كە لە فەرمودەی پێغەمبەر e، نـاسـراو بـە فـەرمـودەی جبریل، هاتووە كە پرسیاری لێدەكات سەبارەت بە (الاحسان) ئەویش فەرموی (الاحسان: ان تعبد الله كانك تراة فان لم تكن تراة فانة يراك) ١٥.

بـــە واتـــای وا خـــواپـــەرســـتـــی بكە هـەروەك چۆن خوا دەبینیت، گەر تۆ خوا نەبینیت ئەوا خوا تۆ دەبینێت. ئەم جۆرە شەرم كردنە بەرزترین نەریت و ئاكاری بڕوایەو شكۆترین پلەكانی ئیحسانە.

شـــەرم كـــردن وابـــەســـتـــەی بـــەنـــدەی ئـیـمـانـدارەو لـێـی جیانابێتەوە، وەك سێبەر وایە بۆ خاوەنەكەی، لە بەرئەوەی شـەرم كـردن بـە شێكە لـە عەقیدەو بیروباوەڕی مسوڵمان. پێغەمبەری خوا e لەم بارەیەوە فەرمویەتی (الحياء من الايمان) ١٦.

هەروەها فەرمویەتی (ان مما ادرك الناس من كلام النبوة الاولـى: اذا لم تستح فاصنع ما شئت) ١٧.

ئەم فەرمودەیە لە شێوەی فەرماندا هاتووە، بـەڵام ماناكەی سەرزەنشت و هەڕەشەكردنە، ئەم فەرمودەیە چەند راڤەیەك لەخۆ دەگرێت لەوانە راڤەیەكی بەناوبانگە كە دەڵێت: ئەگەر شەرم لە نەنگی ناكەیت و لە ئابڕوچون ناترسیت، ئەوەی دەرونت پێت دەڵێت و فەرمانت پێدەكات ئەنجامی بـدە، جا كارەكە چاكە یان خراپە، فەرمودەكە ئەوەمان بۆ روون دەكاتەوە ئەوەی مرۆڤ دوور دەخاتەوە لە خراپە تەنها شەرم كردنە، ئـەگـەر شـەرم نـەبـوو دەرونـــی خۆی فەرمانی پێدەكات و گیرۆدەی دەكات بۆ ئەنجامدانی گومرایی و خراپە كردن .

لەكۆتایی ئەم بەشەدا بۆ رازانەوەی باسەكەمان، بەپێویستی دەزانین ئاماژە بە سەرگوزشتەیەكی مێژوویی بدەین:

دەڵێن پیاوێك هاتە لای ئیبراهیمی كوڕی ئەدهەم (رەحمەتی خوای لێبێت) وتی: ئەی ئیمام، دەمەوێت تۆبە بكەم و واز لە گوناهو تاوان بهێنم، بەڵام بۆم ناكرێت و دووبارە دەگەڕێمەوە سەری، شتانێكم نیشان بدە بمپارێزێت و چیتر لەخوا یاخی نەبم و تـاوان و گوناه ئەنجام نەدەم.

ئیبراهیم پێی وت: ئەگەر ویستت لـەخـوا یاخی بیت ئـەوا یاخی مەبە لەسەر زەمینەكەیدا؟ پیاوەكە وتی: ئەی لەكوێ یاخی بم؟! ئەویش پێی وت: لە دەرەوەی موڵك و زەمینی خـوادا! پیاوەكە وتی: چۆن دەبێت ئەی ئیمام؟! زەوی هەموو موڵكی خوایە! ئیبراهیم پێی وت: ئایا شـەرم ناكەیت، دەڵێی زەوی هەموو موڵكی خـوایـەو لەسەر زەوی خوادا تاوان و گوناه دەكەیت؟

هەروەها بە پیاوەكەی وت: ئەگەر ویستت یاخی بیت و تـاوان بكەیت، ئەوا رزق و رۆزی خوا مەخۆ! پیاوەكە وتی: ئەی چۆن بژیم؟ ئەویش پێی وت: ئایا شەرم ناتگرێت، رزق و رۆزی خوا دەخۆیت و دواتر لێی یاخی دەبیت؟!

ئینجا پێی وت: گەر وازت نەهێناو هەر ویستت یاخی بیت، لە شوێنێكدا لێی یاخی بە كە نەتبینێت! پیاوەكە وتـی: ئـەوە چـۆن دەبـێـت، لـە هـەر كوێیەك بین خوای گەورە لەگەڵماندایە ؟! ئەویش پێی وت: ئایا شەرم ناكەیت خوات لەگەڵدایەو لێشت نزیكە، كەچی هەر یاخی دەبیت؟

ئینجا پێی وت: گەر وازت نەهێناو هەر یاخی بوویت، ئەوكات گەر فریشتەی گیانكێشان هات بۆ گیانكێشانت، پێی بڵێ مۆڵەتم بدە تا تۆبە دەكەم! پیاوەكە وتی: كێ دەتوانێ ئەوە بكات؟! ئەویش وتی: ئایا شەرم ناكەیت فریشتەی گیان كێشان بێت و گیانت بكێشێت، تۆش لەنێو تاوان و یاخیبووندا بیت؟!

دواتر پێی وت: گەر وازت نەهێناو هەر ویستت یاخی بیت و گوناه بكەیت، ئـەوا گـەر كـارگـوزاری دۆزەخ هاتن و پەلكێشیان كردیت بۆ نێو ئاگر، پێیان بڵێ: لەگەڵتاندا نایەم. پیاوەكە وتی: ئەوە چۆن دەبێت ئەی ئیمام؟! ئیبراهیم پێی وت: ئایا شەرم لەخوا ناكەیت، دوای رونكردنەوەی هەموو ئەم راستیانە. ١٨

---

١٣ رواه الإمام احمد، نقلا عن الحياء في حياة المسلم ص١٢

١٤ اداب الصحبة ١/٥٠ برقم ٢٥. سەرضاوەی ثیشوو لاثەرە ١٣

١٥ متفق علية البخارى ٥٠-١ ص ٨٣-٨٤ كتاب الايمان باب سوال جبريل النبي صلى الله عليه وسلم من الايمان و الاسلام والاحسان و علم الساعة وبيان النبي صلى الله عليه وسلم له و مسلم ٩٣-١/٨ ص ٦٣ كتاب الايمان باب بيان الايمان والاسلام و الاحسان....

١٦ رواة البخارى ٢٤-١ ص ٧٦ كتاب الايمان باب الحياء من الايمان

١٧ رواه البخاري ٦١٢٠ /١ ص ١٥١٩ كتاب الادب باب اذا لم تستح فاصنع ما شئت وابن ماجة كتاب الزهد باب الحياء برقم ٤١٨٣ ص ٧٤٠

١٨ أخلاق المؤمن، لاثەرە ١٨٧-١٨٨

سەرنووسەر

# ئاراستەكردنی خەرجیەكان

ئەمڕۆ هەرێمی كوردستان بەقەیران و تەنگەژەیەكی ئابوری ئاڵۆزدا گوزەر دەكات، هاوڵاتیان بەگشتیو موچەخۆرانو هەژاران لە ژیان و گوزەرانێكی ئەستەمو گراندا دەژین. ئەمەش دەخوازێت خێزانەكان پێداچوونەوە بەخەرجیو بەكارهێنانەكانیاندا بكەن.

- بارودۆخەكە دەخوازێت بەكارهێنان ئاراستە بكرێت پێداویستیەكان ریزبەند بكرێتو زێدەڕۆیی نەكرێت لەو بوارانەی ناچنە نێو خانەی زەرورياتەوە.

- ئاراستەكردنی بەكارهێنان بە مانای رەزیلی و چروكی نایەت بەڵكو بەمانای میانەیی دێت هەروەك پەروەردگاری كاربەجێ فەرمویەتی (و كلوا واشربوا ولاتسرفوا انه لايحب المسرفين).

- ئاراستەكردنی بەكارهێنان سیماو سونەتێكی ئیسلامیەو لە هەموو بوارەكادنی ژیاندا، لە خواردن و خواردنەوەو جلوبەرگ و كەرەستەو پێداویستیەكاندا، ئاراستەكردنی بەكارهێنان دەخوازێت تا دەتوانیت خۆت لە قەرزكردن بپارێزیت، لەم بارەوە وتەی بەپێزو بەنرخی زۆرمان هەیە وەك: (الدين شين الدين) واتە قەرزكردن زیان بە ئاین و بڕوای مرۆڤ دەگەیەنێت، (الدين هم بالليل و مزله فی النهار) واتە قەرزاری خەم و پەژارەی شەوانەو زەلیلی رۆژانە.

- جا پێویستە خێزانەكان بودجەكانیان رێكبخەنەوە بە تایبەت لەم بارودۆخە ناسكەدا بەپێی داهاتو بارودۆخەكە هەڵسوكەوت بكەن و ئەندامەكانی خێزانیان هوشار بكەنەوە ڕایان بهێنن لەسەر ئەم بارودۆخە نائاساییە، تا توشی كێشەو گرفتی زیاتر نەبن.

- ئاراستەكردنی بەكارهێنان ئامانجو سودی خۆی هەیە لەوانە جۆرێكە لە پەروەردەی دەرونی و رەوشتی چونكە رەوشتی مسوڵمان وانیە زێدەڕۆیی لە خواردن و خواردنەوەو پێداویستیەكاندا بكات، هەروەها بەشێكە لەپەروەردەی كۆمەڵایەتی و ئابوری و تەندروستی و لاشەیی و سود بەهەموو جومگەكانی ژیان دەگەیەنێت.

- لە كۆتادا دەڵێین: دەبا ئەم دو وتەیە دروشم و بەرنامەمان بێت:

١- (انی لابغچ اهل البيت ينفقون رزق ايام فی يوم واحد). ئەبوبەكری صديق( خوای لێڕازیبێت).

٢- (أوكلما اشتهيتم اشتريتم ؟!!) عومەری كوڕی خەتتاب خوای لێڕازیبێت.